سروە

ئەدەبی - فەرهەنگی

١٣٦٤

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

١١


گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروە - ژمارە ١١ - ساڵی سیهەم - جۆزەردانی ١٣٦٦ - نرخ - ١٥ تمەن



مناجات

زۆری جوانی بە زۆرە ملی
لە دەستمدا بە چل و فلی.
چما نەیکەم ،لەسووچی زل؟
درۆزنی ، پەیمانی شل.
ڕەوەڕفێنی ، چاو بڕکێنە
شوورەیی بکە ،مەیدرکێنە
بە شەو نوستن هەتاکوو ڕۆژ
بە ڕۆژ خافلاّن و گێژ و لۆژ
ئەی خودای خۆم ، خوای هەموانی
سەد جار تۆبە وپەشیمانی.

گوورانم ، مندالّیم ، لاویم
پیاویم ، پیریم ،داکۆماویم
زانستم ، بیرم ، رامانم
دەرو ژوور ، ناحەز و جوانم
کچم ، کورم، زۆرم ، کەمم
شادیم ، خۆشیم ،خەم و تەمم
دەردم ، ساغیم ، ژین ومەرگم
نانم، ئاوم، خانوو و بەرگم
مردنم ، زیندوو بوونەوەم
لێ خۆشبوونم ،سەرسوونەوەم
خودایە هەر لەتۆ ڕایە
دواکەوتنی لە خۆڕایە



هەرکەس وەک خەلّکی نەوسن بێ
بە خواردن و خەو وەک من بێ
ئاکاریشی با زۆر چا بێ
بەڕاستی پیاوی خودا بێ
هەر مامۆستایە وپیاوچاکە
لەوە پتر هیچ بۆ کەس ناکە
ئەی خوا تۆ بی وهەر چوارەکەت
بم خەیە شوێن راسپارەکەت
ئەی خودای خۆم خوای هەموانی
چاکی ، پاکی ،نووری ،جوانی



دیلم بە بەندی تاوانم
سووک و سەر کۆنەی هەموانم
ڕێوی بازی و سووڕاندنم
دین بە دنیا دۆڕاندنم
چەوت و هەلّەی زارو زمان
پێغەمبەری ئاخری زەمان
فرمێسکی روو زەردیم تکا
بە ئیزنی ویم بۆ بکەی تکا
پاداشی تۆش بدا خودا
بە خۆت و گەل دەستەی کەوا
ئەی خودای خۆم خوای هەموانی
لێ خۆشبووی سووچ وتاوانی

مل کەچ لە دەر راوەستاوم
بێ کەس ، بێ تێشوو ، داماوم
هۆی کردەی خۆمە شپرێوم
بە چاوی تەڕ زەردی لێوم
خودایە لێت خەجالّەتم
بەزەییت بێ بە حالّەتم
خالّم سەری لێ سوورماوە
چۆن سەردەرکا لەو گێژاوە
چارەم هەر تۆی مەولای قەدیم
استغفراللّە العظیم

«خالەمین»

نێوەرۆک

مزگێنی

ئەم کتێبانەی خوارەوە بەمزووانە بڵاو دەبنەوە

قامووسی زمانی کوردی

نووسراوی :م.ا. زەبیحی

دیوانی مەحوی

دیوانی محەممەدی مەلاکەریم

خاطرات شیخ رئوف ضیایی

عومەر فارووقی

رێک وپێکی کردووە

ریاض الصالحین

وەرگێراوی :

ئەحمەد حەواری نەسەب

سروە گۆوارێکی فەرهەنگی ئەدەبی یە و مانگانە لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەردەچێ .

ارومیه : خیابان مدنی ـ سەراەخیام‌شمالی ـ انتشارات صلاح‌الدین‌ایوبی صندوق پستی ۷۱۷

رتلفن ۳۵۸۰۰

چون خۆشەویستان ولایەنگرانی سروە لە دەرۆژووری وڵات بە نامەی جوان ورازاوە داوای "فۆرمی ئابوونمان"یان کردووە ، ئەوە چۆنەتی ئابوونمان لە دەرۆژووری وڵات بەو شێوە رادەگەیەنین

نرخی	۱۲	ژمارە بۆنێو خۆی وڵات	۲۰۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ وڵاتە دراوسێکان	۳۸۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ هیند وئوروپا	۴۴۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆئامریکاوخاوەری دوور	۵۰۰	تمەن

ناونیشان : اورمیە ـ صندوق پستی ۷۱۷ ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی ـ تلفن ۳۵۸۰۰.

بۆ ئەم خوێندکارانە کە لە زانستگاکانی دەرەوە دەخوێنن (ئەگەر بەڵگەی خوێندکاری خۆیان بنێرن) هەل و مەرجێک پێک دێنن کە گۆواری سروەیان بەنیوە قیمەت پێ بگا .

بەناوی خوا

سەروتار

وێرای سڵاو :

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سروەی جۆزەردان زۆر بەجێیە بە پێی هەل و مەرجی زەمان لەگەڵ ئێوە بدوێین و بە هاودڵی و هاوفکری یەکدی بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەکەلک ، هەنگاوی پێویست هەڵێنینەوە .

جارێ با لە باسێکی ئەساسی وبنەڕەتی را دەست پێ بکەین . ئێستا زانست و سەرنج دان بە زانست مەبەستێکی گرینگ و حەیاتی یە . رەنگ بوو بەرە بەری کرانەوەی فێرگە و زانستگەکان ئەمباسەمان هێنابا گۆڕێ . بەڵام چون خۆگنخاندن لەم چەشنە مەبەستانە سەڵاح نیە و تا زوو چاری بکرێ درەنگە ، لێرەدا باسی لێدەکەین تاکوو لە فەسڵی وچانی هاویندا یانی بەر لەوە خافڵان بە یەکجاری ببێتە بنەمای بازێری ژیانی پڕ هەست وخرۆشی توێژی بەکاری کۆمەڵ، تەگبیر و رایەکی بنەڕەتی بەیەکەوە بکەین تا مرخ وئیستعدادی بەرزی ئازیزانی خوێندکار بەو پەڕی باشی کەلکی لێ وەربگیرێ و لە بەتڵانی ئەم هێزە گەورە بەرگری بکرێ .

بەراستی جێی خۆیەتی دامەزراندنی ئەو باسە سەرەتای باسێکی هەراو و بەربڵاوی ئەوتۆ بێ کەهەموو خاوەنڕایانی دڵسۆز و بەزە ، بەچەشنێکی هەمە لایەنە شی بکەنەوەوبەشوێن بڵاوبوونەوەی ئەم زنجیرە وتارانەدا شاهیدی هەڵوێستی بەجێ وکارسازی زانایان و خاوەنڕایان بین بەڵکوو بە رێنوێنی ودانی پێشنیار وگەڵاڵەی زانستی رێگەی گەیشتن بە ئامانج کورتتر بکەینەوە .

ئەگەر قەراروابێ وەکی هەموو دەبێ،ئینسان بین ، ئینسانیش بمێنینەوە و بۆ گەیشتن بەئامانجە پیرۆزە- کانی کۆمەڵی بەشەر حەول بدەین ، پێویستیمان بەدوو شتی ئەساسی و بنەڕەتی هەیە . ئەم پێویستی یە هەتا هەتایی یەوبەردەوام نیازمان پێ هەیە ونیازێکە هەست پێکردنی نیشانەی تەیاری وبێداری وتێکۆشانە بۆ رزگاربوون وبەختەوەری. بەڵام هەست پێ نەکردنی نیشانەی تەوەزەلی و لەنێو

فۆرمی ئابوونمان

شمارە

ناو ....شۆرەت ....دانیشتووی ....

.... تمەنم بەحیسابی زمارە ٥٤٠٠ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و فیشەکەم وێرای ئەم بەرگە بۆ ناردن . لەژمارە ....را هەتا ....گۆواری سروەم. بۆ بەرێ بکەن .

ناونیشان ....

....

چوون وگەڕانەوە بەرەوپاش و چارەڕەشی یە. ئەم دوو کەرستەن کە یەکیان بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهانی دەروون وئەویدی بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهانی رواڵەتی دا پێویستە.

بەڵێ ئەم دوو عونسورە زانست و ئیمانن. بێ ئیمان لەخرۆشی شێواوی پڕ شەپۆلی وجوودی خۆیدا سەرگەردان ودەستەوەستانە و بوونەوەرێکی بێ پێناسەو قەت ناگاتە بەستێنی رزگاری.

ئی وا، وا لەنێو خەیاڵ و بیری پڕوپووچدا نوقم بووە کە قەت ڕێ دەرنابا. ئاخر کەسێک ئەتوانی هەبوونی خۆی بە جوانی تاریف بکا، لەکوێ فەلسەفەی "بوون" و "کران" دەناسێ؟ چۆن دەکرێ چاوەڕوانی ئەوەتلێی بێ کە بۆ داڕشتنی پایەوبناغەی ژیان ئەو ژیانەی کە زوڵم و تێڕوهاتن و فەرق وجودایی تێدا نەبێ، هەنگاوێک هەڵێنێتەوە.

ئەگەر ئەمانە بەدەکار کردنی عیلم وزانست بە درێژایی مێژووتوانیبێتیان سووچێکی جیهانی دەروونی خۆیان لە چوارچێوەی زاراوەی فەلسەفی و موعادەلەی ڕواڵەتی و زەینیدا مانا لێدەنەوە (ئەگەر ئەم مانالێدانەوە وبۆچوونەشیان راست بێ!) قەت هانەودنەی پێویستیان نابێ. ئەمانە کۆسپێکی گەورەتریان لەپێشە ئەویش لاڕێی بوون وسەرلێشێواوی یە راست ودروست وپڕبەختەوەری ئادەمیزادە.

بۆیە هەمووحەول ودەولی خاوەنڕای مادی لە دوو سەدەی دواییدا سەرەڕای کەلک وەرگرتن لە فەن و زانستی پێشکەوتووی نوێ لە ڕێبازی ئینسانەتی و بنەگرکردنی سوڵح و سەفا و قەڵاچۆکردنی کوێرەوەری و هەژاری ودەستەکورتی و جیاوازی"نابەجێی"پلەی ژیاندا بێ ئاکام ماوەتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ شاهیدی خراتربوونی بارودۆخی جیهانین و هیچ هیوا و هومێدێکیش نیە کە ئەوبارو دۆخە لەداهاتوودا چاکتر بێ.

ئەم باسە بۆ بێ عیلم و زانستەکانیش بەشێوەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ. گوتمان زانستکەرستەیەکە بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهانی ڕواڵەتیدا، هەرچی لێی بێ بەش بێ لە کەلک وەرگرتن لەپێزوبەرەکەتی جیهان بۆ گەیشتن بەکەماڵ بێ بەهرەیە. ئەوەی لەدنیا زانست و مەعریفەتی نەبێ کوێرە. کوێریش لە دیتنی زۆر شوێنەوار بێ بەشە ولە لێکدانەوەی زۆر رووداو عاجزە. ئەوەی زانست و مەعریفەتی نیە یا لە سەرەڕۆیی و تاریکاندایە یا هەموو دەم مەترسی سەرەڕۆیی و تاریکانی لێدەکرێ.

عیلم وزانست لەجیهانی دەروونیشدا دەورێکی بەر چاوی هەیە. چون ئیمانێکی پێوەندی نزیک و قوولی لەگەل زانست و مەعریفەت هەبێ بەرز وقایمە ولەشکان نایە. یانی هەرچی بیر و بڕوای ئینسان مەعریفەتێکی بەهێزتری تێدا بەدی بکرێ ئیمان بەم بیرو بڕوایە پتەوتر وبەهێزتر دەبێ.

بنۆسی سەرەکی بوونی خوڕافات لەزەیندا، نەزانی و نەخوێندەواری یە.

عیلم و زانست وەک مەشخەڵێک کون و کاژێری تاریک ڕووناک دەکا وجوانی و دزێوی لێک هەڵداوێرێ کاتێک شکی عیلمومەعریفەت ببڕێ مەیدان بۆ هێرش و پەلاماری دەغەڵان دەکرێتەوە کە لە ساکاری و ساویلکەبوونی خەڵک بە خراپ کەلک وەردەگرن وبیری هەڵەی خۆدۆراندن و لەخۆ نامۆبوون لەواندا پێک دێنن.

روانینێک بەسەر مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی،ئابووری

و فەرهەنگی گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا ئەم راستی یە دەسەلمێنێ کە کاتێک نەتەوەیەک ئیمان و عیلمی وێکرا بوو و قەدری زانی دەگاتە ترۆپکی پێشکەوتن و کەمالّ .بەلاّم سەلاّ لەو نەتەوە کە لە فەراموّشی و غەفلەتدایە و رۆژی رەشی ئەو کەلک وەرنەگرتن لەمدوو کەرستەی ئەساسی شارستانەتی یە .

سەدەی نێوەڕاست کە (دەورانی دەسەلاّتداری کلیسا و بە دەغەلّی بە ئیمانەوەلکان و تەریک بوون لە عیلم و زانست و مەعریفەت بوو) و سەدەی حازریشکە (دەورانی دووری ومەوداگرتنی ئینسا- نەکان لە ئیمان و بایەخە بەرزەکانی مەعنەوی‌وروحانی و حاکمەتی پاوان خوازانەی عیلم‌وتێکنۆلۆژی یە) ئەزموونێکی تالّی سەرنج دان بە لایەنێکی دوو عونسوری زانست‌وئیمانن .

لەوبارەدا قسە زۆرە و دەرفەت‌کەمە. ئێمەش مەبەستمان لەو پاسە چوونە نێو باسێکی تەحقیقی و هەموو لایەنە نەبوو،بەلّکوو دەمانەوێ بەم سەرەتایە (هەروەک پێشوو گوتمان) باسی پێویستی یەکانی کۆمەلّی خۆمان بکەین. خوا یاربێ و تۆفیقمان بدا لە ژمارەکانی داهاتوودا بە ناوی " عیلم و زانستی کوردستان سەرنجێکی پتری دەوێ دریژەبەو باسە دەدەین



بسمه‌تعالی سرمقاله

ضمن سلام

اکنون که نشریهٔ خرداد سروه تقدیم شمادوستان شده است‌ضروری بنظر میرسد که بتناسب شرایط زمانی،سخنانی راباشما درمیان گذاشته ،تا باهمدلی وهمفکری یکدیگر برای دستیابی به‌نتایجی سود- مند ومؤثر ،گامهای‌لازم برداشته شود.یکی ازاین سخنان،سوضوع اساسی دانش و لزوم توجه هرچه بیشتر به این امر مهم وحیاتی است شاید مناسب‌تربود که درفصل بازگشایی مدارس ودانشگاهها به‌این بحث می‌پرداختیم اما ازآنجاکه تاءخیر در طرح اینگونه بحثها مصلحت‌نبوده ودرنگ درآن جایزنیست دراین فرصت‌آنرا مطرح میکنیم تا شاید درآستانهٔ آغاز فصل تعطیلات وقبل ازآنکه‌غفلتهای معمول بیکباره معرکه گردان بازار زندگی محرک ترین و پرجوش ترین قشر اجتماع گردد بااتخاذ تدابیری اصولی ، استعداد عظیم‌عزیزان‌دانش‌آموز ودانشجو بنحو مطلوب‌استفاده واز هرزرفتن این نیروی بزرگ ممانعت‌بعمل آورده‌شود .

فی‌الواقع این بعث مدخل وتبصیری دیگر ویا مقدمه‌ای بریک مبحث‌گسترده‌ومفصل است که‌باید ازسوی همهٔ صاحبنظران دلسوز وهمدرد وبطورهمه‌جانبه تبیین وتشریح گردد واین انتظار میرود که‌در پی انتشاراین سلسله بحث ،شاهد عکس‌العملهای مثبت ،سازنده وکارساز صاحبان علم‌وفضیلت باشیم ، تاباارائه طریق پیشنهادات وطرحهای عملی هدف‌راسهل‌الوصول ترسازند اگر قرارباشد همانگونه که وظیفه‌داریم انسان باشیم ، انسان بمانیم وبرای تحقیق اهدافی که‌برای یک جامعهٔ انسانی متصور است تلاش کنیم بدو عنصر اساسی وبنیانی نیازمندیم . نیازی که‌درهیچ حال ووضعی برطرف‌نخواهدشد نیازی که‌احساس آن دلیل بیداری وآمادگی برای فلاح و ونیکبختی وعدم‌احساس آن دلیل قهقرا ،سستی،انحطاط، مردگی وشقاوت‌است‌این دوعنصر دو ابزارند که‌یکی برای تسخیر جهان درون ودیگری برای‌تسخیر جهان بیرون لازم است ، آری این دوعنصر همان علم وایمان هستند .


فاقدایمان درتلاطم‌دریای وجودش متحیر وسرگردان‌وغریقی

بی هویت است وهرگز به ساحل نجات وروشنی وفهم حقایق برین زندگی نخواهد رسید. چنین کس آنچنان در اوهام واندیشه‌های واهی گرفتار است که هرگز راه بجایی نخواهد برد. وراستی، آنکس که در ارائه تعریف درستی از وجود خویش ناتوان است کجا فلسفهٔ "بودن" و "شدن" را درک تواند کرد؟ وچگونه از او انتظار میرود که برای بنای شالودهٔ یک زندگی انسانی که در آن از ستم، تجاوز، تبعیض وتحمیق همنوعان آثاری نباشد، از خود حرکتی نشان دهد؟ اینان اگر با بهره‌گیری از علم ودانش و درطول قرون واعصار توانسته باشند زوایای کوچکی از جهان درونشان را درقالبی از عبارات فلسفی ویا معادلات ذهنی وصوری معنی کنند (اگر این معنی بطور فرضی صحیح هم باشد) هرگز انگیزه وشوق لازم واکید را بدست نمی‌آورند وتازه مشکلی بزرگتر درپیش روی دارند و آن یافتن جهتی صحیح ومتضمن سعادت آدمی است. درست بهمین خاطر است که تمامی تلاشهای صاحبنظران مادی در دوقرن اخیر علیرغم برخورداری از فنون وعلوم مدرن وپیچیده درراه اعتلای انسانیت وبرقراری صلح وصفا ومحو آثار رنج، فقروتنگدستی وتفاوتهای فاحش ونامعقول درسطح زندگی بی نتیجه مانده است وروزبروز شاهد افزایش وخامت اوضاع جهان وکاهش امکان بهبود آن هستیم. این بحث برای فاقد علم ودانش نیز هرچندبگونه‌ای دیگر مطرح است. گفتیم که علم ابزار تسخیر جهان بیرون است که چون از آن بی بهره باشی در استفاده از امکانات جهان آفرینش (در نیل به کمال) بی نصیب فانی - انسان فاقد علم ومعرفت درجهان چون کوری است که از مشاهدهٔ بسیاری از آثار محروم واز تحلیل بسیاری وقایع عاجز است. آنکه وی را از دانش و، بینش بهره‌ای نیست یا درانحراف وضلالت است ویا همواره این خطر با لحظه لحظه‌های زندگیش قرین است. علم ومعرفت حتی درتسخیر جهان درون نیز نقش قابل توجهی ایفا میکند. قطعا" ایمانی محکم وتزلزل ناپذیر است که رابطه‌ای نزدیک وعمیق با علم وآگاهی داشته باشد و بتعبیر دیگر هرچه معتقدات انسان مبنای معرفتی قویتری داشته باشد، ایمان به آن معتقدات خلل ناپذیرتر. میگردد. علت اصلی وجود خرافات را باطل در اذهان، جهل وبی سوادی است. علم ومعرفت چون مشعلی فروزان زوایای تاریک ومبهم را روشن میکند و زشتی وزیبایی را ازهم باز می‌شناساند. وقتی پای علم و معرفت کنار کشیده شود میدان برای تاخت وتاز فریبکاران حیله‌گری باز میشود که از صفا وسادگی افراد سوء استفاده کرده وبا القاء اندیشه‌های انحرافی زمینه‌های خود باختگی واز خود بیگانگی را درآنان فراهم میسازند. بررسی تاریخ سیاسی اجتماعی - اقتصادی وفرهنگی اقوام وملتها مؤید این حقیقت است که هرگاه قومی به دوعنصر ایمان وعلم بطورتوأم ارزش لازم را بخشید به اوج ترقی وکمال رسید وبرعکس دوران سیاه ملتها همان دوران فراموشی وغفلت از هریک از این دوعامل اساسی تمدن است. قرون وسطی (دوران حاکمیت کلیسا وتکیه مزورانه برایمان وطرد علم ودانش ومعرفت) وقرن حاضر (بعنوان دوران دوری وفاصلهٔ انسانها از ایمان وارزش‌های والای معنوی وروحانی وحاکمیت مطلق وانحصاری علم وتکنولوژی) تجربه‌ای سیاه از توجه یک بصری وانحصاری به علم یا ایمان بود سخن دراین باره بسیار است ومجال کم ومانیز قصد ورود به یک بحث تحقیقی وهمه جانبه دراین باره رانداشتیم وما راقصد براینست که با استعانت از این مقدمه چنانکه از پیش ذکر شد، به ضروریات جامعهٔ خودبپردازیم انشاءا... گر توفیق همراهی کند در شماره‌های آتی تحت عنوان، "کردستان وضرورت توجه هرچه بیشتر به علم ودانش" بحث خودرا پی خواهیم گرفت.

خدا نگهدارتان باد

رۆژوو

مامۆستا مەلا خدر عەبدوللاهیان



" کورتە باسێک لەسەر رۆژوو"

الحمدلله الذی فرض علینا الصیام کما فرض علی الذین من قبلنا مانای رۆژوو (لەووشەدا) یانی دووری لەشتێک ، ولەباری شەرعەوە ،یانی دووری لەهەموو خواردن وخواردنەوەیەک دەرۆژێدا .

رۆژوو گرتن لەمانگی رەمەزاند **فەڕزی عەینە** .لەرۆژی دەهەمی مانگی شەعبانی سالّی دووهەمی کۆچی یەوە واجب کراوە .

دەلیلی فەرز بوونی رۆژوو ،سێن:

یەکەم- فەرمایشی خودا : **یا ایها الذین آمنواکتب علیکم الصیام....** ئەی کەسانێکی ئیمانوو بەخودا وپێغمبەران ومەلایکەورۆژی قیامەت هێناوە ، رۆژوولەسەر ئێوە فەرز کراوە .

دووەم- سوننەت : قەولی حەزرەتی رەسوولّی ئەکرەم (د- خ) **بنی الاسلام علی خمس: شهادت ان لا الە الا للە وان محمدا" رسول اللە واقام الصلاە، وایتاء الزکاە، والعج وصوم رمضان** یانی بناغەی ئیسلام لەسەر پێنج شتانە :

١- دەبێ ئینسانی موسولّمان شاهیدی بدا کە بێجگە لەخودا هیچ مەعبوودی دیکە نیە و شاهیدی بدا کەحەزرەتی محمدقاسیدی خودایە .

٢- نوێژ بکا .

٣- زەکات بدا .ئەگەرزەکاتی لێکەوتبێ.

٤- چوون بۆ حەج ،ئەگەر توانای مالّی هەبێ

٥- رۆژووگرتن لەمانگی رەمەزاندا

سێهەم- **ئیجماع**:یانی تەواوی ئۆمەتی حەزرەتی محەممەد (د- خ) هاودەنگن لەسەر فەڕزبوونی رۆژووی مانگی رە**مەزان**، و هیچکامیان لەوبارەوە نەزەری جیاوازیان نیە . وئەگەر کەسێک رۆژووی مانگی رەمەزان ئینکار بکا ، کافرە . لەبەر ئەوەی کە :**کتێب** ، وسون**نەت** ،و **ئیجماع**، یانی هەرسێکیان ئینکار کردوە .

کەوابوو موسولّمان کەسێکەکەباوەڕی بەو

پێنج فەڕزە هەبێ. ئێستاش لەبارەی سبووتی مانگی رەمەزان دەدوێین:

حەزرەتی محەممەد فەرموویەتی

صوموالروئیته وافطرو الروئیته فان غم علیکم فاکملوا عده شعبان ثلاثینی ، رواه البخاری عن ابی هریره :

یانی ئەگەر هەوا ساف بوو بەدیتنی مانگی نوێ لەلایان ئینسانی موسوڵمان وعاقڵ وعەزەب وئازاد وعادڵ رۆژووی بگرە. بەڵام ئەگەر هەوا سافنەبێ یا مانعێکی لەپێش بێ دەبێ سی رۆژەی مانگی شەعبان تەواوبێ پاشان رۆژووی بگری.


ئیمام شافیعی فەرموویەتی:

یثبت شهررمضان باحد امرین الاول روءیه هلاله . اذاکانت السماء خالیته مما یمنع الرویەمن غیم اودخان اوغبار او لخوها الثانی الکمال شعبان ثلاثینی یوما" اذا لمتکن السما " خالیه مماذکره .(مذاهب اربعه ۵۴۸)

یانی مانگی رەمەزان بەیەکێک لەو دوو، ئەمرە سابیت دەبێ:دیتنی مانگی نوێ،یاتەواو بوونی سی رۆژەی مانگی شعبان"

اذا سئل عن ثبوت رویەالهلال بقطرمن الاقطار هل وجب الصوم علی سائرالاقطار اجیب به قول الشافعیه اذا رویەالهلال فی جهەوجب علی اهل الجهەالقریبه منها من کل ناحیه ان یصوموا بناء علی هذالثبوت والقرب یحصل باتحادالمطلع بان یکون بینهما اقل من اربعه وعشرین فرسخا " تعدیدا " اما اهل الجهەالبعیده فلایجیب علیهم الصوم بهذەالرویەلاخیلاف المطلع. (مذاهب اربعەل ۵۵۰)

یانی وەختێک بەهۆی ئینسانێکی موسوڵمان وعاقڵ وعەزەب وئازاد لەجێگایەک مانگی یەک شەوە دیترا ، لەسەر خەڵکی تەواوی جێگاکانی تر کەمەودایان لەوجێگایەی مانگی لێ دیتراوە ۲۴ فرسەخ کەمتربێ (۱۹۲ کیلۆمیتر) رۆژوو واجبە . بەڵام ئەگەر فاسیلەی



بەینی ئەوناحیەی کەمانگی لێ دیتراوە وئەو ناحیەی مانگی لێ نەدیتراوە، ٢٤ فرسەخ، یا زۆرتربێ، بەو مەرجەکە ناحیەیەکی مانگی لێ دیتراوە کەوتبێتە لای خۆرئاوا، حوکمی رۆژوو لەسەر خەڵکی ناحیەیەکی کەوتبێتە لای خۆرهەڵات بەفاسیلەی زیاتر لە (١٩٢) کیلۆمیتر واجب نیە. چونکوو؟(**ئیختیلافی مەتالیع**)لە بەین دایە.

بەڵام بەپێچەوانە، ئەگەر هیلال لەناحیەی خۆرهەڵات دیترابێ، حوکمی رۆژوو لەسەر، دانیشتوانی ناحیەی خۆرئاوا واجب دەبێ.


چون لەبارەی چۆنیەتی سبوتی هیلالمان باس کرد،لازمە لەبارەی: فەلسەفەی رۆژووئەرکانی رۆژوو، ئەرکانی‌رۆژوو، هەل ومەرجی دروست بوونی رۆژوو،هەل ومەرجی واجب بوونی رۆژوو، وئەوانەی روژوویان پێ بەتاڵ دەبێ، باس بکەین.

بەموتالایەکی کەکردوومە بۆم روون بۆتەوە کەرۆژوو مانگی رەمەزان لەهەموو رۆژووکانی کە لەسەر قەومەکانی پێشوو فەرز کراوە گەورەترە. لەبەرئەوەی کە غایاتی مەعقوول لەرۆژووی مانگی رەمەزاندا مەنزوور کراوە، دووەم وەختی رۆژوو گرتن دیاری کراوە، لە گەڵ وەرزەکان دەگۆڕێ. وئینسان لەچۆنیەتی هەژار ودەستکورتەکان لەهەموو وەرزەکاندا ئاگادار دەبێ. رۆژوو هۆی پاک کردنەوەی، نەفسە ولابردنی پێوستی دەستکورتانە،و بارهێنانی خۆی باشی موسوڵمانان.

پێغەمبەردرودی خوای لەسەربێ فەرموویەتی:

لالصائم فرحتان یفرحهما اذا افطرفرح واذا لقی ربەفرح بصومە. یانی: بو ئینسانی رۆژووان بێجگەلە عیبادەت ورۆژووگرتن دوو خۆشحاڵی دیکە هەیە:

یەکیان ئەوەیە کەبۆ بەربانگ کردنەوە، تالوکەی دەکا. ئەوی دیش ئەوەیە کەلەرۆژی قیامەت بەحزوری خواشاد دەبێ. ئەودووخسڵەتە بۆئینسانی غەیری رۆژوان نیە.



لێرەدا دەبێ ئەرکانی رۆژوو بزانین:

هەوەڵ، نیەتی رۆژوو لەشەوێدا بۆهەر رۆژوێک ،رۆژوی منداڵ ئەگەرچی لەسەری نیە بەڵام دروستە.

دووەم، دووری کردن لەخواردن وخواردنەوە وهەڵمژینی دەرمان بەلوتیدا.

ئەوانەی رۆژوویان پێ بەتاڵ دەبێ بەتێکڕایی نێویان دەبەین:

١ـ ئەوشتەی بەئانقەست پچێتە نێوزگ.

٢ـ ئیمالە کردن لەپێش یا پاش.

٣ـ رشانەوە بەئانقەست.

٤ـ جیماعی بەئانقەست لەفەرەج، بەڵام بە سەهو بەتاڵ نابێ.

٥ـ هاتنەدەری "مەنی" بەدەستی خۆی یا کەسێکی دیکە.

٦ـ حەیز.

٧ـ نیفاس.

٨ـ شێتی.

٩ـ کفر کردن.

هەل ومەرجی واجب بوونی رۆژوو چوارن:


١ـ ئیسلام

٢- عەزەب
٣- عاقڵ
٤- ئیتاقە، یانی توانایی ڕۆژووگرتن.

هەل ومەرجی دروست بوونی ڕۆژوو بەمجۆرەیە:

١- ئیسلام ٢- تەمیز ٣- پاک بوونەوەی ژن لەحەیز ونیفاس وزان ٤- وەختی ڕۆژووگرتن بێ. وڕۆژی دردۆنگی نەبێ.

ڕۆژوو لەسەر پیری بێ تاقەت ونەخۆشێکی چارەی نەکرێ واجب نیە. گێڕانەوەشی (قضا) لازم نیە .بەڵام پیر ونەخۆش بۆ خواردنی



هەریەک لەڕۆژووەکانی دەبێ یەک (مد) ١٢٠مسقال لەخواردەمەنی بەفەقیران بدا، وئەگەرتوانای ماڵی نەبێ واجبە ڕۆژووەکان بگرێتەوەوفیدیەی لەسەرنیە.

ڕۆژوو لەسەر ژنی حامیلە وژنێکی کەشیری دەدا بەمنداڵی، وترسی مردنی هەبێ واجب نیە. بەڵام ئەگەر ژنی حامیلە وئەوژنەی شیری دەدا لەخۆفی خۆی ڕۆژووی نەگرێ یا لەخۆفی خۆی ومنداڵەکە نەی گرتبێ قەزا واجبە، نەفیدیە وەئەگەر ئەودووانە تەنیا لەترسی هیلاک بوونی منداڵەکە ڕۆژوو نەگرن فیدیەو قەزایان لەسەر واجبە.

ڕۆژوو بۆشێت وبێهوشکە ئیختیاریان نەبێ واجب نیە ،وقەزاشی لازم نیە. بەڵام ئەگەر بۆخۆی خۆی بێهوش بکا، قەزا واجبە.

ڕۆژوو لەسەر ژنێککە لەحاڵی حەیز و نیفاسدا بێ واجبە، بەڵامگرتنی حەرامە، و دەبێ پاشان بی گرێتەوە.

ڕۆژوو لەسەر موسافیرێککە ڕێگاکەی ١٢٨ کیلۆمیتر بێ وسەفەرەکەی مەباح بێ، ولەسەر نەخۆشێکی هیوای چابوونەوەی هەبێ واجب نیە بەڵام گرتنەوەی واجبە وفیدیەشی نیە.

ئەگەر ڕۆژووی ڕەمەزان بەجیماع بشکێندرێ بێجگەلەتەعزیری هەردووک، دەبێ ئەو. کەفارەیەش بدا:

١- ئازاد کردنی یەک عەبد.

٢- دوومانگ ڕۆژوو بەنیەتی کەفارە بەبێ بڕینەوە. وئەگەر نەتوانێ ڕۆژوکە بگرێ دەبێ تەعامی شێست فەقیران بدا. (بەهەریەک "مد")
بەڵام ئەگەر جیماعەکەی لەهەمان ڕۆژدا دووپات بکاتەوە، کەفارەلازم نیە دووپات بکرێتەوە.

ئەگەر پیاو چوار ژنی هەبێ ودەڕۆژێکدا بچێتەکن هەرچواران، تەنیا یەک کەفارەلازمە.
سێ شت لەڕۆژوودا سوننەتە:

١- پەلەکردن بۆ بەربانگ کردنەوە، بەم مەرجە کە خۆرئاوابوونی لێ یەقین بێ.

٢- هەستانەوە بۆ پارشێو لەئاخری شەوێدا پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێ فەرموویەتی:
"تسحروا فان فی السحور بی کە".

یانی پارشێوێ بکەن،بۆ ئەوەی پارشێو کردن بەرەکەتی هەیە.

٣- دووری کردن لەقسەی خراپ، ئەگەر کەسێک جنێوی پێدان، لەجوابدا سێ جاران دەبێ بڵێی ئەمن بەڕۆژووم، تاکوولەخێری ڕۆژووکەت کەم نەبێتەوە.


" والسلام علی من یخدم الحق لذات الحق"

باسی ئەدەبی

سەید قادر سیادەت

لەو کاتەوە بەشەر توانیویە هەستی دەروون و قسەی دڵی خۆی بە شێوەی قام و گۆرانی لە چوارچێوەی وشەدا بڵێ وویرەویر بکا شیعر پەیدا بووە. چونکە ئەو وشانەی قام وگۆرانی یان پێ گوتراوە شیعر بوون. بەڵام ئەو سەردەمە نەیانزانیوە ناوی لێ بنێن.

مەبەستلەم باسە وەبەرچاوخستنی شێوە جۆربەجۆرەکانی شیعرە لە سەبکەکانی ئەدەبیدا نەک نواندنی لقی ئەدەبی و



هونەری لەو سەبکانەدا. وەکوو شێوەکانی نەسر و نەققاشی و مۆسیقا و میعماری و... بۆیە بە پێویستی دەزانم لە هەوەڵەوە بە گشتی و بەکورتی بە گوێرەی ئەمتاریفانەی لە مێژووی ئەدەبیدا لە سەبک کراوە دەست ـ نیشان بکەم تا باشتر بتوانم شیعری ئەم سەبکانە بناسێنم.

سەبکی رۆمانتیک

ئەم وشەبە مانای خەیاڵ وخەیاڵپەروەری هاتووە

لەم سەبکەدا شاعیر زۆرتر لە خەیاڵ و هەستو بیر و زەینی خۆی کەلک وەردەگرێ، ئازادی بەیانی هەیە و لەو بابەتانە کە رێ ورەسم و ئاکاری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی پێ دەگوترێ خۆ دەبوێرێ و بە لاسایی قارەمانانی رابردوو، مەینەت و دەردی خۆی و کۆمەڵەکەی دەردەبڕێ و لە بەسەرهات و رووداو و کارەساتی ناخۆش و دڵتەزێنی کۆمەڵ سۆژە وەردەگرێ. دەیکاتە شیعر و چیرۆک. **شاتۆبریان ، گۆتە ، مادامدوستاڵ واڵتر لەبەدی** هێنەرانی ئەم سەبکەن.

سەبکی رئالیست

رئالیستیانی وەدوای حەقیقەتکەوتن. دوور لە رێگادان بە خەیاڵ و هەست، بۆ وەبەرچاوخستنی راستی یەکانی ژیان و ناسینی هۆیەکانی ئەوان، کە لەپێک هاتنی شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان شوێنیان داناوە. ئەوانەی زیاتر وەدوو ئەم سەبکە کەوتوون، **بالزاک ، ماکسیم گۆرکی ، تۆلستۆی** و چەند زانا و ئەدیبی دیکەن.

سەبکی کلاسیک

بەپێی باس و تاریفێک کە لە مێژووی ئەدەبیدا لەم سەبکە کراوە، کلاسیک لە زاراوەی ئەدەبیدا روانینێکی تایبەتی بەرامبەر بە تەبیعەت و کۆمەڵ و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی هەیە. یا بەگوتەیەکی دیکە بە ئەدەبیاتێک دەڵێن کە لە ئاسار و ئەدەبی یۆنان و رۆم تەقلید یا پێشوازی کرابێ. چونکە لەو سەردەمەدا کە کلیسای مەسیحی ـ

یەتتا سەدەی سێزدە دەستی بەسەر هەموو ئاسەواری ئابووری ، ئەدەبی ، سیاسی ، کۆمەلایەتی ولاتە مەسیحی یەکان داگرتبوو . بەعزێک لە ئەدیبە ئازا ونەترسەکان کەوتنە فیکری بووژاندنەوەی ئەدەبی کۆنی یۆنان و رۆم کە بەم جۆرە بوومەکتەبی **ئومانیسم** پێک هات . هێندێک لە شوێنەوار و دیاردەکانی ئەم سەبکە بەم جۆرەن :

١- شاعیری کلاسیک تەقلید لە تەبیعەت دەکا و جوانی یەکانی دەکاتە مەوزووع و مەبەستی شیعری خۆی .

٢- شاعیر وەدوای شاعیرەکانی پێشووتر دەکەوێ چونکوو پێی وایە شاعیرانی پێشوو هەست و بیری کۆمەلی خۆیان ناسیوە . ئەمانیش دەیانەوێ بنوێنن کەهەست وبیری کۆمەلی خۆیان دەناسن .

٣- ئەم لاسایی یە بەپێی عەقل ومەنتیق بووە نەک بەوەهم و خەیال .

٤- ئەدەبی کلاسیک دەبێ فێربکا وتەنیا جوانی نەزم و شێوەی شیعریان بەکافی نەزانیوە .

٥- مەبەست لەم سەبکەدا دەبێ رۆشن بێ . دوور لە ئیلهام و خەیال پەروەری .

٦- چەند دیاردەی دیکە کە بە تەواوی ئەم سەبکە لە سەبکەکانی دیکە جیادەکاتەوە

شیعر لەم سەبکەدا بە لەبەرچاوگرتنی هاسان بوون یا گران بوونی نێوەرۆکی شیعر و هەروەها لە روانگەی رێک وپێک کردنی وشەی شیعر و خولقاندنی سنعەتەکانی شیعری وەک **ئیستیعارە** ، **کنایە** و ...چەند شێوەی تایبەتی بە خووە دیوە.وەکوو غەزەل ، قەسیدە ، روباعی ، چوارینە ،موخەممەس و... لە سەبکەکانی خوراسانی ، هیندی عێراقی ، ئازەربایجانی؛خۆیان نواندووە .

هەر یەکە لەم جۆرە شیعرانە بۆجۆرێک مەتلەب و مەبەستی شیعر کەلکی لێ وەردە- گیرێ و تا بلێی کێش و قافیە لەم شێوانەدا مەیدان دارە .

شاعیر لە هەر چەشنە بابەتێک بدوێ دانامێنێ مەگەر دەستەلاتی بەسەر کێش و قافیەدا نەبێ .

لەگەل ناسینی کێش و قافیە بەشێوەیەکی تەبیعی هەست بەوە کراوە کە وشەی شیعر و چۆنەتی لێکدانی وشەکان ولەبەرچاو گرتنی سنعەتی شیعری لە شیعردا پێداویستی بنەرەتی یە و شاعیر ناتوانێ چاوی لێ بپۆشێ .

· چوارچێوەی شیعر لەگەل نێوەرۆکی شیعرە کە دەبێ رێک بکەوێ چونکە ناجۆری یەکیان دەبێتە هۆی لەکەلک کەوتنی ئەوی دیکەش . جا لە ئاکامدا یا شیعرە کە چەوت و هەلە دەبێ یا لە هەموو تایبەتی یەکی ئەدەبی بێ بەهرە دەبێ .

سەبکی نوێ

تا ئەم دوایی یانە کە سەبکی نوێ پەیدا بووە ئالوگۆڕێکی گەورەوگرینگ بەسەر شیعردا نەهاتووە . لە دەورانی جاهیلەتی پێش ئیسلام لە شیعری عەرەبدا هەموو ئەو کێش و برگە عەرووزیانە کەئێستاش کەلکیان لێ وەردەگیرێ بوون تەنیا ئەوەندەیان، فەرق بووە کە عەرووز ناوی بۆ داناون و ئەوان بێ ناو کەلکیان لێ وەرگرتووە .

لەم دوایەدا **نووری شێخ سالح و گۆران** بێ لەبەرچاوگرتنی کێش وقافیەی کلاسیک چەند شیعرێکیان بلاو کردۆتەوە .لەفارسیشدا عەلی ئیسفەندیاری (نیمایوشیج) بەبناغە دانەری شیعری نوێ دەناسن کە چەندشاعیری بەناوبانگی دیکەش وەک **نادر نادرپوور** وەدوای کەوتن. چونکە ئەمجۆرەشیعرگوتنەش کە پێی دەلێن شیعری نوێ نەیتوانیوە بە تەواوی خۆ لەدەست تەنگ و بەربەستی کێش و قافیە رزگار بکا تەنیا سەروگوێی قافیەی شکاندووە بەلام دیسانیش بە شێوەیەک وەزن و قافیە هەر ماوە کە پێموایە دەبێ پێی

بلێن وەزنی نیمایی . لە کوردیدا گۆران پێی دەڵێ شیعری پەنجە یانی وەک پەنجەی قامک یەکیان کورتە و یەک درێژ .

هەرچەند لەم سەبکەدا شیعری باش و بەرز زۆر گوتراوە بەڵام بەو شێوەیە سەر نەکەوتووە .


بۆ شیعر هەر وەکوو نێوەرۆکی جوان و بەکەلک پێویستە وشەی جوان و لەبەر دڵ نزیک و ڕێک خستنی وشەکان بە گوێرەی قانوونی بەدیع وبەیان وسنعەتەکانی شیعری کارێکی بنەڕەتی و بناغەیی یە و شاعیر ناتوانێ خۆی لێ بپارێزی . زەوقی سەلیم ئەمانەی بەجوانی هەستکردووە و هەر ئەمانەن کە لە شیعردا هونەر دەخوڵقێنن و لە ئاکامدا شتێک لە شیعر دەستدەکەوێ کە پێی دەڵێن هونەر .

خاوەنڕایان لە سەبکی کلاسیکدا لایان وایە بەشی زۆری ئەم وردەکارانە لەشیعردا بەهۆی کێش و قافیە وەدەستدەکەوێ وئەگەر شیعر ئەم وردە کارانەی تێدا نەبێ ناتوانی پێی بلێی شیعر .

نێوەرۆکی جوان شیعر جوان دەکا بەڵام بووکی جوان دەبێ جلکی جوانی لەبەر کەی وپێی بڕازێنێوە . جوانی شیعر لە هونەری شیعرەکەیدایە . ڕەنگی سوور و سپی نیە بە باڵای شیعرەکەوە دیارە .

بەپێی تاریفی شیعری نوێ دەبێ گیرۆدەی کێش و قافیە نەبێ و رازاندنەوەی شیعر بە وشەی جوان و لەبارو لەبەر دڵان لەبەرچاو نەگیراوە یا زۆر پێویست نەزانراوە بە پێی ئەم تاریفە وادیارە شیعری نوێ لە زمان و ئەدەبی کوردیدا شتێکی تازە داهاتوو نەبێ بەڵکە گەرانەوەیەکە بۆ هەوەڵ سەردەمی شیعر لە زمانی کوردیدا کە تازە فێربوون گۆرانی بلێن .

جگە لەوەش هەر وەکوو لە فۆلکلۆر و بەیتی کوردی دەردەکەوێ یا لە شیعرەکانی **پیرشالیاری ، هەورامی ، فەقێ تەیران و حەکاری** دەبینرێ شتێکی وەک سەبکی نوێ ئەورۆکە بووە . ئەوەندەی جیاوازی هەیە کە



شیعری نوێش وەک هەموو بابەتی دیکەی ئیمرۆ پڕنێوەرۆکتر و ڕێک کەوتووترە .

لە زەمانی ئێستادا دەبێ هونەر باسی دەردی خۆی و کۆمەڵ بکا ئەویش بەشێوەیەک هەموو کەس لێی حاڵی بێ و کەلکی لێ وەرگرێ. بەڕاستی هێندێک لەو سەبکە کۆنانەی شیعریان پێ گوتراوە لە هیچ سەردەمێکدا ناتوانێ لەخزمەتگەل دابێ . هەر بۆیە شیعری سەمەرە گوتن وەکوو موعەما لە باو کەوتووە و لەنێو چووە . بەڵام ئەم قسە بەو مانا نیە کە شیعر لە هەموو جوانی و سنعەتی شیعر بێ بەهرە بێ. دەبێ چەند نێوەرۆکی شیعر بە کەلکوجوان دەکەی ئەوەندەش قالبی جوان و زەریفی بدەیەی ، دەنا دەبێتە قسە و نەسر ، ئیدی فڕی بەسەر شیعرەوە نامێنێ .

هەڵبەت زۆر مەسەلەی دیکە لە شیعردا هەیە کە تەنیا زەوقی سەلیم هەڵی نابژێرێ بەڵکوو ئاگاداری شاعیری دەوێ کە ئەگەر نەبێ شاعیر ناتوانێ لە هەل و مەرجێکدا شیعر بڵێ .

ئێوەرۆکی جوان وەکوو ئەسپێکی جوانە کە ئەگەر زین و جل وبەرێکی تازە وجوانی لێ بکەی خۆنوێنتر وجوانتر دەبێ هەتا کۆنە قەڵتاخ و زینێکی شڕووری لێ بکرێ وبنێر- ێتە مەیدان .

وەک پێشوو باسمان کرد شیعری نوێ بەو شێوە کە هێندیک لە ڕێرەوانی ئەم سەبکە دەیانەوێ سەرکەوتوو نەبووە . هەڵبەت ئەوان پێیان وایە هۆی ئەم سەرنەکەوتنە ئەوەیە کە **شیعری نوێ ئێستا جێگای خۆی نەکردۆتەوە** یانی هێشنا ڕادەی دەرک و فەهمی کۆمەڵ نەگەیوەتە ئەم ڕادەیە.

- زۆرشوپاندن و ئیستیعارەی دوور لە زەین و جار جار لە ڕوانگەی عیلمی یەوە چەوت و هەڵە لە شیعری نوێدا دەبیندرێ . وەک ئەوە :

سڵاو بۆ تۆ ، سڵاو بۆ تۆ یار
سڵاو بۆ تۆ ، سڵاوی بۆندار


بەکورتی ئەگەر تاریفی شیعری نوێ یا برگەیی بەم شێوەیە بکرێ دەکەوێتە سەر ڕێبازێکی ڕاستی عیلمی :

شیعری نوێ ئەوەیە مەعنای تازە و نوێ لە قالبی تازە و نوێ و بە ڕستەی تازە و نوێ .

وەک ئەم شیعرە :

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
بەڵام ئەفسووس کەلەو شیعرە جوانانە
باڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە
لە ناوەوە ئەجریوێنن ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن

من بەش بە حاڵی خۆم دڵم بە شیعری نوێ خۆشە و هیوادارم شاعیرەکانمان تێ بکۆشن پلەی ئەم سەبکە بەرنە سەر و شێوەیەکی جوانی لێ ساز بکەن کە لە دڵدا جێ بکاتەوە



بتوانێ بەباشی شیعری نوێ وەربگرێ بەڵام بەڕای من بەڵگەیەکی بەجێ نیە بەڵکوو هۆی سەرنەکەوتنی ئەم ڕێبازە چەند هۆی دیکەی هەیە وەک :

- تا ئێستا هەل ومەرجێکی وا بۆشیعری نوێ دانەمەزراوە کە لە چوارچێوەیەکی عیلمی و دەستووریدا ناودێر بکرێ. ئەگەر لە هونەرمەندێکی ئەم سەبکە بپرسی شیعری نوێ لە ڕوانگەی ئەدەبی یەوە دەبێ چۆن بێ هەر ئەوەندەت پێدەڵێ شیعری نوێ دەبێ لە داوی کێش و قافیەدا بەند نەبێ و شیعرێکی نوێ بۆ نموونە دێنێتەوە. ئیدی ، ئەم تاریفە هەموو شتێکی ئەدەبی دەگرێتەوە بێجگە لە شیعر :

- جوانی یەکانی زاهیری شیعر کە سنعەتی شیعرین و ڕاستەوخۆ بە کێش و قافیەوە بەندن. لە شیعری نوێدا لەبەرچاو ناگیرێ . بڕواننە هێندێک لە شیعرە کۆنەکان بوونە زاراوەی سەر زار و زمانی خەڵک . هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەیت بۆخۆی بەتەنێ مانایەکی تایبەتی هەیە کە دڵی خوێنەر بێی ئاو دەخواتەوە .

ع.ه

منداڵێکم تازە لەدایک بوو، ناوم سروەیە هێشتا بەم جۆرەی پێویستە گەورە نەبووم، ناتوانم لەسەر پێی خۆم راوەستم، هەموو هێز وتوانای خۆم دەکار دەکەم تا بتوانم سەربەخۆ بم بۆ ئەوەی کەسێک دەستم بگرێ وهەستمەوە، رێ برۆم و ئەرکی خۆم سەبارەت بە خەڵک وکۆمەڵ بەجێ بگەیەنم. بەڵام داخەکەم زۆر لەمەوبەر لە رابردوودا وایان دەزانی ئەگەر من سەربەخۆ بم، ئەگەر گەورە بم و خۆم بناسم بۆ وان جێگای ترسەو خەتەرم بە دواوەیە.

دایکم کە فەرهەنگی کۆنی خەڵکی کورد بوو، لە هەر دەور و زەمانێک بە هەموو چەشنە کەرەسەیەک دەپەلوسرا نەیان هێشتووە منداڵی وەک من لە زگێکدا بجمێ، هەر وەکوو فیرعەون کە لە پێک هاتنی نوتفەی مووسا دەترسا ئاوام لێ دەترسان. بۆ؟ چون بیریان دەکردەوە ئەگەر باب و باپیری دایکم لە من جیا بنەوە بۆ ئەوان زەرەری نابێ.

جا هەوڵیان دەدا من بفەوتێنن بەڵام بەهێت بێژان و هونەرمەندان وزانایانی کورد منیان لە زگ وپشتان گێڕاوە تا بەو رۆژە، گەیشتووم! ئیمڕۆ لەدایک بووم، لەدایک بوونی من لەدونیا دەنگی دایەوە لە دوور و نێزیک بەر و دیاریم بۆ دەهات، هەرکەس بەپێی توانای خۆی شتی جوان وبەنرخی نارد، بەڵام کەم! هەموو سەریان سور مابوو، چۆن دەکرێ گۆوارێک بەزمانی کوردی بۆفەرهەنگ و ئەدەبی کورد زیندوو بکاتەوە.

کچی من هەم، دەمەوێ هەبم، دەمەوێ بە دونیا رابگەیەنم زیندووم، دەمەوێ ئەو کەسانەی کەبە لەدایک بوونی من نارەحەت بوون تێ بگەیەنم کە من نەک خەراب نیم بەڵکوو زۆریش باشم، توانای ئەوەم هەیە کە لە پێشکەوتنی بیر و رای خەڵک وا بەکەڵک بم دەتوانم دواکەوتوویی فەرهەنگی گەلەکەم قەرەبوو بکەمەوە. پێم خۆشە لە خزمەت بە نیشتمان و شۆرشەکەم ئەرکی گرینگ بە ئەستۆوە بگرم، ئەگەر ....ئەگەر... و ئەگەر تۆش دڵت بۆم دەسووتێ منت خۆش دەوێ، باشی و پێشکەوتوویی منت ئاواتە، تۆ کە ساغی و سڵامەتی من داواکاری، تو کە پێت خۆشە لە خەزێنەی زانست و ئەدەبی تۆ هەموو کەس کەڵک وەرگرێ دەبێ بەپێی توانا یارمەتیم بدەی، ئەو شتانەی هەڵەیان هەیە پێم بڵێ، رەخنە بگری، پێشنیار بکەی، رێنوێنی بکەی و.... هەتا ببم بە سروەیەک کە جێگای باوەڕ و شانازی گەلەکەم بم.



سروە

غارنشین

ع.نانەوازادە



تا کوتەنیا ،پیروکەلەلا لەژێر سێبەری رەوەزێک دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو .گنجی نێو . چاوانی شوێنی ساڵ ومانگی لەسەر بوون.لەبەرامبەری دانیشتم . بێ ئەوەی چاوم لێ بکا ،بەورتەپرسی:

– کێی؟

– رێبوار .

– رێبواری چی؟

– رێبواری رێگەی ژیان وئەوین.

– ئەوەی بەرێگەی ئەوین دا دەڕوا لەژیان بەدوورە !

– بەڵام ئەوین خۆی ژیانە .

– ئەوین سووتانە !

– سووتان ژیانی هەرمانە .

– هەرمان درۆیە ، هەموو کەس دەمرێ .

– بەڵام ئینسان نامرێ

لێوەچرچەکانی وێک ناوە چاوی کەم سۆمای پرووش کردو تێم راما . گنجی نێوچاوان پتربوون.بێ ئەوەی دەنگی بەرز کاتەوە بەتوورەیی گووتی:

– نەتەنیا من، بەڵکە زۆری دیکە گەران بەڵام ئینسانیان نەدۆزیەوە.

– ئەوان بەفانۆس دەگەڕان ئینسان دیتنەوە بەدڵە.

– دڵ پارچە گۆشتێکی سوور وبێ کەلکە ،رێگەوون کەری شعوورە.

– لەوجێگەیەدا کەشعوور رێی پێ نابا ،دڵ رێگاپێشاندەرە.

– چ رێگەیەک؟

– رێگەی ئەوین.

– رێگەی ئەوین رژدوو سەخڵەتە ،دەرچوونی لێ نیە

– ئێمەئیمانمان بەهێزی خۆمان هەیە .

– مەگەم تۆ تەنیا نی؟

– نا من نیم ، ئێمەین.

– ئێوەکێن؟

– ئینسانی نوێ ،داهاتووساز

مات بوو . بەئارامی پرچە سپی درێژەکانی کەبەسەرشانی دا بڵاو ببۆوەلای دا . چاوی خەواڵوی زەق کردەوە . پێی لە بەندی دەستی رزگار کرد دەتکوت کێو لەخەوهەڵدەستێ پرسیارێک لەسەرلێوەکۆنەکانی بوو.

– چتان لەمن دەوێ؟

– ئەزموونەکەت .

– ئەزموونی من کۆنە دەردی ئێوە دەرمان ناکا .

– نوێ لەسەرکۆن هەڵدەدا، گیا لەسەرپنجی خۆی شین دەبێ.

پیر بێ ئەوەی ئیترقسەیەک بکا ،دەستی دا وەکازەکەی و هەستا .پێکەوەلەکێوداگەڕاین. من وپیر تێکەڵاوی ئەوان بووین. ئێمە وەرێ کەوتین تاکوو رێگەی ئەوین وژیان ببڕین وشاری خۆشبەختی سازکەین. سێڵاوهەستا . پیرکە لەپشت ئێمە دەڕۆیشت بە دەنگی بەرز هەرای دەکرد:

– ئەوەی لەرێگەی ئەوین وحەق دابمرێ شەهیدە ژیانی بێ ژانە... شەهید ژیانی هەرمانە...



شێخ ئەحمەدی خانی

پەرویز جیهانی



ئەحمەدی خانی یەکێک لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردە کە لە سەدەی یازدەی کۆچی هاتووەتە دونیا.

" مینۆرێسکی" ڕۆژهەڵاتناسی رووسی لەبارەی ئەحمەدی خانیدا نووسیویەتی. " لە چەند سەدەی ئەم دواییەدا شاعیرێک وەک خانی پێی نەناوەتە سەر گوێ زەوی. خانی لە دەورانی خۆیدا لەباری زانستی ڕۆژگار بێ وێنە بووە و هیچ یەک لە زانایانی ئەوسەر- دەمەی نەدەگەیشتێ.

پتر لە سەدان کەس لە فەقێکان لە مەحزەری ئەودا خەریکی فێربوونی زبان و زانست بوون."

خانی لە زمان و ئەدەبی عەرەب و فارس و تورکدا شارەزا بووە و بەو زمانانە شیعری گوتووە. بەداخەوە بەشێکی زۆر لەشیعرەکانی فارسی و عەرەبی ئەو لەنێو چوونە وفەوتاون و بەدەستهێنانیان زۆر دژوارە. لەنێو مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا تەنیا " رودینکۆ" و " ئەمین زەکی بەگ" باسی شیعری فارسی و عەرەبی ئەحمەدی خانی دەکەن شاعیرانی کورد هەموو بە یەک بیروڕا و هاودەنگ لەبارەی شیعر و ئەدەبیاتی خانیدا سەری بۆ دەچەمێنن و ڕێزی لێ دەگرن. خوا لێ خۆشبوو حاجی قادری کۆیی شاعیری سەدەی سێزدەی کۆچی لەبارەی خانیدا دەفەرموێ:

ئەحمەدی خانی ساحەبی مەم و زین شاهبازی فەزایی علیین. مامۆستا هەژار شاعیری هاوچەرخ کە مەموزینی خانی کردووە بە موکریانی لەبارەی خانیدا دەڵێ:

" زۆرزانی و بیر و وێژەوانی
پارچێکە بڕا بە بەژنی خانی
خانی وەکوو ڕۆژە تیشکی داوێ
پێی ناوێ بدەم پەسەندی تاوێ
ئەو باغی گوڵان و من بژارم
بیر لەو دەکەم و دەڵێم هەژارم

بەداخەوە بەسەرهات و مێژووی ژینی ئەم

شاعیرە گەورە وەک بەسەرهاتی زۆربەی شاعیرانی کوردستان باش روون نیە و ئەو بەسەرهاتەی کە لە بارەی ئەو شاعیرەدا بە دەست مانەوە زۆر نویشکانە .

ماموستا خانی ناوی "ئەحمەد"ی کوری "ئەلیاس"ی کوری "رۆستەم بەگ" لەعەشیرەتی خانی بووە کە بە گوێرەی نووسینی خۆی لە دوایی کتێبی "مەموزین" دا، سالی ١٠٦١ کۆچی مانگی بەرامبەر ١٦٥٠ میلادی لە شاری "بایەزید"ی کوردستانی تورکیا هاتووەتە دونیا . خۆی لەو بارەوە دەلێ :

لەورا کو دەما ژ غەیب فەک بوو
تاریخ هەزار وشێست و یەک بوو

واتە ئەو دەمە کە من لە دونیای غەیب و نادیار جودا بووم مێژوو ئەوەندە بوو.

"خانی" دەرسەکانی سەرەتایی لە مەدرەسەی "مورادیەی بایەزید" دەخوێنێ و پاشان بۆ تەکووزکردنی زانستەکەی دەچێتە شارەکانی ئوورفا ، ئەخلات ، بتلیس ."لەدوای گەرانی ئەو شارانە سەرێکیش لە ولاتی "میسر" دەدا . لەوێ زانستەکانی "سەرف و نەحو" بەدیع و بەیان و تەفسیر بەباشی فێردەبێ ودەگەرێتەوە بۆ بازێری "بتلیس" و لەوێ ئیجازەنامەی مەلایەتی وەردەگرێ و دەبێ بە مەلا ودەچێتە زێدەکەی خۆی و لە بازێری بایەزید لە مزگەوتی "مورادیە"ی ئەو شارەدا خەریکی رێنوێنی خەلک و دەرس گوتنی مندالان دەبێ .

بنەمالەی خانی هەموو ئەهلی دین وزانست بوونە و پێش لەدایک بوونی خانی لە ناوچەکانی جزیر و بوهتان بۆ ئەو مەلبەندە جێ گوز بوونە. خانی ناسناوی خۆ لە ناوی عەشیرەتەکەی خۆ وەردەگرێ .

لە بابەت رادەی تەمەنی خانی لە نێوان مێژوونووساندا برێک بیرورای جیاواز هەیە هێندێک لەسەر ئەو باوەرەن کە خانی ٥٨ سال ژیاوە بەلام برێک دەلێن کە خانی تەمەنی ٧٤ سال بووە : بەلام خانی خۆی دەنووسێ کە لە تەمەنی چل وچوار سالێدا خەریکی تەواوکردنی کتێبی "مەموزین" بووە :

خەتێ تەیە سەرنوشت و سەر مەشق
سێ سالە خەتێ خەتا دکەت مەشق
ئیسال گە هەشتە چل و چاران
ڤی پێشرەوێ گوناهکاران

خانی لە کتێبی "مەموزین"دا گازندە لە چونەتی ئالۆزی رۆژگاری خۆی دەکا و دەلێ :

چ بکەم کو قەوی کەسادە بازار
نینن ژ قوماش را خەریدار
یەعنی ژ تەمەع دراف و دینار
هەر یەک ژ مەرا وەبوونە دلدار
گەر علم تەمام بدەی بەپۆلەک
بفروشی تو حیکمەتێ بە سۆلەک
کەس ناکەتە مەیتەرێ خوە جامی
رانا گرتن کەسەک نزامی

خانی لەو سەردەمەدا کەوتە خەمی زمان و ئەدەبی کوردی و خەریکی نووسین بوو، ئێستا چەند کتێب و شوێنەواری بەنرخی بەجێ ماوە کەوا لە خوارووە شروڤە دەکەین :

١- نەوبەهار کە یەکەمین فەرهەنگی زبانی کوردی یە .فەرهەنگی نەوبەهار کە نەوبەهاری بچووکانی پێدەلێن بە عەرەبی و کوردی بۆ فێربوونی مندالان نووسراوە. خانی خۆ لەو بارەوە گوتوویەتی :

ژ پاش حەمد و سەلەواتان
ئەڤ چەند کەلیمە ژ لوغاتان
ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی
ناڤێ نۆبەهارا بچووکان لێ دانی
نە ژ بۆ ساحب رەواجان
بەلکە ژ بۆبچووکێد کورمانجان

فەرهەنگی نەوبەهار لە پێشەکی یەک و سێزدە بەش پێک هاتووە. ئەو فەرهەنگە لە سالی ١٠٩٤ ی کۆچی مانگی نووسراوە .فەرهەنگی نۆبەهار یەکەم جار بە کۆششی "یوسف زیائەدین پاشا" لەگەل فەرهەنگی "الهدیە الحمیدیەفی لغةالکردیە" چاپ بووە.

٢ـ عەقیدا کوردی :

ئەم کتێبە لەبارەی عەقیدە و ئوسوولی دینی ئیسلام بەزبانێکی سادە وپاراو بە شێعر نووسراوە بەڵام مێژووی نووسینی ئەم کتێبە روون نیە رەنگە ئەوە پێش کتێبی "مەموزین" نووسرابێ . عەقیدا کوردی ساڵی ١٨٩٧ میلادی لە شاری ئەستەنبوولێ چاپ بووە .

٣ـ یووسف و زولەیخا

خانی ئەم کتێبەی بەزبانێکی شیرین و بە شێوەیەکی ساکار نووسیوە. لەم کتێبەدا بەسەرهاتی یووسف و زولەیخا بەپێی گوێرەی رەوایەتی قورئان و هێندێک لە بیرو ڕای خەڵکی گوتراوە.

مێژووی نووسینی ئەم کتێبە دیار نیە " مامۆستا گیو موکریانی" نووسیویەتی کەئەم کتێبە تا ئێستا چاپ نەبووە . هێندێک لە لێزانان لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە ئەم کتێبە هی خانی نیە ، ئەوانە بۆ بنەجێ کردنی قسەیان هیچ بەڵگەیەکیان نیە ، هەر تەنیا ساکاری نووسینی ئەم کتێبە ئەوانەی بە هەڵە بردووە ، دەنا ئەم کتێبە هی ئەحمەدی خانی یە

٤ـ مەم و زین

شاکاری ئەحمەدی خانی ئەم کتیبەبەنرخەیە کە بەرزترین و بەناوبانگ ترین کتێبی ئەدەبیاتی کوردی یە. بە نووسینی ئەم کتێبە خانی ئەرکی خۆی لە هەمبەر زمان و ئەدەبی کوردی بەجێ هێناوە و سەربەستی و ئازایەتی خۆی لەم کتێبەدا پێشانی داوە. خانی سووجی پاشمانەوەی گەلی کورد لە ئەستۆی وەزیر و گزیراندا زانیوە و هەمیشە لایەنگری بەلەنگازان بووە. خانی پیرەوی رێبازی " رئالیسم" بووە و سەربهۆری"مەموزین" یش زۆر لە حەقیقەت و راستی نێزیکە. گەلی کورد تا ئێستاش شانازی بەو شاعیرە مەزنە دەکا ، چون خانی دەردی دڵی گەلەکەی لەقالبی چیرۆک دا نووسیوە و هاواری گەلی کوردی بە گوێی هەموان گەیاندووە و گوتوویەتی کەکورد بێ فەرهەنگ و مەعریفەت نیە و دەتوانێ بە زبانی زک ماکی خۆی کتێب و نووسینی هەبێ :

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعرفەتن، بێ ئەسل و بونیاد
ئەنواعی ملەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حسێبن
هەمئەهلێ نەزەر نەبێژن کو کورمانج
عێشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج



کتێبی مەموزین تا ئێستا بە چەندین زمان وەک رووسی ، فەرەنسی ، ئینگلیسی ، ئاڵمانی و عەرەبی وەرگەڕاوە. یەکەم جار "ئوژن پریم" و " ئالبێرت سون" لە ساڵی ١٨٩٠ ی میلادی کتێبی مەموزین یان لە بەرەڤوکێکدا بەناوی " کۆمەڵێ چیرۆک و شێعری کوردی" بە ئاڵمانی بڵاو کردوتەوە .

٢ـ " ئا ،و ،ن ،لوکوک" ساڵی ١٩٣٠ بەشێک لەمەموزینی بە فەرەنسی تەرجومە و بڵاو کردوتەوە .

٣ـ " هوگوماکاس" ناوێکیش لە ساڵی ١٩٢٦

میلادی هێندێک لە "مەموزین"ی چاپ و بڵاو کردوتەوە .

٤- رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی "رژەلسکۆ" مەم وزینی بەناوی "مەمێ ئالان" لە کتێبێک بە ناوی "Texts Kurds" بەهاوکاری ئەنستیتۆ ـی فەرانسە لە دەمێشق دا چاپ وبڵاو کردووە " لسکۆ" لەبارەی مەموزینی خانی دا دەڵێ :

بێ گومان مەزنترین شاکاری ئەدەبی کوردی و روژهەلاتی نێوین مەموزینی خانی یە ، کە لە نۆ سەدەی ئەم دوایی یەدا هاوتای نیە .

٥- پروفسور " ئۆسکارمان" رۆژهەڵاتناسی ئالمانی کەکۆمەڵێک ئەدەبیاتی عامیانەیکوردی بە ناوی " توحفەی موزەفەریە" کۆکردۆتەوە لەبارەی بەیتی مەموزین دا کە بە شێوەی عامیانە گوتراوە دەڵێ :

" مەموزینی خانی لە رێزەی شاکارەکانی ئەدەبی هەرە مەزنی دونیادایە ، مرۆ دەتوانێ بلێ کە ئەو شوێنەوارە هەرە بەرزەی خانی هاوسەنگی " شانامەی فێردەوسی و ئیلیاد و ئۆدیسەی هومیر"ە .

٨- " ئۆربیلی" رۆژهەلاتناسی گورجی لە سەرەتای کتێبێکدا کە بە بۆنەی لە دونیا دەرچوونی " روستافیلی" شاعیری بەناوبانگی گورجی نووسیویەتی ، لە بارەی خانی دا دەنووسێ کە خانی هاوسەنگی فێردەوسی بووە .

پێنجەمین شوێنەواری خانی دیوانی خانی یە کە بەداخەوە بەشی زوری ئەو دیوانە لەنێو چووە و نەماوە . خانی هەر وەک گوتمان بە چوار زبانی کوردی و فارسی و عەرەبی وتورکی شارەزا بووە و بەو چوار زبانە شێعری گوتوە



" مەم وزین پڕ بایەخترین شوێنەواری ئەدەبی کوردی یە .

٦- ئەلیکساندرژابا " رۆژهەڵاتناسی رووسی ئەندامی کۆنسولگەری رووس لە شاری ئەرزرووم خەریکی کۆکردنی وشە و ئەدەبی کورد بووە کە کتێبی " مەموزین"ی وەدەست هێناوەو رەخنەیەکیشی لەسەر نووسیوە و بە زبانی فەرەنسی وەری گێراوەتەوە . ئەو کتێبە لەپاش ژابا بە دەستی " لێرخ" رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسی چاپ بووە .

٧- " رۆدینکو" رۆژهەڵاتناسی هاوچەرخی رووس کە لە سالی ١٩٢٦ ی میلادی مەموزینی خانی بە رووسی وەرگێراوە و رەخنەیەکیشی لە سەر نووسیوە و لەگەڵ مەتنی کوردی لە چاپی داوە . لەبارەی مەموزین دا دەڵێ :

ئەوەش نموونەی شێعری چوار زبانی خانی یە :

فَاتَ عُمْرِي فِي هَوَاكَ يَا حَبِيبِي كُلِّ حَال
آه ونالە همدمم شد در فراقت ماه وسال
گر بینم قانیم دیلرسن چوقدن اولمیشدر حلال
دین وئەبتەر بووم ژ عێشقێ من نەما عەقل و کەمال
اَنْتَ فِكْرِي فِي فُؤَادِي اَنْتَ روحی فِي الْجَسَد
لشکر غمهای تو ملک دلم ویرانه کرد
ذاده گلدیم عشق الیندن ایستیرم سندن مدد
وان تەتاران بر بەیەغما عەقل ودین و مولک و مال



زەنبیل فرۆش

ئەی دڵ بجۆش ئەی دڵ بجۆش
جامێک لە عەشقی مەی بنۆش
دەکەین بەحسی زەنبیل فرۆش
دەست پێ دەکەین حێکایەتێ
زەنبیل فرۆشم پادشا بوو
عەدالەتی بێ هەمتا بوو
دایم دە ڕێگای چاک دابوو
موجود لە زیکر و تاعەتێ
ئەمجا بەئیرادەی ئەڵڵای لەسەر
ئەو پادشای لاوی منداڵ
تەشریفی چوو بۆ ڕاو و شکار
مردوێک مردبوو لەئەهلی شار
لێی وەخڕ ببوون دۆست و برا
هەم جیران وهەم ئیماندار
جا پادشام دەچوو بۆ ڕاووشکار
رووی دەکردە سەحرا وکۆهسار

بە ئیرادەی ئەڵڵای لەسەر
مردوێک مردبوو لە ئەهلی شار
پادشام دەچووەسەر قەبری
بە جان ودڵ پێدا فکری
دەراست قەلبی دا
ئەو پادشای سەنتەتێ
دەجا پادشا دەیگوت
بێنن جێی بۆ چاکەن
لێفە و دۆشەگی بۆ ڕاخەن
ڕەفیقی بۆ پەیدا بکەن
با مەجنوون نەکێشێ عەزیەتێ
دەجا مەلا دەیگوت
ئەی پادشا فکرت نیە
مردوو زیندوو ڕەفیقی نیە
لێفە و دۆشەگی بۆ چیە
مەگەم کفن زیاتر بەرێ

دەجا پادشا دەیگوت
ئەی مامۆستا حاڵیم بکەن
ئەمنیش بمرم وام لێ دەکەن
هەروام جێگا بۆچا دەکەن
ڕەفیقم بۆ پەیدا ناکەن
تاکوو نەکێشم غوربەتێ
ئەمجا مەلا دەیگوت ئەی پادشا
ئەتۆش بمری هەرواتلێ دەکەین
هەروا جێگات بۆچا دەکەین
ڕەفیقت بۆ پەیدا ناکەین
مەگەم کفن زیاتر بەری
ئەمجا لەو پادشای لاوی منداڵ
بە وەزیر و ماڵ و عەیال
ئەودەم بەجێ ڕاوی کرد بەتاڵ
تەشریفی هاتەوە بۆ ماڵ
ئەو پادشای سەنتەنەتێ

ئەمجا پادشا هاتەوە بۆ ماڵ
رووی کردەوە حەوشە و حەسار
ژنێکی بوو روومەت بە خاڵ
عومری کەم بۆ حەینی عومری
بۆ بیست و دوو ساڵ
مانگێک بوو هێنا بوویە ماڵ
هێنایە سەر تەلاقەتێ
ئەمجا پادشا دەیگوت
ژنە بێنە ئازادت کەم
چیدی پادشایەتی ناکەم
غەرقە و بووزووی لەبەر دەکەم
لە ترسی خالەق ناوێرم
زۆر تیژە رۆژی قیامەتێ
دەمجا ژنەکەی دەیگوت
پادشا چ بووە چت بیستووە
ژن ئازادکردن نەبووە
ئەتۆ چ بکەی منیش وادەکەم
من گەدایەتیت دەگەڵ دەکەم
مەمهێنە سەر تەلاقەتێ
ئەمجا پادشا دەچوو ئاوای دەکرد
وەزیریش رای بە پادشا دەکرد
گەنج و تۆماری بخشیەوە
هی فەقیر بوو خەنی دەکرد
ئەو پادشای سەنتەنەتێ
ئەمجا پادشا دەچوو ئاوای دەکرد
منزڵەکی بۆ خۆی پەیدا دەکرد
تا چل شەوی تاعەتی دەکرد
ئەو پادشای سەنتەنەتێ
ئەمجا بەئیرادەی ئەڵڵای لەسەر
گەر چل شەوە دەبوو تەواو
ئارەزووی کرد هاتەوە ماڵ
ئەو پادشای سەنتەنەتێ
ئەمجا گەر پادشا هاتەوەبۆماڵ
لەپشت دەرکەی خۆی دەگری
ژنەکەی هەروا کفریان دەکا
دەڵێ ئەو تاعەتی پادشادەیکا
خودا هیچی قەبووڵ ناکا
بەبێ خواردن دێرەم دەکا
نەوسی گوناحکار کوێر ناکا
دەمجا دەگەراوە دوایە
لەخودای دەکرد تەمەننایێ
دیگوت ئەهلی شاریم خێران دەکەن
ژنەکەم هەروا کفریان دەکا
دەڵێ ئەوتاعەتی پادشام دەکا
خودا هیچی قەبووڵ ناکا
بەبێ خواردن دێرەم دەکا
دەمجا یەک لەغەیبەوە بانگدەکا
ئەی پادشا فکری مەکە
هەستە تۆ لێرە بار بکە
تۆ زەنبیلان دروست بکە
معاشی پێ پەیدا بکە
دەمجا پادشادەچووئاوای دەکرد
رووی لەشاری غەزنەی دەکرد
ئەو زەنبیلەی دروست دەکرد
لە بازاری پولێ دەکرد
معاشی پێ پەیدا دەکرد

* * * *

جادەڵێ زەنبیلەی بە دەستەوە
بوون بەنێو شاریدا دەهاتە
خوارێ دەیکوت کێ زەنبیلە ی
دەوێ زەنبیلە !
کە وەختێکی رێگای کەوتە
سەراپەردەی خاتوونەی بە بەر
سەراپەردەی خاتوونەی داهات
خاتوونە لە بالەخانەی کەچاوی
پێکەوت ئەوە یەک نەفەر
زەنبیلەی بەدەستەوەیە دەڵێ
کێ زەنبیلەی دەوێ زەنبیلە .
دەڵێ بەقەرەواشی کوت ، ئەی
عافرەت برۆ ئەوزەنبیل فرۆشەم
بۆ بانگکە بێتەسەرێ ئەمن
زەنبیلانی لێ قیمەت دەکەم .
ئەویش کوتی زەعیفە هەر
کەسێکی زەنبیلەی لەمن دەکرێ
زەنبیلەی من حەقی چاردە
شاییە.یەکی دەوێ،دووی دەوێ
چەندی دەوێ بێ زەنبیلانم لێ
بگیرێتەوە وپولەکەم داتێ .
چوو سەری بەخاتوونەی راگەیاند
کوتی :
خاتوونە دەگەڵم نایەتە
سەرێ زەنبیل فرۆش .جا دەڵێ
خاتوونە لەسەر بالەخانەی
سەری هێنا دەرێ کوتی :
زەنبیل فرۆش وەرە سەرێ
ئەمن سوئالێکی شەرعیت لێ
دەکەم . زەنبیل فرۆشیش چون
پیاوێکی مسولمان بوو. ئەگەر
کوتی سوئالێکی شەرعیت لێ
دەکەم دڵی نەرم بوو رۆیشتە
سەرێ .

* * * *

ئەمجا لەوخاتوونەی چاوسەحەتی
لەو خاتوونەی چاو مەستە
برامبەری رادەوەستا
دەیکوت یا خودا زۆربەخێربێ
ئەی لاوی زەنبیل بەدەستە
دەیجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
ئەی خاتوونەی رەنگ مەلەکە
بۆچت بانگ کردوومە سەرێ
تەردەست بە سوئالێ بکە
وەرە رەجایت لێ دەکەم
چی دیم لێرە محتەل مەکە
دمجالەوخاتوونەی چاو سەحەتی
لەفزی شیرینە وەک نەباتی
دەیکوت زەنبیل فرۆش وەرەکنم
وێت دەم خەلات و بەراتێ
دەمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
ئەی خاتوونەی بەلەک چاوێ
مەمخە نێو داوی گەرداوێ
لە خەوفی خالەق ناوێرم

خەڵات وبەراتم نـاوێ
دەمجا خاتوونە دەیکوت
زەنبیل فرۆش بەقسەم بکەی
غەرقە و بووزوت پێ فرێ دەدەم
خاراو دارات لەبەر دەکەم
وەرە سەر ڕێی مەسلەحەتێ
ویت دەم تانجی سەنتەنەتێ
دەمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
خاتوونە تەختی تۆم ئاگرن
غەرقە وبووزووی خۆم چاترن
خاراو دارای تۆم ئاگرن
لە ترسی خالەق ناوێرم
زۆر تیژە رۆژی قیامەتێ
دەمجا خاتوون دەیکوت
زەنبیل فرۆش جەمالێ نوورە
قسان دەکەی بە دەستوورە
دەستم دەگەڵ تێکەڵ بکە
رۆژی قیامەتێ زۆر دوورە
دەمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
ئەی خاتوونەی حوکمات دەکا
چیدیم لێرە مەحتەل مەکە
لە خەوفی خالەق ناوێرم
رۆژی قیامەتی نێزیکە
دەمجا خاتوون دەیکوت
زەنبیل فرۆش دلّم کەوتە هیلاکەتێ
وەرە سەر ڕێی مەسڵەحەتێ
دەیدەم تانجی سەنتەنەتێ
وەرە ئەمن مارە بکە
زۆر دوورە رۆژی قیامەتێ
دەمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
ئەی خاتوونە ئەمنیش وابووم
من دەجێی خۆمدا پادشا بووم
لە ترسی رۆژی قیامەتێ
بۆیە لە تەختی جودا بووم
دەمجا خاتوون دەیکوت
زەنبیل فرۆش بەقسەم نەکەی
جەلادانت لێ بانگ دەکەم
ئەلحان سەرت بێ گیان دەکەم
وەرە سەر ڕێی مەسڵەحەتێ
وێت دەم تانجی سەنتەنەتێ

لە تەرەف خودای وا ئیلهام کرا بە فیلەکی دلخۆشی خۆی بداتەوە وخۆی نەجات بدا .

زەنبیل فرۆش کە وەختێکی لە تەرەف خودایەوە وادەگێڕنەوە کە خەندەی هاتێ حالّی کرا .

خاتوون پێی کوت :

زەنبیل فرۆش بۆچی خەندەت هاتێ ؟

دەمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
ئەی خاتوونە نەمزانی وادەکەی
وەمزانی پرسم پێ دەکەی
دەستم دەگەڵ تێکەل بکە
قانعم بە وێ نیعمەتێ

دەمجا زەنبیل فرۆش ئەنجەتی کرد بۆ سەر ئاوێ

خاتوون بەقەرەواشانی ڕاخوڕی
هەڵ گرن مەسینە لە دوای کوڕێ
ئەمجا لەو قەرەواشە نازەنینە
لەدوای هەڵ دەگرت مەسینە
دەیزانی زەنبیل فرۆش پیاوێکی
بە دینە
بەعەدەب لای داو گەڕاوە
بوری لەبەر خودای دەپاراوە


جا دەڵێ زەنبیل فرۆش لە بالەخانەیەکی یەک جار ، یەک جار زۆر بڵیند بوو . دستی کرد بە موناجاتێ. هەر مەنزوری ئەوەی بوو کە خودای تەبارەک و تەعالا روحمی پێ بکا ونەجاتی بدا .

دەمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
یا ڕەبەننا حەزرەتی ئادەم
دەگەڵ حەوا
گەنمیان خوارد و فڕێ دران
سەبارەت بەخۆشەویستی عەفوو
کران
ئەمنیش وەبەر تۆم هانایە
دمجا زەنبیل فرۆش دەیکوت
یا ڕەبەننا حەزرەتی ئیبراهیمی
خەلیل
کافران بۆیان وەسەریەک ناوە
سەد هەزار ،هەزار تۆن بارەدار
ئەو تێکیان دا قەومی کوفار
بلێندیان کردووە وخستیانە سەر
بۆی کرد بەمێرگ و میرخوزار
ئەمنیش وەبەر تۆم هانایە
یا ڕەبەننا حەزرەتی ئەییووب
کرمان هەموو قالبیان دڕی
چاکت کردەوە بەبابی فیلێ کوڕی
ئەمنیش وەبەر تۆم هانایە
یا ڕەبەننا حەزرەتی یوسف
بەندەت بۆ دێنەوە بیر
برایان بردیان خستیان لەبیر
یا ڕەبەننا بردت لەمیسرت کردە
میر
ئەمنیش وەبەر تۆم هانایە
یا ڕەبەننا حەزرەتی وێنس
بە ئیرادەی تۆ بوو،ئەڵڵا
یا ڕەبەننا کەوتەدەریا
لە زاری ماسی دا نەجاتت دا
ئەمنیش وەبەر تۆم هانایە
یا ڕەبەننا حەزرەتی ئیسماعیل
بووە کۆچی قوربان
ئەو نەیدەبڕی تیغی دەبان
سەبەبێ تۆ بووی یا ڕەبەننا
پشتیوان
ئەمنیش وەبەر توم هانایە

درێژەی هەیە

ویرای سپاس لە عەزیز کەیخوسرەوی

وت و وێژ لەگەڵ : موحەممەد قازی



لەسروەی ژمارە دە دا ، کورتەی ژیانی ئێوە لەزمان خۆتان بلاو بۆتەوە. پاش ئەوە کەخەڵک لەبەسەرهاتی ئێوە ئاگادار بوون گۆواری سروە بە دەرفەتی زانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئێوە ببێ ولەباری کاری ئەدەبی ئێوەوە چەند تێبینی بدا بەخوێنەرانی بەرێزی سروە . جاکەوا بوو بە ناوی هەوەڵین پرسیار تکایە بفەرموو .

١ـ تەرجەمە چیە وهۆی سەرکەوتنی ئێوە لەوەرگێڕانی کتێبدا چیە ؟

ئیزنم بدەن بەر لەهەمووشت سپاسی گۆواری سروە بکەم کە منیان شیاوی لوتفی خۆیان زانیوە وبەرجی ئەوە کە دەزانن من بەهۆی پەڕیوەبوون لەزێد ودیاری خۆم (کوردستان) وبارهاتنی من لەشاری فارس نشین ودرێژەدان بەخوێندنم هەر بەم زمانە، بەو جۆرەی دەبوو نەمتوانیوە شارەزای ئەدەب وفەرهەنگی کوردی بم و بەبڕوای خۆم دەبوو نیوەی ئەم خزمەتەی بەزمانی فارسیم کردووە بەزمانی کوردیم کردبایە ، دیسانیش سووچێک لەژیانی منی لەسروەهاویشتووە وئێستا ئەمزەحمەتەیان وەبەر خۆناوە وهاتوون بۆ وتووێژ . سەرلەنوێ سپاسی سروەوبەرێوەبەرانی دەکەم.

پرسیاری یەکەم :تەرجەمە چیە ؟

وەلام: هەموو دەزانین ئادەمیزاد بەپێی پێداویستی ژیان ودیاردەیەکانی تەبیعی لەکەلێن وقوژبنی دونیا بلاو بۆتەوە وبنەماوئێل وعەشیرە وکۆمەڵی پێک هێناوە ولە ئاکامدا هەرئەوانە بوونە هۆی پێک هاتنی نەتەوەکان .

جا هەرکام لەوانە بەپێی هەل ومەرجی رابواردنی ژیان،بۆ چوونی جیاوازیان لەتەبیعەت بووە وبۆدرکاندنی نیازی خۆیان هەریەکە وشەیەکی تایبەتی یان دەکار کردووە کەئەم وشانە بەپێی چەند پاتەبوونەوە لەنێو خەڵکدا بوونە زمانێکی یەکگرتوو .

راولێژی جۆراوجۆری وشە لە

زمانێکی هاوبەشدا بۆتە هۆی پێک هاتنی زاراوە ولەهجە. ئەگەرچی دیارەوەختێک مەودای نێوان کۆمەڵەکانی بەشەر زۆرتر بوویا وجیاوازی نیژادی تەوژمێکی فرەتری ببوایە، هەر کۆمەڵەی بۆخۆی زمان و راوێژێکی سەربەخۆی پەیدادەکرد کە خەڵکی لەوان دوورتێی نەدەگەیشتین.

دوایە بەرەبەرە ئینسان دەوری هەوەڵی ژیانی سەرەتایی هەڵبواردوبەکەلک وەرگرتن لەکەرەسەی ئاسن وبەردین و...پێی نایە رێبازی شارستا -نەتی و وردە وردە گەیشتە رادەیەک کەنیازی بەمە پەیدا کرد بۆ باشتر ژیان پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵی دەوروبەری ، خۆی نزیکتر بکا ولەپێشکەوت ودەستکەوتی نوێ کەڵک وەربگرێ. ئەوەش بەر لە هەمووشت پێویستی بەوەبوو کەلەزمانی ئەوان حاڵی بێ. ئەم سەرکەوتنە بۆهەموو ئەندامانی کۆمەڵ نەدەلوا چون گیروگرفت رۆژ لەرۆژێ پتر دەبوو، هەموو خەڵک بەفێر بوونی هەموو زمانان نەدەوەستان.

لەوەها هەل ومەرجێکدا دەستەیەکی هەڵبژاردەسازبوون وزمانی ئەوکۆمەڵ ونەتەوەی کاریان پێی بوو فێربوون وئەودەم دەستیان کرد بە وەرگێرانەوەی زانستەکانی ئەم نەتەوانە ونەتەوەکەی خۆشیان فێرکرد.

لێرەدا بناخەی فەننی تەرجومە داڕێژرا. ئێستاش دەبینین کە زمانێکی یەکگرتووی وەهانیە کە بۆ هەموولایەک سانی بێ وهەموان تێی بگەن. هەڵبەت رەنگ بێ زمانی وەک (ئیسپرانتۆ)هەبێ بەڵام ئەویش جێی خۆی نەکردۆتەوە تا هەموو بیرو زانستێکی پێ بنووسرێ. لە. لایەکی دیکەشەوە رادەی، تێگەیشتن وزانستی بەشەر چ لەباری زانست وفەننەوە چ لەباری هونەروئەدەبەوە لە وڵاتە پیشکەوتووەکان بەوپەڕی خۆی گەیوەو وەرگێرانەوەی بۆ ئەم خەڵکەی لەباری پێشکەوت وئاڵ وگۆڕەوە بەرەژێرترن زۆر پێویستە. تەرجەمە پەرەی سەندووە ووەک زانستێکی سەربەخۆی تایبەتی لێهاتووە.

رەمزی سەرکەوتنی ئێوە لە کاردا چیە ؟

هیوادارم ئەم پرسیارە. تەعاروف نەبێ وئەوەتان بەراستی بێ. بەهەرحاڵ ناچارم وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر هێندێک لەراستیش نزیک بێ - بدەمەوە !

یەک لەهۆیەکانی بەقەولی ئێوە سەرکەوتنی من لەتەرجو -مەدا لەبەرچاوگرتنی هێندێک ئەسڵ وقاعیدەیە کە بۆ وەرگێرانێکی سەرکەوتوو پێویستە. هەڵبەت ئەم ئەسڵ و قاعیدانەم بەوردی نووسیوە وبۆتان دەنێرم.

چۆن بووکاری تەرجەمەتان دەست پێکرد ؟

نازانم لەسەرگوزشتەی خۆمدا نووسیومە یاناکەمن ساڵی ١٣٠٧ لەمەهاباد تازە خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردبوو، چاوەروانی ئەوەبووم گرێ پووچکەی کاری ژیانم بکرێتەوە. ماوەی چەند مانگ بێکار بووم لەوماوەدا لە خزمەت خوالێخوشبوو عەبدوورەحمان گیوموکریانی کەتازە لەعێراقەوە هاتبۆوە مەهاباد، خەریکی فێربوونی دەرسی فەرەنسەبووم. ساڵی ١٣٠٨ بۆ درێژەی خوێندن چوومە تاران ولەژێر چاوەدێری خوالێخۆشبوو دکتۆر جەودای قازی لە، دارولفنوون دەستمبەخوێندن کرد.

لەوێ زمانی فەرەنسە لە رێزی بەرنامەی دەرسخوێندنی مندا بوو. بەپێچەوانەی ئێستاکە زمانی خاریجی لە فێرگەئینگلیزی یە .ئەوەندە دەرسەی لەخزمەت ماموستا گیوم خوێند بوو بەهۆی ئەوە کە هەموماوەی خوێندنی فێرگە وزانستگە، یەکێک لە خوێندکارە هەرەباشەکانی دەرسی فەرەنسەبم.

ئەودەم زۆر کتێبی وەرگێر -اوەم دەخوێندەوە. هەستم دەکرد زوربەی وەرگێرەکان کارەکەیان ناپوختەوشەورستەی

زۆرنا لەبارو دزێوی تێدا یەو بەجێی ئەوە لەزمانی تەڕوپاراوی دەری کەلک وەربگرن بەزمانێکی نارێک و پێک کتێبەکانیان وەرگێڕاوەتەوە و خوێنەر جاڕز دەکەن،ئەوە ئاواتی دڵم بوو کەڕۆژێک بتوانم ئەم کارە (تەرجوومە) بکەم هەتا وەختێک دوای زانستگەمنیان بۆخزمەتی سەربازی ناردە، زانستگەی ئەفسەری.

لەوێ هێندێک شت وەک پێویست بوو کەبیکرین ولەگەڵ خۆمان بیبەین.بەڵام ئەشیایە خودام شک نەدەبرد. ناچار بووم کتێبی "کلود ولگرد"ی ویکتۆر هۆگۆ بفرۆشم کەلە زانستگە بۆتاقی کردنەوەی خوموەرمگێڕابووبە ٥٠ تمەن بەئینتشاراتی ئەفشاریم فرۆشت وگرفتی خۆمپێ چارەسەر کرد. ئەوە هەوەڵین کاری من بوو. تاحوت هەشت ساڵ پاشان ساڵەکانی ١٣٢٧و١٣٢٨ کەوردە وردەگرفتی ئیداری وگڕوتینی لاوەتیم دامرکا وتوانیمدەست بەوەرگێڕانی کتێب بکەم. تا ئێستا نزیک بەشێست کتێبم وەرگێڕاوەتەوە سەرفارسی.

ئێستاش ئەمکارەم پێخۆشەو بەرجی زۆری تەمەن کەئێمساڵ دەبمەحەفتاوپێنج ساڵ ئێستاش ئەم کارە رۆژلەرۆژێ پتر درێژە دەدەم.

- چ پەیامێکتان بۆ وەرگێڕانی تازەلاو هەیە؟

تەنیا ئەوەندە دەڵێم غەیان نەبن وشەی "غەیان"کە هیوادارم وشەیەکی دزێونەبێ لەدوو بارەوە دەبێ باسی لەسەر بکرێ.

یەکەم: خەیانەت لەمەتنی وەرگێڕاودا نەکرێ. ئەوە زۆر هاسانە وهەموو دەیزانن.یانی وەرگێڕدەبێ ئەوکتێبە کە دەیەوێ کاری لەسەر بکا بەوردی موتاڵابکاو بزانن نووسەر چی دەوێ وچ پەیامێکی لەو نووسراوەدا داوە بە خوێنەر.ئەودەم نووسراوەکە وەربگێڕێتەوە بێ ئەوەدەستی تێوەرداو لێی زیادوکەم بکا. جائیدی بەهەر زمانێکی پێی خۆشەوەری بگێڕێتەوە. هەڵبەت وەکی گوتم چەندشەرتی بنەڕەتی دەبێ لەونێوەدا لە بەر چاوبگیرێ.

دووەم:خەیانەت بەخوێنەرە.

یانی وەرگێڕ بیروڕاو چاوەڕوانی خوێنەری لەبەر چاونەبێ. رەنگەهەمووبزانین دنیای پێشکەوتەی ئەمڕۆ بۆ پێک هێنانی خۆشی وبەختەوەری بەشەر چی دەوێ!

ئەمڕۆ ئەسڵی ئازادی تاک وکۆمەڵ لەباری فکرو بیروڕا وزمان وقەڵەم وتەنەوەی بیری رزگاریخوازی ئاواتی هەمووئەوخوێنەرانەیە کە دەیانەوێ سەرەدەرلەکاری نیزامی نوێی پێشکەوتە وبیروڕای نوێی دونیای رۆژ ئاوا دەربکەن.

وەرگێڕێکی ئەم ویستانەی خوێنەری لەبەر چاو نەبێ وشتێک بۆ وەرگێڕانی هەڵبژێرێ کەئەومەبەستانەی باسمان کرد تێیدا بەدی نەکرێ لەبەر چاوی خوێنەر بەغەیان دەناسرێ.

وەرگێڕ دەبێ بیری روون بوونەوەی خەڵکی لەمێشکدا بێ. پارێزگاری لە عەدالەتی کۆمە - لایەتی بکا دەنا خەیانەتی بەخوێنەرو زەینی خوێنەر کردووە.

بەکورتی وەرگێڕەلاوەکان دەبێ هەم وەفایان سەبارەت بەونووسراوە هەبێ کەوەری دەگێڕنەوە هەم پاراستنی ئەمانەتی تەرجەمەیان لەبەر چاوبێ وهەملەرێنوێنی بەرەی لاو بۆناسینی ژیانی تاکی وکۆمەڵایەتی دەورێکی بەرچاویان هەبێ.

بەڵام شەرتی بنەڕەتی ئەمانەت ئەوەیە کەوەرگێڕ بۆخۆشی هەستی ئینسانەتی و مرۆوایەتی تێدابێ وهەمیشە لەکاری خۆیدا بەشوێن نەتەوەی وگەشەی ئینسانەتیدا بێ.

چون ئەگەر بۆخۆی ئوسوو- لێکی لەبەرچاو نەبێ رەنگە کتێبێک بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرێ کەلەگەڵ ئەم مەبەستانەی باسمان کرد دژایەتی هەبێ یا مەبەستی ئەوپارەبێ کەلە ناشرەکانی وەردەگرێ، وەها وەرگێڕێک کارەکەشی باش بێ دەروەستنیە،

هەلدی شعر

گۆران

هەرچە ز ئەکەم ئەوخەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
لێک دانەوەی دەروون قسەی زمانم
بۆچی وەها دوورن لەیەک نازانم
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دنیای جوانتر لەبەهار
دەرکەوتایە ئاوات هیوا خەوبینین
پڕشنگدارتر لەئەستێرەی قوبەی شین
دەرکەوتایە مانای مەنگی دەریایی
کەنەرمە بالەرووی ئەدا بەسپایی
دەرکەوتایە ئەودونیایە کەشیعری
بی فرمێسکە وزۆرتر لەفرمێسک ئەگری
زەردە خەنەی بێ ئاوێنەی دەم وچاو
تیشکێک ئەدا روونا کترە لەهەتاو
بەلام ئەفسووس کەئەوشیعرە جوانانە
بالدا رێکن جێ ناهێڵن هێلانە
لەناوەوە ئەجریوێنن ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بەکا غەزا ناهێنن

ڕێبازی ژین

نووری شێخ سالح

لەناو شەپۆلی غەما سەرنگوون وبی ئارام
بەکێوی سەختی ژیانا بەپێ،بەچنگەڕنی
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە بگا تەسەری
لەپڕنشێوی کولۆڵی بواری لێ ئەتەنێ
بەداوی یە ئس وئەلەم ،تاروپۆی لەئێش وزام

* * *

زەبوونورێ هەڵەبووی دەشتی چۆڵ وهۆلی ژیان
شکستە باڵ وشپرزەی پلاری دەستی قەدەر
کەسێ نیە کەلەلاوە دەسی بداتە دەسی
یەکێ نیە خەفەتی خۆی لەلابدا بەهەوا
بەلایە کا بیەوێ لابدا نیە رەهبەر

* * *

لەبەردە مێوە تەم ومژ بەسوورەتێکی وەها
هەتاکوو چاو برئەکا توندو تاروبیماوەر
ئەدا بەلایەوە بۆی دێتە پێکەنین بەگەمە
هەوڵ ئەدا کەبچێ بیگرێ ولەرێی لادا ،
چلۆن ئەگیرێ تەم ومژ بەناتەوانی وەها

* * *

ئەمانە : ئەم تەمەئەم کێوە ئەم شەپۆلە یەکی
نموونەیەکی هیوان ولەرێگەدایە بەبار
کەچاوێ پێی ئەگەوێ بۆی ئەچێ بەئیستعجال
بەلام هیلاکییە ، ئەمما ژیانی ئادەمیزاد
بەتەنگەوە نیە ، راهاتووە لەگەڵ ئیهمال
هەتاکوو ئەودەمە ئەینێنە گۆڕی تیرەوتار

* * *

١٩٢١/٥/٢٨

مەلای جزیری

کەس ب دا دا مەنەپرست گلەودا دێ چکەت ؟
تەنەبت دا درەسەک بێهوودەفەریا دێ چکەت ؟
ب شرینیێ نەگەهەت دەست ئەگەر رۆستەم بت
دێ ب بازوو وملان شوبهەتی فەرها دێ چکەت ؟
فاعیلەک لازمە دا فێعل وئەسەر پەیدا بت
گەرتو حەددا د نەبت کوورەیێ حەددا دێ چکەت؟
مومکینەک دێ هەبتن داکو تەلەب حاسل بت
سەید ونێچیر کونەبت توولەیێ سەییا دێ چکەت؟
هەرگل وسەنگ دبتن زێرِ ب تەدبیرێ حەکیم
قابیلییەت کونەبت حیکمەتێ ئوستا دێ چکەت ؟
کان ب گەوهەرچبکەت گەوهەر ئەگەر پاک نەبت
توبەسیرەت تەنەبت سیرەتێ ئەجدا دێ چکەت؟
زێڕوزیوەردکرن جەلبێ قولووبان ؟حاشا :
حوسن وسورِزاتی نەبت قامەتێ مەییا دێ چکەت؟
عاشقێ مەست ب عێشقێ نییە حاجەت ب مەیێ
واردێ واردی ئەحوال ب ئەورا دێ چکەت ؟
تەغەرەز ڤێک کەتنا یەکوەلی یەک مورشدبت
سالیک وتالبێ ئیرشاد ب بەغدا دێ چکەت ؟
جەهدە وسەعی وتەلەب بێ ئەسەرەک سافیەهن
تونەبی پەردەنشین چاکەر وقەووا دێ چکەت؟
چ ئەسەر دێ ل بەرێ خارە بکەت قەترەیێ ئاب
قەلەمێ مە ب دوسێ قەترەیێ زوهها دێ چکەت ؟
دێ ژحەق جازیبەیەک دل بگرت وەرنە " مەلا"
ژ ئەزەل گەرتوهیدا یەت نەبت ئیرشادێ چکەت؟

حاجی قادر کۆیی

تا سالیکی مەسالیکی مولکی قەناعەتی
باکت نەبێ لە رێگر و ئەهلی شەقاوەتی

سۆفی عیبادەتی هەموو بۆ مەکر و رێوەیە
گەر شێری نەرِ بەگوێ بگرێ پەشمە تاعەتی

ئیخلاسە ئەسلی مەقسەد و خورِا شەقی دەبێ
وا تێدەگا بەسەرمەقولاتە سەعادەتی

بێ مەعریفەت مەبە لە تەریقی حەقیقەتا
سەر مەنزیلی شەریعەتە جێگەی سەلامەتی

مەفهوومی دوو حەدیسی سەحیحم لە بەیتەکا
جێ کردەوە نەزەر بکە کوردی و فەساحەتی

دونیا سەگی لە ئۆغلەمە تۆقیوە تالیبی
نەیماوە هەر وەکوو سەگی پێ سووتوو راحەتی

سەدقوببەیی خەوەرنەق و سەددی سکەندەری
ناگاتە بەیتە کاولی (نالی) و مەتانەتی

ساقی کەریمە ، بادەیی بەزمی ئەلەستی یە
(حاجی) لە جامی قەلبی شکاوە شکایەتی

سەیدی

هامسەران ئێشان ، هامسەران ئێشان
ئی شەوزامی تەن،خاس مەدان ئێشان

مەلوول وزویر ، خاتر پەرێشان
چمان قیمەی جەرگ ، ئەمن مەکێشان

کەس نیەن پەرسۆ، ئی زامدارەکێن ؟
ئی بەندەی بەدبەخت ،سیا ستارەکێن ؟

پەی رووی رەزای حەق ،فیکرێ جەحالم
بانە گیرۆ عام، هەناسەی کالم

ئەرزامان بەی تەور ،تاسوب کەران چل
سوب لاشەی (سەیدی) ،مەسپاران بە گل

ڕوانینێک لە دمدم

ئەحمەد بەحری



ئێمرۆ کەلاپەڕەی مێژووی گەلان بەتایبەت گەلی ئێران هەڵدەدەینەوە ، دەبینین کە زۆر کارەساتی بەسامودڵتەزێن وپشت چەمێنی بەخۆوە دیوە . هەر سەردەمەی بڕەوی شایەک بووە . هەتا ئەوجێیەی تیغیان بڕیویە . لەقەلاچۆکردنی خەڵک خۆیان نەبواردووە .ئەوانەی کە هاتوون وحوکمیان بەدەستەوە گرتووە ،زەبروزەنگی تایبەتی خۆیان نواندووە. تالان و بڕۆیان پەرە پێداوە ! بۆچاو ترسین کردنی خەڵک شاریان بە کۆمەڵ قڕکردووە ! لەهێندێک ناوچە نێرینەیان لە وڵات بڕیوە ! هێندێکیان بە هەزار هەزار چاویان دەرێناوە ! لە کەللەسەران منارەیان ساز کردووە ! خەڵکیان لە بارستە خیزان گرتووە و لە سەریان داون! هێندێکیان تەنانەت ڕوحمیان بە سەگو پشیلەش دا نەهاتووە ! بەڵێ،لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لەو زاڵمو لەخوا نەترسانە .لەچەنگیزوتەیموور ڕا بگرە هەتا ئاغا محەممەد خان وشای گۆڕبەگۆڕ،هەموویان لەو قوماشە بوون .

"شا عەبباس" ئەگەر لەوانە خوێن ڕێژتر و بێ ڕوحمتر نەبووبێ کەمتریش نەبووە . کارەساتە بەسامەکانی وەک پینەی ڕەش بەسەر لاپەڕەی مێژوودا ، لە دوورەوە خۆ دەنوێنن .ئەو شا زاڵم و لە ئیسلام تەرێک بووە ، لەقەلاچۆ کردنی خەڵکدا دەستێکی باڵای هەبووە . هەرکەس سەری دڵی هەڵاویشتووە سەری لە عەرزی خستووە . ئەوەی لەلای ئەو قەدر وبایەخی نەبووە ،گیان و ماڵی نەتەوەی ئێران بووە . "موکری قڕان""ەکەی بەناو ـ بانگە بەیت وبەسەرهاتی دمدم کە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی گەلەکەماندا دەدرەوشێتەوە ، لە زەمانی حوکماتی ئەوشایەدا ڕوویداوە ساڵی ١٠١٨ ی کوچی ئەگەر یەکیک لە بەرچاوترین و خوێناوی ترین بەربەرەکانیەـ کانی نەتەوەکەمان لەبەرانبەر ستەمکارانی مێژوودایە ، هەر لەو حاڵەشدا یەکێک لە دڵتەزێن ترین بەیتەکانە .

کەم کەسم دیوە بە بیستنی ئەو بەیتە فرمێسک لەچاوی دا گۆمیلکەی نەبستبێ . کزەی لە جەرگ وهەناوان نەهاتبێ . ئاوری بۆ گەمارۆدراوانی تێنو تێبەر نەبوونی هەر وەها سەبارەت بەدڵ ڕەقی و خووی

خوێن رێژانی گەماروەدەر موچورکی بە لەشدا نەهاتبێ و مووی قرژنەبووبێ کەم کەسم دیوە قارەمانەتی خانی لەپ زێرین شوێنی دانەنابێتە سەرو لە دڵدا ئافەریمی پێ نەکوتبێ، هەروەها شانازی بەو رۆڵە نەمرە نەکردبێ.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان شی کردنەوەی بەیتی دمدم لە باری ئەدەبی، کۆمەلایەتی، ئابووری و... نیە. هیوادارم لێزانان وچازانان بۆ ئەو بابەتە قۆڵ هەڵماڵن. نەک بەیتی دمدم، بەڵکوو بەیتەکانی دیکەش شی کەنەوە وبەشێوەی عیلمی لێیان بدوێن. ئەوەی لێرەدا دەیخەینە بەرچاو ئەفسانەیەکە سەبارەت بە چۆنیەتیدروست بوونی قەلای دمدم وێدەچێ هێندێک رەخنەمان لێ بگرن وبلێین: "دەی جا رووداوێک کە شوێن و کات وقارەمانەکانی روون و ئاشکران، ئیدی ئەفسانە بۆ؟" رەنگە رەخنەکەیان راست بێ. بەلام بۆنەتەوەیەکی کە مێژووی نەنووسراوەتەوە لەرابردوودا دیواری پۆلایینی بە دەوری دا کێشرا بوو. دوژمنان کونی ئاودەلێنیشیان لێ بریبوو. تەنانەت نەیاندەهێشت لە کوولەکەشدا بانگ بدا، چی هەیە بە چاوی خۆیەوە بنێ؟ کێێ هەیە باوەڕی پێ بکا؟ کەوابوو پەنابردن بۆئەفسانەش رێیەکە بۆ دوزێنەوەی بزربووەکانمان. ئاخر زێڕ دەقوڕیشدا بێ دەتروسکێ.

ئاقلمەندی خان، بەردی خر ولێوەبر، چەرمە گا، کوڕنی ژنانی قەلا، حەمەدبەگ وئاکاری هەوای بەردی دوندی........ هەموویان جێی ئەوەن کە بەوردی بیریان لێ بکەینەوە و مووی سپی لەماست دەرکێشین.

ئەگەرچی جارجار مێژوو نووسانی چاو لەمستنووکی قەلەمیان بۆلای ئێمە خوار بۆتەوە! بەلام نە توانیویانە لەخەت لادەن. نەویستووشیانە خۆڵ لە دۆی خۆیان بکەن. ریشەی زۆربەی بەیتەکان بە رووباری مێژووی گەلەکەمان ئاودراون و لک و پۆیان دەرکردووە. هەر بۆیە دەبێ نانێکی بخۆین ونیوەی بکەینە خێر، بۆ ئەوکەسانەی بەیتیان بۆ گوتووین. سینگ بە سینگ بۆیان پاراستووین، وەک گەوهەرێکی بێ غەل و غەش پێیان ئەسپاردووین. ئێمە وەکوو کوردێک دەبێ شانازی بەوەی بکەین کەخاوەنی دوڕی عەنتیکەی وەک بەیتین.

بەلام ئەفسانەکە:

خان پیاوێکی زۆرتێگەیشتو و ئازا بوو. لە شەڕدا وەک بەوری بەیان هەلێدەکوتایە سەر دوژمن. سەری بۆکەمکەس دادەنواند. زۆر کارامە و لێزان بوو. دۆستان شانازیان پێ دەکرد، دوژمنان ئێرەیان پێ دەبرد. لە شەڕێکیدا کەلە قەفقاس رووی دا، لەخوبردوویەکی بێ وێنەی نواند. هەرلەو شەڕەدا بوو کە قۆڵێکی لەدەست دا. شاعەبباس بەهۆی ئەو لەخۆبردویەی خان، هەروەها بەهۆی نێوبەدەرەوەبوونی دەستووری دا بەزێڕینگەران قۆڵێکیان لەزێڕ بۆساز کرد. لەوێ رۆژێ را بە خانی لەپ زێڕین نێوبانگی دەرکرد.

سالێکی خان لە چیمەنی هۆزانێ هەلێدابوو. گاوانێکی دەبێ ئەوکابرایە هیچ رۆژێکی نابێ کە گاڕانی بەوەختی خۆی بێنێتەوە! جاری وا دەبوو رۆژ رمبێکی دەما گاڕان بەبێ گاوان بەنێو مالان وەردەبوو! جاری واش دەبوو هەتا مالێ نووستنانیش خەلک دەبا چاوەنوار مابانەوە! چونکە ئەوکارە ماوەیەک بەردەوام، دەبێ سکالایە دەبەنە بەر خان. خان گاوان تەلەب دەکاو هۆی ئەو کەمتەرخەمیەی لێ دەپرسێ. گاوان ولام دەداتەوە:

"ئەی خان ئەمن تەقسیرکار نیم. لەسەر دوندی ئەو کێوە بەردێکی پانی لێیە. هەموو رۆژێ کە گاڕانێ دەبەمە بەندەنێ، تێ هەلدەگەرێم دەچمە سەر ئەو بەردە. هەرکە چوومە سەرێ، هەوایەک دێتە کەللەمەوە، ئاگام لە دنیایە دەبڕێ، وەنازانم دەوری چ پاشایەکییە! گفتم رەوان دەبێ دۆست وخزمان کۆ دەبینم، گرێم لەدڵ دەبڕێ. سەری نەیارانلە

ژێرپێی خۆمدا دەبینم. ئیتر
نە گاوانیم لەبیر دەمێنێ و
نە گاران."

خان ئەوێ شەوێ هەتا ڕۆژ
بۆوە خەوی لە چاوی نەکەوت.
هەرکە گزینگی هەتاو لەدوندی
چیا بەرزو گەردەنکەشەکانەوە
مزگێنی بەیانی بۆدانیشتووانی
چیمەنی هۆزان هێنا. خان
پیاوی ماقوڵ و ردێن سپی
لەگەڵ خۆی خست. ڕووی کردە
ئەو چیایەی کە گاوان لێی
دوابوو. هەر وەک گاوان
کوتبووی تاتە بەردێکی
گەورەی لێ بوو. بۆ ڕاست و
دروستی قسەی گاوان پیاوێکی
خۆی ناردە سەر. هەربەو چەشنە
کە گاوان کوتبووی، هێندەی
پێ نەچوو حاڵی گۆڕا دەستی
کرد بە دەستووردان وفەرمان
دان. قسەی وای کرد کەهەرگیز
لێیان نەبیستبوو! ئەوی
هێنا خوار یەکی دیکەی ناردە
سەر. ئەویش هەر بەو چەشنە
دەستی کرد بەقسەی سەیر،سەیر
خان بڕیاری دا بۆخۆی وەسەر
کەوێ. پێی کوتن:

"ئەمن ئەوە دەچمە سەر
لێم گەڕێن با هەوایەکم بێتە
لە کەللەیەوە. بەڵام پێش
ئەوەی حاڵم بگۆڕێ بمهێننە
خوار... خان چووە سەر هەر
وەک بۆخۆی کوتبووی پێش
ئەوەی حاڵی بگۆڕێ هێنایانە
خوار.

دوای ئەو ڕووداوە خان
کۆڕێکی بەست.پێشنیاری کرد
کە لەو جییە قەڵایەک سازکەن.
پیاوی ماقوول وردین سپی ئەو
پێشنیارەیان پەسند کرد.بەڵام
کوتیان:

"حەستەمە شاعەبباس ئیزنی
شتێکی ئەوتۆمان پێ بدا
دڵنیاین کە بەرهەڵستیمان
دەکا. خان کوتی:

"داوای دنیایەکی لێ ناکەم
تەنیا جێی چەرمەگایەکم لێ
دەوێ."

هەر لەسەر ئەوبڕیارە نامە-
یەکی بۆ شا نارد. داوای لێ
کرد لەووڵاتە زۆرو زەوەندەدا
جێ چەرمە گایەکی بداتێ! شا
سەری لەو کارە سوڕما، کوتی:

"جابۆ جێی چەرمە گایەک؟!
ئەوە ئەمنیش دامێ، جێ چەرمە
گایەکی چ لێ دەکا!؟ بۆئەوەی
کە دڵی خانی نەشکاندبێ. هەر
وەها چوونکە پێی شتێکی زۆر
گرینگ نەبوو.وڵامی بۆناردەوە:

"ئەوە جێ چەرمەگایەکم
دایەێ."

خان هەرکە ئەو وڵامەی بۆهاتەوە
دەستوری دا گایەکی زەلامیان
لە عەرزیدا، کەوڵیان کرد و
چەرمەکەیان ڕاهێنا.تەنانەت
لە داوە دەزوشیان باریکتر
لێ کرد. ئەو هەودایەیان لە
دوندی کێوەکە وەرێنا! شوورەی
دیواری قەڵایان لەسەر هەودای
چەرمە گا دامەزراند.دەستیان
کرد بە دانانی قەڵایەکی
یەکجار قایم وپتەو.کانییەک
لە سەرەوەی قەڵا بوو. ئاوی
ئەویان بۆ قەڵایە کێشا و
سەریان داپۆشی. بێجگە لە
دانیشتوانی قەڵا هیچ کەس لەو
رازە خەبەردار نەبوو. بۆ
ئەوەی رازی قەڵا بڵاونەبێتەوە
خان دەستوری دابوو هیچ کەس
حەقی نیە لە قەڵا وەدەرکەوێ.

لەلایەکی دیکەوە گزیکاران
و دوژمنانی خان، بەردەوام
بە گوێی شایاندا دەخوێندکە
خان جێی مەتمانە نیە، بە
هێندت ناگرێ، بە هەوایەی
سەربزێوی یە. هێندەیان
لەبەر خوێند هەتا خوت
خوتەیان خستە دڵیەوە. شا
بۆوەی کە لەنیەتی خان ئاگادار
بێ،پیاوێکی خۆی بەدزی ناردە
قەڵا. پیاوە هات و بوو بە
کرێکاری بەردەستی یەکێک لە
وەستاکانی قەڵا. نیزیک بە
مانگێک لەوێ ماوە، دوای
هەڵسەنگاندنی شوێن وچۆنیەتی
قەڵا، لە دەرفەتێکدا وەدەر
کەوت. بە سەر ڕەو خۆی
گەیاندەوە خزمەتشای. لە
چۆنیەتی قەڵا وبیروباوەڕی خان
ئاگاداری کرد.

هێندەی پێ نەچوو شا
لەشکرێکی یەکجار قورسی هێنا
سەر قەڵا چەند مانگان
حەولی دا بۆی نەگیرا. بە
دەستووری خان خۆڵەپۆتین یان
بەبەر دەرکی دەروازەی قەڵا
وەرکردبوو، دار کێلەیان لێ
دابوو.. هەر کەس بەسەری دا
ڕۆیبا شوێنی دیاری دەکرد.

دەڵێن شەوێکی حەمەدبەگی
لێتان" نالی ئەسپی بەرئاوەژو

لێدا ، بەدزی لەقەڵاوەدەرکەوت
و خۆی تەسلیمی لەشکری شا ی
کرد ! پێی کوتن :" حەول و
تەقەلای ئێوەبێهوودەیە .تەنیا
ڕێگای گیرانی قەڵا ، گرتنی
سەرچاوەی ئاوی قەڵایە . ئەمن
حازرم پێتان شان دەم "وەپێش
لەشکری کەوت ،یەک ڕاست
بردنیە سەر کانیەکە. سەریان
داوە وئاوەکەیان هەڵبڕی.بێ
ئاوی وردە وردە تەنگی بە
دانیشتوانی قەڵا هەڵچنی.
مەجبور بوون بەدەستێوە دەن.

دەڵێن پاشگیران و قەڵاچۆ
کردنی دانیشتوانی قەڵا،پیاوی
شای کە لەمەوبەر مانگێک لە
قەڵادا کاری کردبوو. بانگی
حەمەد بەگی دەکا ولێی دەپرسێ
هۆی هاتنی تۆ بۆنێو لەشکری
چ بوو؟ چۆن بووکە سەرچاوەی
ئاوی قەڵاکەت پێشان داین ؟
حەمەد بەگ دەڵێ :
" دانەلغاوی ئەسپم لەزێر
بوو ،داوام لێ کردن نالێ
ئەسپیشم لەزێڕی ساز کەن .
بەڵام بە قسەیان نەکردم
کوتیان : "جاری وەختی نیەا
ئەمنیش لە دڵم گران هات
بۆیە بەجێم هێشتن ." کابرا
پێی دەڵێ :" ئەمن مانگێکم
لەو قەڵایە کار کردووە . بە
سەرچاوەی ئاوەکەشم دەزانی .
بەڵام چوونکی نان و نەکم
کردبوون باسم نەکرد. ئەتۆی
کە وەفات بۆ وان ئاوا بێ بۆ
ئێمە چۆن دەبێ ؟ واچاکە لە
سەر رووی دنیایە نەمێنی..
دەستووری دا گۆشا و گۆش
سەریان بڕی .



* * *

دمدمم بەردێکی زۆپە
لێیان داتۆپخانەوتۆپە

* * *

دمدمم بەردی لەنزاری
لێیان داتۆپی هەوشاری
جەوت شەوورۆژان ئاوردەباری
دونیای داگرت بەیەکجاری
خەبەر چوولەبۆهەوشاری

* * *

دمدمم بەردێکی دەبەیە
لێی دەدەن بەتۆپی کەلەیە
کاریتەی گەییە کۆکەیە
دمدمم بەردی مەیدانێ
لێی دەن تۆپی لەکارخانێ
کاریتەی گەییە هۆزانی

* * *

خانێک رابوولە کوردانە
کێ بوولەحەمەدبەگی لێتانە
رووی رەش بێ دەگەڵ جووانە
لەسەریەک نیمچوون ناڵانە
زیزبوو چووبۆنێو ئەوانە
پێی نیشان دان سوولەخانە

دمدمم بەردی لەبەردی
لێی دەدەن بەتۆپی نەبەردی
تارۆژی مەردی ونامەردی

* * *

دمدمم بەردی مەیدانێ
لێی دەن تۆپی ئیسفەهانێ
تۆزگرتی بەری ئاسمانێ
مەرد چاک تێدا دەگرن مانێ
بۆرۆژی ئاخر زەمانێ

* * *

دمدمم بەردێکی شینە
چوار زستان وپێنج هاوینە
تێیدا خانی لەپ زێڕینە
زەفەریان پێ نەبردینە

* * *

دمدمم بەردێکی پانە
لێیان داتۆپ وتۆپخانە
قەڵاتی پێ بکەن وێرانە

* * *

مارف
ئاغایی

جوغرافیای شنۆ

بەشی یەکەم



شاری شنۆ لەجەنووبی ورمێ لە باکووری رۆژئاوای شاری نەغەدە هەڵکەوتووە. مام، ناوەندی بەرزایی ۱۴۷۰ میترە و بەرزترین جێگای لەباکووری رۆژئاوا ۳۵۰۰ میترە.

لە عەرزی جوغرافیایی ۳۸° دەرەجە و ۲ دەقیقە و۳۰ سانیە و لە توولی جوغرافیایی ۴۵ دەرەجە و ۶ دەقیقە دایە و ئیختلافی سەعاتی لەگەڵ شاری تاران بیست دەقیقەودوازدە، سانیەیە

شنۆ شارێکی چکۆڵەی پڕ لە جوانی یە. چۆمێکی گەورە بە نێوەڕاستی شاردا تێدەپەڕێ و دیمەنێکی تایبەتی داوەتێ و شاری دووبەش کردووە. بەشێکی شار لە لای شومالی ئەو چۆمە دایە کە ماڵەکانی زۆربەیان بە چەشنی قەدیمی ساز کراون و بڵیند ونەوی یان زۆرە و تەنانەت لە زۆر جێگایان وەتەپۆڵکان کەوتوون. ئەو گەڕەکانە کۆنترین بەشی شارن بەشی دیکەی شار لەدەشتاییدا هەڵکەوتووە وزۆربەی خانووە،-کانی بە سمیت و خشت چاکراون وبەئاسن داپۆشراون جوانی باغەکانی پڕ لەسەوزەو گوڵ و میوەی خۆشی وەکوو گێلاس سرنجی زۆر رێبوار و گەڕیدەی وەک ابن حوقل حەمدوڵڵا مستەوفی و یاقوت حموی و... بۆ لای خۆی راکێشاوە وشنۆی کردۆتە گوڵی باغی کوردستان.


جوغرافیای مێژوویی

۱- ناوی شاری شنۆ لە پێشوودا (اُشنو) بووە کە لە زمانی کەلدانی قەدیمدا (عشنو شنۆ،ئەشنۆ) بەمانای (قەڵا،دژ بورج،مەتەرێز، دیوار) کە عشنو لە بەردی کێلەشیدا بە خەتی میخی هەڵکەندراوە.

۲- شنۆ لە پێشوودا "اُشنە" بووە کە بە مانای گیایەکی بۆن خۆشە وبەفارسی بەوگیایە دەڵێن "دوالە" کە لە داری گوێز وسنەوبەر داڵێ و لە کەتیبەی کۆرشدا لەئەیالەتی (اُشنوناک) ناوبردراوە کە هەمان "اُشنو"یە وگۆیا باجیان داوەتە کۆرش.

۳- لە مێژووی پەیدابوونی شاری شنۆ بەڵگەیەکی قایمان لەدەستدا نیە بەڵام ئاسەواری مێژوویی وەدەستهاتوو لە تەپکی دەنخەدا دەردەکەوێ کە لە زەمانی پێشوودا لەو ناوچەیە قەومی ئاشووردەژیان. بەڵام ئەو قەومە بە هۆی رووداوی مێژوویی لەناوچوون و ئەوانەی کەزیندوو مان لەو ناوچەیەوە دەرکەوتوون هەتا زەمانی سەفەوی لە چۆنەتی شار زانستێکی ئەوتۆ بەدەست نەهاتووە. بەڵام لە هەوەڵەکانی سەردەمی دەسەڵاتی سەفەویدا قەومەکانی ئەرمەنی بەهۆی هێرش وئازاری لەشکری عوسمانی پەڕیوەوئاوارە بوون و بەهۆی لایەنگری دەوڵەتی ئەو کاتی ئێران لە شیمالی غەربی ئێران نیشتەجێ بوون بەڵکوو ئەوان شاری شنۆیان پێک هێنابێ. ناوی شنۆ (اشنو اشنە،یا شنود) بووە کە لە قامووسی ئەرمەنی دا بەمانای لێوی دەرەیە. و ئەوەی کە قەدیمیترین بەشەکانی شار لە

لای شیمال (باکوور) لە لێوی دەریاچە دایە. خۆی بەڵگەیە کە بۆ پێک هاتنی شار بە دەستی ئەرمەنییان لە پاش بێ هێز بوونی دەوڵەتی سەفەوی و بە تایبەت لە کاتی دەسەڵاتی ئەفغانەکان لە ئێران بەهۆی ناکۆکی زۆر وهەرج ومەرجی وڵات و هێرشی قەومەکانی کورد و تورک ئەرمەنییەکانی نیشتەجێ لەو شارە ناعیلاج بوون بچنە شاری ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەر و لە جێگای وان قەومەکانی کورد وردە وردە لەو ناوچەیە دامەزران هەتاکوو لە ساڵی



١٢٤٥ هـ.ق (١٨٦٥میلادی) لە سەروبەندی شەڕی نێوان ئێران و رووس ناوچەی شنۆ بۆ ژیان درا بە تایفەی زەرزا. لەپاش ناکۆکی و شەڕ لەو ناوچەیەدا لە ساڵی (١٢٨٠هـ.ق) تایفەی زەرزا لە بەخشەکانی رندۆڵە بابۆڵە و شەترە لە ناوچەی سنووری نێوان ئێران وعێراقدا نیشتەجێ بوون و دەستەیەک بە ناوی تایفەی مامەش لە شاری شنۆ جێگر بوون. کە لەپێشدا گەڕەکەکانی شومالی رووباری شنۆیان پێک هێنا و لە پاشان بە هاتنی تایفەی زەرزا و هێندویەهودییەکان و گەورە بوونی شار گەڕەکی کەرخۆر، هیندوەکان و یەهودییەکان پێک هاتن. بۆ ئەوەی کە یەهودییەکان کەنگێ هاتوونەتە شاری شنۆ بەڵگەیەکی پتەومان لەدەستدا نیە بەڵام ئەو یەهودییانە هەتا پێش حکوومەتی ئیسرائیل لە شاری شنۆ بە ژمارە پلاکی ٥٤١، کەنشتیان لەناو شاری شنۆدا بووە کە پاش ماوەیەک ئەو جێگایەیان لێ ستاندوونەوە لە گەڕەکی جووان کەنشتێکی دیکەیان بە ژمارە پلاکی ٥٤٨ ساز کردووە و لە ساڵی ١٣٣٢ (ک. هـ) بەرامبەری ساڵی ١٩٥٣ی میلادی و پاش دامەزرانی حکوومەتی ئیسرائیل چوونەوە وڵاتی داگیرکراوی فەلەستین و هەروەها هیندوەکانیش تەنیا هێندێکیان لەو شارە بنەگر بوون و زۆربەی ئەفرادی هۆزەکە چوونە ناوچەی سنووری ئێران و عێراق لە ساڵی ١٣١٩ (ک.هـ)دا ئەرتەشی شووڕەوی (لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا) هاتە شنۆ.


٤- گویا سێزدە قەرن پێش میلادی مەسیح شنۆ شارێکی زۆر گەورە و ئاوەدان بووە کە نێزیک بە چوارسەدهەزار کەسی (بە گوندەکانەوە) دانیشتوو بووە و چوار دەروازەی بووە کە هەرکامەی بە چەشنێ قەڵا و دژێکی قایم لە چوارلای شار داندراوە یەکەم: ١- دەروازەی قەڵا تۆک کە لە شومالی غەربی شاردا ئێستاش ئاسەواری ماوە و دەریاچەی قەڵا تۆک یا کێوی زمە لە کن وێ بووە ٢.- گوندی ئاسناوێ کە لە سێ کیلۆمیتری جەنووبی شار لەسەر تەپکۆڵەیەک داندراوە.

٣- گردکاشان لە شومالی شەرقی یا باکووری رۆژهەڵاتی شنۆدا لەسەر تەپکێک چاکراوە.

٤- رکاباد کە لە سەرەوەی جادەی شنۆ-نەغەدەیە.

هێندێک پێیان وایە کە شنۆ بەهۆی لەوێ بوونی مەلەکەی سەبا بە ناوی شاری سەبا ناوبانگی دەرختووە بەڵام بەداخەوە هیچ بەڵگەیەکم لەو بارەوە دەست نەکەوت.

ناوی شاری شنۆ بە ناوی




عشنو لە بەردی کێلەشین دا بە خەتی میخی هەڵکەندراوە. ئەو بەردە ٩٠٠(نۆسەد) ساڵ پێش دانانی تەختی جەمشید لە سنووری نێوان ئاشوور وولاتی ئوراتوور (ئەرمەنستان) دیاری کراوە و مەسیحی یەت لەسەدەی پێنجەمی میلادی لە کوردستان تەنەوەی کردووە و شاری شنۆ بۆتە جێگای ژیانی ئۆسقۆفەکانی گەورەی نەساری هەروەکوو لە کتێبی مێژوویی"مارآبادا" هاتووە. ناوی ئۆسقۆفی گەورە ماردنخا بووە کە کلیسایەکی گەورەی داناوە وپردەکانی شار بە فەرمانی ئەو ساز کراون ئێستاش "دیرمارابراهم" دارولعولەمای مەسیحی بە چەشنێکی خەرابوو ماوەتەوە، لەپاش کوشت وکوشتارێکی زۆری نەساری یان مەجبوور بوونەلە شنۆرا بچنە شاری نەغەدە ولە

ساڵی ١٩١٨ی میلادی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا مەسیحی یەت و نەساری لەو ناوچەیە لەنێو چوون. دووهەزارو پێنسەد (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر بوومەلەرزە شاری شنۆی هەڵتەکاند و شاری بەتەواوی خەراپ کردو زەرەرێکی زۆری گیانی وماڵی لە خەڵکدا لە پاشان وادەرکەوت کە ئەوبوولەرزەیە

بەهۆی ئاتەشفشانی کێوی ڕەندۆڵە بووە.

لەساڵی ١٩٠٩دا عوسمانی‌یەکان شاری شنۆیان گرتەوە و زۆریان خەڵک کوشت وشەڕی نێوان عوسمانی و رووس، زیانێکی زۆری لە خەڵک دا لەپاش رووسەکان نۆبەی (ئاشووری یەکان) گەیشت کە هێرشێکی بەربڵاویان بۆ شار هێنا وبەزەیی یان بە ژن و منالیش دا نەهات و لە پاش ئەو شەڕە گرانی پەیدا بوو. پاش مردن و لەنێو چوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک ئەوانی کە مابوون رایان کرد بۆ شارەکانی دیکەوژمارەیەکیشیان چوونە (عێراق) و بۆ لای شارەکانی کەرکووک وموسڵ چوون کە بەهۆی سەرمای زۆرو بەفر و رنووی زستان لەسێزدە هەزار کەس خەڵکی شنۆ تەنیا چەندسەد کەس زیندوو مانەوە

کەمترین دەرەجەی گەرما لەمانگی سەرماوەز (دیماه) دایە



شەو وردە ،وردە لەسەرەخۆ چارشێوی رەشی بەسەر ولات دەکێشا . شنەبای بەهاریلک وپۆپی دارەکانی دەلاواندەوە و بەدەنگی خۆشی لای لایە دەخەوی دەکردن . خەلک وەک ماسی نێو دەریای بێ شەپۆل بۆ حەسانەوە و دەرکردنی ماندوویی لەش ، بەرەو مال دەچوونەوە . ئەستێرەکان بە تروسکەی خۆیان ئاسمانیان جوانتر دەکرد . منیش دوای خودا حافیزی لە هاوالانم بەرەو کانگای خۆشی و شادی وەرێ کەوتم .

خەیال هەلیگرتم نەمزانی چۆن گەیشتمەوە مال لەپڕ بە دەنگی ناسک و بلاوێنی کیژۆلە بچکۆلەکەم کە دەیگوت : بابە گیان ، بابە گیان ،وەخۆ هاتمەوە و لە دەریای خەیالات هاتمە دەر . خۆی لەئامێزم هاویشت و بە هەلپە وتامەزرۆییـ یەوە ئەولاو ئەولای ماچ کردم ،منیش توند لەئامێزم گرت ودەستم بە سەری دا کێشا و بەرەو مال وەرێ کەوتین . لەرێگادا هەر چاوی لێدەکردم ودەیگوت : " بابە گیان زۆر جوانە !"

منیش دەمگوت : ئاخر چی جوانە رۆلە گیان ؟

ـ بابە گیان بابچینەوە ژووری پێت نیشان دەدەم .

ئەوکاتەی گەیشتمەوە مال بە پەلە هەلاتە نێو وەتاغەکە وپاشماوەیەک بەگرژی هاتە دەرو گوتی : " دایە کوا لە کوێ یە ؟ " دایکلە وەلامدا گوتی: چی رۆلە ؟

ـ ئەوەی مامم بۆی هێنابووم .

ـ بزانە هەر لە ژووری یە. رووم لە خێزانم کردو گوتم:

-چیە ؟ ئەو کچە لە چی دەگەرێ ؟ بۆ هەر بۆئەملا و ئەولا دەچێ ؟

خێزانم گوتی : هەر ئێستا بۆخۆی پێت دەلێ .

لەپڕ بە دەنگی ناسکی هاواری کرد :

دیتمەوە ، دیتمەوە!بابە گیان چاوی لێکە ، مامم بۆی هێناوم .گۆواری خۆمە ، چاوی لێکە چەندە جوانە !

ئەوکاتەی لە دەستم وەرگرت دیتم راست دەکای خۆی بوو ،گۆواری جوانی " سروە " بوو. بە پەلە لە دەستی فڕاندم ، لە ئامێزی خۆی گرت و گوتی :

ـ ئی خۆمە زۆرم خۆش دەوێ ،ناتاندەمێ .

فرمێسک بەچاومدا هاتە خوار و پێم گوت :

پیرۆزت بێ " سروە " گیان .



ئێمه سروه و...

سه‌رده‌شت :محه‌مه‌دپه‌ناهی

له‌باری گوندی خۆتانه‌وه هه‌رچی ده‌زانی بینووسه. ئه‌گه‌ر ده‌سته‌ی نووسه‌ران په‌سندی کرد چاپی ده‌که‌ین.

سه‌رده‌شت :مسته‌فا عه‌بدۆڵی

ئێمه شناوی کاک عه‌ولاغالّه سواره‌مان بیستووه به‌ڵام هیچ له‌باره‌ی ژیانی ئه‌ودا شاره‌زا ـ بیمان نیه .

ئه‌گه‌ر ده‌توانی به‌سه‌رهاته‌که‌ی بنووسه تا زوو بڵاوی بکه‌ینه‌وه وخه‌ڵکیش که‌لکی لێ وه‌ربگرێ وئه‌م هونه‌رمه‌نده‌ش باشتر بناسرێ.

بۆکان:ئیسماعیل حوسێنی زاده

ـ ژن به‌ژنه درێژه‌ی هه‌یه وبه‌ره‌به‌ره بڵاوده‌کرێته‌وه

ـ ئه‌م وشانه‌ی له‌زمانی کوردیدا (ع)ی تێدایه‌عه‌ره‌بین به‌ڵێ هه‌مووکه‌س ده‌توانێ هاوکاری سروه‌بێ وجێگه‌ی له سه‌رچاوانه .سروه هی‌هه‌موانه وبه هه‌موان جوان ده‌بێ .

مه‌هاباد :فه‌رهاد ئێرانپه‌نا

ـ ئه‌وه‌ی دوسته‌ی‌نووسه‌رانی سروه له‌ده‌ستی بێ سه‌باره‌ت به رێنوێنی خه‌ڵک درێغی نیه یه‌تایبه‌تی شاعیران و نووسه‌رانی لاو،

بانه :ع- سادقی

هیوادارین بتوانین له ژماره‌کانی داهاتوودا ژیاننامه‌ی ماموستا هه‌ژار بڵاو بکه‌ینه‌وه .ئه‌وده‌م وێنه‌که‌شی له‌گه‌ڵ چاپ ده‌که‌ین.

وێنه‌ی خوالێخۆشبوو ماموستا هێمن له "کونگره‌نامه" و"سروه‌ی‌ژماره‌پێنج"دا هه‌یه .

مه‌هاباد :سوله‌یمان ته‌حریریان

هیوادارین له‌ژماره‌کانی داهاتوودا بتوانین به‌شی وه‌رزش به‌شێوه‌یه‌کی نوێ و پڕنێوه‌رۆکتر له‌جاران بڵاو بکه‌ینه‌وه .

سه‌رده‌شت :محه‌مه‌دره‌سوڵیان

ئه‌م کورته چیرۆکه‌ی بۆت ناردووین، کورت کراوه‌ی‌کتێبی "باقه‌بێن" نووسراوی" قازی ئه‌حمه‌د"ه .به‌ڵام‌دووعه‌یبی هه‌یه .یه‌که‌م ئه‌وه که نه‌ت نووسیووه‌له‌م‌کتێبه‌ت وه‌رگرتووه ودووه‌م بابه‌ته‌که‌شت به‌جوانی کورت نه‌کردۆته‌وه .

هیوادارین به‌رهه‌می جوانترمان بۆبه‌رێ بکه‌ی‌و ئه‌گه‌روتارێک یا کورته‌چیرۆکێک له‌جێگه‌یه‌کت وه‌رگرت ناوی چاوه‌که‌ی بنووسی. چون ئه‌وه شه‌رتی ئه‌مانه‌تداری ئه‌ده‌بیه.

سه‌رده‌شت :سه‌لام‌که‌ریمی

له‌وه‌ڵامی پرسیاره‌کانتدا ده‌بی بڵێین به‌رله‌وه که نامه‌که‌ت بگا سروه‌ی ژماره ، ده به‌رێ کرابوو.

سه‌رده‌شت :ئه‌بووبه‌کر

له بابه‌ت ساڵی په‌یدا بوونی رای جۆراوجۆر هه‌یه . ده‌سته‌یه‌ک زانا ده‌ڵێن ته‌مه‌نی دونیا له پێنج میلیۆن ساڵ تیده‌په‌ری. له قورئانی پیرۆزدا باسی ئه‌و مه‌سه‌له نیه .

نووسینی خه‌ت ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر پێنج هه‌زار ساڵ پێش له‌دایک بوونی مه‌سیح (د.خ)

نووسینی کوردی زۆرله‌مێژه باوه .شیعره‌کانی باباتاهیری هه‌مه‌دانی به‌کوردی بوون هه‌روه‌ها له‌سه‌ره‌تای په‌ره‌گرتنی ئیسلامدا کوردی نووسین باوه بووه . به‌ڵام به‌وشێوه‌که ئێستا ئێمه‌پێی ده‌نووسین زۆر له‌مێژنیه .

کورد زانای گه‌وره‌ی زۆر، بووه وئێستا شنه‌ته‌وه‌ی کورد به‌هه‌زاران زانا و نووسه‌ر وپیاوی گه‌وره‌ی هه‌یه . ئێمه ناتوانین زاناترین کوردت له‌رابردوودا بۆده‌ست‌نیشان بکه‌ین.

خانێ:مراد قادری، عومەر محەممەدپوور

داواکانتان لەسەرسەران ، لەسەرچاوان.

بەیتی زەمبیل فرۆش چاپ دەکەین. سروەش بووە بە مانگانە هیواداریین بەناردنی وتاروبابەتی جوان یارمەتیمان بدەن.

دیاری ئەم ئازیزانەشمان پێگەیشتووە سپاسیان دەکەین وبەرەبەرە لەبەشی دیاریدا کەلکیان لێ وەردەگرین:

مەستوورەرانیەیی ـ رەحیم بەهرامی ـ عومەر سەلامی م ـ ع ـ مەحموود جیهانی ـ ک ئیبراهیمی ـ سەیدنجمەدین عەبدوللاپوور ـ م ـ شیوەن عوسمان کاژەیی ـ فایق یۆسفی سامال غەمبار ـ سەلاح سەید محەممەدی ـ کەریم کەریمی حوسێن ئەمین ـ موحسین مەسعوودی ـ پەرویز ـ م ـ جەعفەر جاویدفەر ـ سەعد ئەمیری، حوسێن عەبباسی رەحیم باپیرپوور ـ ج ـ ق ـ مالە ـ حیسام فاتمی ـ محەممەد دلێر ـ سەلام سوارە ـ سەلاح شێربەگی ـ سەلاحەدین سەید حەبیب ـ محەممەد ئەمین لەشکری ـ حاسڵ قادری ـ ئەمیر محەممەدی ـ سمایل قالۆپی رەحمان حاجی ـ کەمال یۆسفی عوسمان خزرپەنا ـ حوسێن چووکەلێ ـ ئەحمەدزهرایی سەلیم حوسێن ئاسی ـ حوسێن شێخ ئاغایی ـ ئەحمەدبەحری محەممەد بایەزیدی ـ عەلی زالە ـ سەعید محەممەدزادە، سەید واحید شوکری ـ تاراو ،باقی سەفاری ـ مەعرووف فتووحی ـ هوشیار بێورەیی مستەفا مامەند چۆمانی قادر قادری اقدم ـ محەممەد ئەمین مودەرریس ـ سەید ئیسماعیل سەید شوکری محەممەد ئەمین سەید عەبدوللاهی محەممەدرەسوول بولەندگرامی ـ ش ـ ع ـ خەمبار سولەیمان مەجیدی ـ خدر مەحموود روستەم ـ سەید لەتیف قادر زادە ـ رەسوول محەممەدی ـ هیوا ـ ئازاد، مەلاقادر ـ سەعید بێ بەش عوسمان کەس نەزانی ـ عوسمان ئیسماعیل پوور ـ ئەبووبەکر رەشیدی ـ سولەیمان بێبەش زورار پەیغامی ـ زورار مەنگوری لالەئەحمەدی ـ م ـ اوستا زاهید قەلاتیانی ـ حەسەن پەرێشان ـ ئیبراهیم رەحیمی " شەفیع جەهانگیری "

نامەودیاری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە سپاسیان دەکەین.

سەلاح عەرەبی،ئەرسەلان مامرەسوو ،غەفوورئەحمەدی ئەبووبەکر رەحمانپوور ئیبراهیم ـ ق، عەلی سولەیمان ـ زادە ،ناسرناسری، سەنگان مستەفا رەحیمی، محەممەد کەریمزادە ،عەبدولقادر بەرزەنجی، شەهلا حەسەن نژاد، بەختیار میعماری، سەعید شەرافەتی،سولەیمان عەبدی محەممەد سوباتی، ئەنوەر راوەندی،ئیبراهیم رەبانی محەممەدتەنهایی، سولەیمان زەینەدینی، رەسولی مەجالی عومەر ئەحمەدزادە ،عەبدولعەز ـ یززەمبیلی،سیروان ـ الف محەممەد ئەحەدی،م ـ ئوستا ، محەممەد میوانەای، عومەر زیرەک، خالید حوسێن پوور فەیزوڵڵەسەجادی،عوسمان مستەفا پوور،مستەفا شاریکەندی کەریمدافعی،محەممەدزاهیر علیپوور ،حامید نیعمەتی،سەلام کەریمی،فەرهاد جەهانمیهەن قادر ئارمەند ،فەرهاد شەریف ـ نژاد، جەلیل پوورشاد، جەعفەر رەحمانی، عەبدوڵڵە ئەحمەدبریوی، رەسوول رەشەـ حمەدی، سەیدرەسوول گوڵدەستی جەعفەر جاویدفەر، ئازاد مەلا قادر ،کاوە خالید، محەممەد رەسوول برووشان،حاجی رئووف سەلیمی، محەممەد مەولانی ، مرادرەسوول ئەحمەدی،عەبدوڵڵا عەلیپوور ،ج، ئاشتی،زەزا رەحمەتی،سەیدعەبدوڵڵاسەمەدی جەبار مەحموودگولاری محەممەدئەمین شامحەممەدی ئەحمەدشەریف پەنا ، هیوا ، محەممەدئەمین مەولانی، ئەنوەرساوجبلاغی، سولەیمان پوورمحەممەد ،حوسێن شێخەزادە مستەفائیسماعیل پور ، رەحیم بەرقی جانی،سەباح رەسووڵ جبراییل، مەسعوود ئیسماعیل سەدەفی،ک ـ د ـ ئازاد،

ژن بە ژن

کەریم قەییوومی

٢ ...ژن بە ژنە؟

بەر لەوە باسی ژن بەژنە درێژە پێ بدەین پێویستە چەند وردە باسێک روون بکەینەوە .

ژیانی کوردەواری بە درێژایی مێژوو لەسەر کشت و کاڵ و ئاژەڵداری دابین کراوە ئێستاش لە سەردەمی ئێمەدا کە سنعەت وبازرگانی وکارمەندی لە شارەکاندا پەرەی گرتووە ، کاری کشت و کاڵ و نێوان ناخۆشی یان بووە و زۆر جار دیتراوە کوشت وکوشتارێکی سامناکیان لێک کردووە و چەندین کەسی بێ تاوان بوونە دەستەچیلەی ئەم ئاورە .

هەڵبەت ئەم شەڕ و نێوان ناخۆشی یانە چەند هۆی هەیە کە دەکرێ لە نێو ئەواندا ئیشارە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین .

هەڵدایسێ و زۆرکەس دەکوژرێن – بۆ ژیانی عەشیرەتی گەورەترین شت مەڕە . بۆباشتر بەخێوکردن وپەروەردەکردنی مەڕوپاتاڵ پێویستی بەتفاق و لەوەڕگە وگەوەڕی زەنوێر و بژوێن هەیە . کوێستان وهەوارە مەڕیش وەک رێ وبان لەنێوان چەند هۆزو عەشیرەدا بەش کراوە . هەر عەشیرەیەک زۆر–



ئاژەڵداری لە گوندەکاندا هەر درێژەی هەیە و زوربەی خەڵک لەم رێگەوە بەڕێ دەچن .

١–ژیانی کۆچەری :

هەموو دەزانین کە ژیانی کورد لە رابردوودا خێڵەکی بووە و کوردستان لە چەند هۆز و ئێل و عەشیرە پێک هاتووە کەهەر یەکە بۆ خۆی هێندێک تایبەتی سەربەخۆی بووە . لە لایەکی دیکەشەوە ئەم عەشیرەتانە لەگەڵ یەکدی

– ژیانی مەڕداری پێویستی بەگەرمێن و کوێستان هەیە و رێگەی هەواریش لەبەر دەستی عەشیرەتێک یا چەند عەشیرە دایە . جا ئەو مەڕدارەی پێیدا تێدەپەرێ دەبێ باجێکی بدا بەم عەشیرەتە کەرێگاکەی بەدەستەوەیە . جا لەسەر ئەوە کە رێگەی هات وچۆی دەبەستوێ یا خۆ عەشیرەتەکە دەیەوێ ئەم رێگایە لەبەردەستی خۆیدا بێ، شەڕ و هەڵلا،

تری جێ ورێ بەدەستەوە بێ بەدەستەلاتترە . زۆرجار لەسەر ئەوە کە مەڕی ئێلێک پەریوەتە بژوێن وبێرروپاوان و **گەوەڕی** تایبەتی ئێلێکی دیکە ، بۆتە هۆی شەڕوهەڵلایە –کی زۆر .

کچ لێک هەڵگرتن :

ئەو مەبەستەش لە ژیانی عەشیرەتیدا زۆر گرینگە .کوڕی عەشیرەتێک کچ لە عەشیرەتێکی دیکەهەڵدەگرێ ودەبێتە مایەی

شەڕو نێوان ناخۆشی .چون ژن ومنداڵی عەشیرەت ، نامووسی هەموو عەشیرەکەیەوبەدرێژایی مێژوو زۆرترین وساناکترین شەڕ و کوشت و کوشتار هەر لەسەر مەسەلەی ناوبراو ساز بووە .

بەڵام بۆ کچ هەڵدەگیرێ . ئەوەش بابەتێکە کە دەبێ بە وردی قسەی لەسەر بکرێ .

رەنگ بێ بەرواڵەت پێوەندی بەباسەکەوە نەبێ بەڵام بە بڕوای من نەتەنیا زیادی نیە بەڵکوو هۆیەکی بنەڕەتی ژن بەژنەشە .

لە ژیانی عەشیرەتیدا کچ خواستن بەر لە هەموو شت بەستە بە نەزەری سەرۆک عەشیرەتە . یانی خوازبێنی لە سەرۆک عەشیرە دەکرێ و رەزاو ناڕەزایی سەرۆک عەشیرە دەبێتە هۆی سەرگرتن و سەر نەگرتنی زەماوەند .

دوای ئەوە کە سەرۆک عەشیرە رازی بوو (کە رازی بوونی ئەویش چەند شەرتی دیکەی هەیە) ئەمجار دەبێ باوکی کچەش داوای خۆی بکا ، ئینجا کچ مارە بکرێ .

دوای ئەوە کە کیژ مارە کرا دەبێ بە بۆنەی ئەم پێوەندە شیرینەوە **دیاری یەک** بۆ سەرۆک عەشیرەت بنێرن لە بەران و نێری یەوە بگرە هەتا کەڵەشێر وقەندو....

دوای ئەوە کە دیاری ئەرباب گەیی ، نۆرە دەگا بە **چەکە خاڵانە** خاڵی کیژ بۆئەوە کە رەزابێ دەبێ لەم سێ شتە یەکیانی بۆ بچێ ئەسپ،تفەنگ دەمانچە .

دوای ئەوە وەختی گوازتنەوە نۆرەی **پشتەدەری** یا **پشت دەرکانە** . یانی یەکێک لە پشت دەرکەی ئەم دیوە کە بووکی تێدایە رادەوەستێ و نایەڵێ بووک بەرن ، هەتا پشتەدەری وەرنەگرێ .

هێندێک کەندوکۆسپی ورد و درشتی دیکە ...

پاش ئەم کورتە باسەواباشە بێینەوە سەرئەسڵی باسەکە و ژن بەژنە لەژیانی خێڵەکیدا باس بکەین . ژن بەژنە لەئێل و عەشیرەتدا دوو هۆی هەیە یەکیان ئەوەیە کە وەختێک کچی عەشیرەتێک دەچێتە نێو عەشیرەتەکەی دیکە دەبێتە هۆی خزمایەتی و پێوەندی نزیک لە نێوان هەر دوو عەشیرەتدا کە تا رادەیەکی زۆر دەبێتە بەرهەڵستی شەڕ و کێشە .

هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە کە هەردووعەشیرەت دەتوانن لە ، لەوەڕوهەواری یەکدی کەلک وەرگرن ولە هەموان گرینگتر ببنە پشتیوان و پاڵپشتی



یەکدی لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری عەشیرەتەکانی دیکەدا

چون یەکێک لەتایبەتی یەکانی ژیانی عەشیرەتی ئەوەیە کە هەمیشە ئێلی بە دەستەڵات ، پاوان خوازی کردووەوعەشیرەت و هۆزی بچووک و کەم دەسەڵاتی لەژێر چۆک ناوە و مافی ژیانی پێ شێل کردووە

لە لایەکی دیکەشەو بوونی کچ بارمتەیە کە لە لای هەر دوو عەشیرەت یانی ئەگەر جارێک نێوانیان تێک بچێ و

ئاگری شەڕ وکێشە هەڵایسێ.ئەم مەبەستە تا رادەیەکی زۆر لە تینی ئەم ئاگرە کەمدەکاتەوە بە تایبەتی ئەگەر هەر دوو منداڵیان لێک بێ .

لەم باسە ئەو ئاکامە وەردەگرین کەچۆن کورد لە ژیانی خێڵاتی خۆیدا هەمیشە لەمەترسی هێرش بردنەسەر و تالان وبڕۆدا بووە لەوە دەگەڕێ تا بتوانێ **دەستە کۆمەگ** بۆخۆی زیاد بکا ، بۆ ئەوە بشێ بژی و مەترسی نەمان و فەوتانی نەمێنێ .جا چ لەوە باشتر کە هەم کچ بدا و هەم کچ بستێنێ و هەمیش پشتیوانێک بۆخۆی پەیدا بکا . جائیدی ئەم پێوەندە بە گیانی دوو ئینسان کایە دەکا وچارەنووسی دووئینسان


بەشێکی دیکەی کورد لەدێ و دێهاتی کوردستان بنەگر بوون و هەر پاشماوەی ژیانی خێڵەکی یە کە گۆڕاوە و بەم شێوەخۆی نواندووە .کەوابوو ئەم خووخدە تا رادەیەکی زۆر هەر ماوە .

ئەوانە کەژیانی وەرزێڕی ـ یان هەیە ، رەنگ بێ لەنێو ئەوانیشدا مەڕدار ببێ بەڵام بەگشتی ژیانی وەرزێڕی بە مانای گشتی مەبەستی باسی ئێستەمانە

ژیانی وەرزێڕ بەستە بە زەوی یە و زەوی پێویستی بە

ئەندامانی خاوخێزان ئەرکێکی گرینگیان هەیە . یانی منداڵ هەر کە پێی لە سێ ساڵی نا **دەینێرێتە بەرقازان** .دوایە **دەچێتە بەر گوێرەگەل** و پاش ئەوە هەڵیدا یا **دەچێتە بەر وڵاغان** یا **شان بەشانی باوک کار دەکا** . دوایەش دەستەیەکی زۆر کەم وەبەر خوێندن دەندرێن و ئەوی دیکە شوێنی باب رەچاو دەکەن .

وەکی لە پێشوودا باس کرا مەبەست لە خزمەتی زەوی **بژار و دەسکەنە** وئەمجۆرە شتانەیە ئەگەر بنەماڵەیەگی جووتێر دەستەکۆمەکی نەبێ ناچارە کرێکار بگرێ جا ئەم چەشنە کارانەش لە دێهات بە کیژ دەکەن. کاتێک وەرزێڕێک کیژەکەی بە شوو دەدا لایەکی



دەخاتە مەترسی یەوە. بۆهیچ لا گرینگ نیە . کە دەڵێم چارەنووس مەبەستم ئەوەیە کە زۆرجار کیژێکی کەم تەمەن لە سەرۆک عەشیرەتێکی گەڕاوە مارە دەکرێ یا بە پێچەوانە

٢ـ ژیانی بنەگر :

خزمەتی هەیە . هەتا پەلە زەوی یەک پێدەگا دەبێ بە چەشنی جۆراوجۆر پێی رابگەن و خزمەتی بکەن. بەتایبەتی نۆک و چەوەندەر و چەڵتووک و بێستان و تووتن و ...

لەژیانی وەرزێڕدا هەموو

لێ دەبێتەوە چون یەکێک لە ئەندامانی بەکاری خێزان لە ماڵ وەدەردەکەوێ .

دەبێ پوول وپارەیەک بدا بە جیاز جا هەر کەسەلەقەدەر خۆی .

دەبێ یەکی دیکە بێنێتە


جێگای ئەو کە هەم پوولێکی
دەچێ وهەمیش وەک ئەوی خۆی
نایەتەوە (ڕەنگ بێ دوایی ماڵێ
خۆی بکا)

وەکی دەستەڵاتی بەسەرکچدا
هەیە ، بەسەر کوڕدا نیەتی ..
چون کچ لە کوڕ داماوتر و
بێ دەستەڵاتترە . دەبێ ژن بۆ
کوڕی بێنێ. ئەویش چەند
خەرجی زیادی دیکەی هەیە .

وەرزێڕ دێنێ لەبەرەخۆیەوە
حیساب دەکا وا بە سەرفەیە
بنەماڵەیەک پەیدا بکاو ژن
بەژنەی لەگەڵ بکا .

دیسان ناچارین لە باسەکە
دوور بکەوینەوە و ئەم،
مەبەستە شێ بکەینەوە کە لە
دێهاتی کوردستان وەرزێڕ
پێویستی بە پشتیوان وپاڵپشت
هەیە بۆ ئەوە لەسەر زەوی و
زار زوڵمی لێ نەکرێ وبنەما ـ
ڵەی بەدەستەڵات تێی رۆنەیەن.

جا کەوابوو دەگەڕێ تا
بنەماڵەیەکی باش دەبینێتەوە
لەو چوار دڵە کەلەم مەسەلەدا
دەوریان هەیە جاری وایە
دوو رازین وئەویدی نارەزا .
جا یا لەبەر خاتری قسەی
دایک وباب متەقیان لەبەر
نایە و یا بە زەبر و زەنگ و



و زەبری هەڕەشە وگوڕەشە و
لێدان وکوتان مەسڵەت سەر
دەگرێ .

بەگشتی هۆی هەرە گرینگی
ئەوە کە پیاوی کورد دوو ژن
و سێ ژن دێنێ ئەوەیە کە
خێزانێکی زۆری بێ بۆ ئەوە
کە هەم کاری خۆی بۆ خۆی
جێ بەجێ بکا ، هەم خۆی لە
تێ ڕۆهاتنی بنەماڵەی دیکە
بپارێزێ .

ئەمجار ژن لە کۆمەڵی
کوردەواریدا پێویستی بە
باسێکی دوور و درێژ هەیە کە
خوا یار بێ وەختی خۆی لێی
دەدوێین. بەڵام لێرە بەکورتی
ئاشیرە بەوە دەکەین کە ژن
چارەنووسێکی نادیاری هەیە .
باب بۆ ئەوە چارەنووسی
کیژەکەی تاڵ نەبێ ناچارە
داوای مارەیی زۆر بکا کە لە
لایەک پشتیوانی چارەنووسی
کچەکە بێ وئەگەر سۆزی تەڵاق
درا بتوانێ بەم مارەیی یە
بێ منەت بژی و لە لایەکی
دیکەشەوە پێی وایە مارەیی
زۆر بەرگری لە تەڵاق دان و
ژن بەسەرهێنان دەکا .

جا وەرزێڕ یا کیژەکەی
ئاوا بەمێرد دەدا یا ژن بە
ژنەی پێدەکا . ئەگەر ژن بە
ژنەی پێ بکا بارمتەیەکی لە
لایە یانی باربەهای کچەکەی
لە لای خۆی راگرتووە .لێرەدا
بێ ئەوە کیژ هیچ دەورێکی
لە ژیانی خۆیدا بێ چاوەڕوانی
بڕیاری دایک و بابە . ئەگەر
کیژێک دانەنیشت کیژەکەی
دیکەش باوەخوێن دەکرێتەوە و
بەمجۆرە پاش حەول وتەقەلا ـ
یەکی زۆر کارەکە
هەڵدەوەشێتەوە و معامەلە !
پووچەڵ دەبێ !


جا لەم نێوەدا چەند
کۆرپەی ساوا دەبێتەقوربانی
هەموو بەچاو دیتوومانە !؟


دریژەی هەیە

پـــرسیـــا ری ١٣ــ فۆلکلۆر ی کوردی وبـــەتا یبەتـــی بـەیـــت و با وچ شوێـنیێکـلـەسەردەولـّەمەند بـوونـی زما ن دا دەنێن ؟

وەڵام :را ستـی ئەوەیـەژیا نـی مـا شێنـــی وچـووونـەسەری پلـە ی زا نـست وئا گا دا ری وتــەنـەوە ی بـــا ری ئـــەدەبـــی لـەلایـەک وبـــە خزمەت گرتـنی هونـەر لـەزەما ن وکا تێکدا کەهونـەرکەرەسەیـەکی زۆر گرینگە لـەڕێبا زی بـردنـــە سەری فـەرهەنگی خەلـّکـلـەلایـەکی دیکەوە ئـــەو پـــێــدا ویستـی‌یــە دێنێتەپێش کە زما ن رۆژلـەگەڵ رۆژ بـەربڵاوتـربـــێ وشـــا عـیـر و نـووسەرو رەخنەگر وشەوما نـا ی زۆرتـریا ن لـەبـەردەست بــێ کــە بتـوا نـن ئەوەی لـەدڵـیا ن دا یـەو لـەمێشکیا نـدا دەگووڕێ بـێنـنـــە سـەرکـــا غـەز .

ئەوپێدا ویستی‌یـە لـــەهــــەر وڵات ولـەنێوهـەر گەل ونـەتـەوەــ یـەکدا بـەجۆرێک خــۆدەنـوێنـێ و هەرکـــەســـە رێگـــا یـــەک بــــۆ چا رەسەری ئـــەمدەردەبـینێتە ــ وە . بـەڵام ئـــەوەی لــــە نــێـو ئێمەدا زۆر بـەدا خەوەبـۆتـەبا و تـا ئێستـا ش زۆر زەبـری لـەزمانـی نـەتـەوەکەما ن دا وەوەشەدا تـــا ــ شین وکەلک وەرگرتـن لـەوشــە ی نـا موو بێگا نـەیـە . یـــەکێک لــــە نـووسەرەکا نـی خۆما لـّـی کەوشـــە دا تـا شیـنـدا وەستا یـەدوووشـــە ی چوا ر کەڕت‌کردبـوو لـەدوویا ن وشەیـەکـــی ســـا زکـــردبـوو خۆشی هەڵدەمسا نـــــد وبـــێتـەعـــا روف دەیکوت :ئەوە ئـەزم وادەکـــەم







وت وویژێك دەگەڵ: ع خزری

ئا خر بـیستبـووی لـەتـەبـیعەتـــدا " شتـــرمرغ" هــەیـەاا ســـەیـــر ئەوەیـە زۆربـەی ئـــەوکـــەسا نـــە دڵـسۆزی بـۆپـا را و بـوون وپـوخت کردنـی زما نـی یـەک گرتـوودەکەن جـــا لــــەوەڵامی پـرسیا رەکەتـــدا دەبـێ بـڵـێم زما نـــی بـەیـتەکا ن زۆر رەسەن وپـــوخـــت ورەوا نـــە ئـەگەر بـێتـوو رۆژێک بـــەیــت و با وی کوردی تـەوا وی‌نـا وچەکا ن کۆبـکرێتـەوە وئەوکا رەی لـــــە ، بـا ری زما ن نـا سی‌یـەوەپێویستـــە لـەســـەریا ن بـکـــرێ بـــــۆهـیـــچ وشـــەیـەک دا نـا مێنین .

شوێـنـی بـەیـتەکا نـی کـــورد ی وهەموو بـا بـەتـی فـۆلـکلـۆری بــــە جوا نـی لـەشیعرەکا نـی خوا لـێخـــۆ شبـــوو مـــا مۆستـــا هێمنــــدا دەبـیـندرێ .بـەیـت وبـا و شوێـنی لـەسەر ئەوشیعرا نـە دا نـا وەو رەنـگە یـەکێک لـەهۆیـەکا نــــی سەرکەوتـنـی شیعری هەر ئــــەو وشە رەسەن و جـــوا نــــا نـــە ی بـەیـتەکا ن بـن . نــــەک هەر زما نـی بـەیـتەکا ن بـەڵکوو لـە زۆر جــێ تــــەرکیبـی بـەیـتــــی شیعرەکا نـیش لـەوشیعرا نـەدا!یە یـەک دووکەســــی دیـــکــــەش دەستیـا ن بـەم کا رە کـــردووە و زۆر جوا ن دیا رە لـــەلایــــــە خەڵکەوە پێشوا زی ئەو کــــا رە کرا وە وئەو شیعرا نـە لـــەنێـــو خەڵکدا جێی خۆیا ن کردووتـەوە

لـەلایـەکی دیکەشەوەهەروەک گوتـم ئـەگەر تـەوا وی بـەیـت‌وبـاو وشوێـنــــــەوا ری کــــۆڵـــتـووری نـەتـەوا یـەتـی وفـۆلـکلـۆری‌کوردی

تەواوی زاراوەکانی کوردی کۆبکرێتەوە ، شۆڕشێکی بێ وێنەی ئەدەبی رووەدا ، ومەبەستی زمانی یەک گرتوو بەدی دێ وئەوەی وشەی نالە – بارورەق وزەق وداتاشراوە لەزمان وەدەردەکەوێ بۆوێنە لەمەهاباد وەدەرروو بەر بە سیب زمینی فارسی دەڵێن یەرەڵماسی کەتورکی یە – لە خوارووی کوردستان دەڵێن سێف زەمینی کەدیسان نیوەی فارسی یە . لەعێراق دەڵێن پەتاتە کە ئینگلیزی یە بەڵام لەزاراوەی کرمانجی سەروودا دەڵێن سێوک یا سێڤک کە بە بڕوای من لەوبارەوە کەلانی کەم وشەیەکی تەواو کوردی ورەسەنە سێوک یا سێڤک جوانتریس جێگری سیب زەمینی وپەتاتە ویەرەڵماسی یە و لەوانەیە ئەگەر بەنێو .

زاراوەکانی دیکەی کوردیشدا بگەڕێن لەسێوک جوانتریشمان هەبێ .

ئەمن ناتوانم لەوت و ، وێژێکی ئاوادا لەوشەی بێگانە یاداتاشراوی لەمێژداسەپاو خۆ بپارێزم چونکە یاتەواوی ئەو خەزینەبایی دارەم نیە یاناچارم بەزمانێک کەئەورۆ هەمووکەس دەبێ لێی حالّی بن بدوێم . ئەویش نەک هەمووکەس بەلکوو زمانێک کەبەناتەواوی باوە – چونکوو ئەم کارەی ، کەگوتم لەوت ووێژێکدا ناگونجێ وەدەبێ زۆر بەوردی وبەحەوسەلە کاری لەسەربکرێ کەوردەوردە جێی خۆی بکاتەوە زمانێک کە بەڕاستی نە زمان وزاراوەی ناوچەیەکی تایبەتی بێ وئی هەموو ناوچەکانیش بێ .

یای ئێرانی کەلباسی کتێبێکی زۆر لەبارو بەنرخی بلاوکردوتەوە بەناوی " گویش کردی مهاباد ." کەلەودا بە

تاریخ

شێوەیەکی زۆر عیلمی ولەبار وجوان کەوتۆتەشێ کردنەوەی تەواوی بارەکانی ئەوزاراوەیە. کارێکی یەکجار پڕ زەحمەت و گران وبێ وێنەیە بەڵام ئیرادی ئەوەیەکە ئەوانەی ئەم بەڕێزەیان یارمەتی داوە دەتوانم بڵێم لەمانای زاراوەش بەجوانی نەگەیشتوو – ن.کەسێکی کار لەسەر زاراوەیەکی زمان دەکالانی کەم دەبێ ئەوەندەی لەبەرچاو بێ لەشارێکی وەک مەهاباد چەند زاراوەی جۆربەجۆر هەیە شێوەدوان وزاراوەی بنەماڵەیەکی تێروتەسەل پڕخوێندەواری لەشاران خوێندوو لەگەڵ شێوەدوانی بنەماڵەیەکی کاسبکاری شارەیی وبنەماڵەیەکی تازە ماڵی هاتۆتە شارجیاوازی زۆرە .

دەرد ئەوەیە کە ئێمە تەنانەت زاراوەی شارێکی بچووکمان جارێ بۆساخ نەبۆتەوە . مەبەستم ئەوەیە کاتێک بەیت وباو وبابەتی فۆلکلۆری تەواوی ناوچەکان کۆکرانەوەوشان بەشانی بارەکانی دیکە کەباسمان کرد کاری زمان ناسی لە سەرکرا وئەوەی هەمانەلەبەر دەست بوو ،... یای کەلباسی دەتوانێ بەشێنەیی ودڵنیایی کاری لەسەر بکا وئەوەی دەیخولقێنێ دەبێتەگەنجێکی بێ وێنەو جێگەی شانازی لە کتێبخانەی کوردیدا ، دۆزینەوەی ئەو وشانە "تلپات" " نەبەدی" لەدوو بابەتی فۆلکلۆری:

"تلپاتی تەریش شک نابا "
" تیری نەبەدیت وێ کەوێ"

رەنگ بێ نیازمان بکا لە دوو وشەی نامویا داتاشراو ، ودزێو ووشک وەرەق.

زمان کەس داینەناوە وکەسیش داینانی بەیت وباو وبابەتی فۆلکلۆری کوردی . نوێنەری هەموو بارێکی روحی و ئەخلاقی وفەرهەنگی وزمان ومێژووی گەلە کەوابێ باشترین کانگابۆ ،دەوڵەمەند. کردنی زمان وسەربەخۆیی ئەو هەر ئەو بابەتانەن کەباسم کرد .

بار هێنانی منداڵ

ف: وەفایی



بەبڕوای زۆربەی زانای ڕەفتارناس وشەی "ئافەرین"لە بارهێنانی منداڵدا زۆرگرینگە.

منداڵ هەر کارێک دەکا مەبەستی ڕەزامەندی دایک و باب ودڵخۆشی ئەوانە. بۆیە دەبینین دەست بۆ هەرکارێک دەبا خێرا چاو لە نێوچاوانی دایک وباب دەکا و پاشماوە و ئاکامی کارەکە لەچاولێکردن و ڕوانینی ئەواندا دەبینێ ئەگەر دایک وباب نێوچاوانی گرژ و تاڵ بووکارەکەدووپاتە ناکاتەوە.بەڵام ئەگەر تووڕە نەبوون وزەردەیەکی بەسەر لێویانەوە دیت درێژە بەم کارە دەدا. جا ئەگەر ئەم زەردەیە ،ئافەرینێکی لەگەڵ ، بێ کارەکە چەندجار دووپاتە دەکاتەوە. یانی باوەڕ و مەتمانەی بەخۆ دەبێ و هەست بەخۆشەویستی دایک وباب دەکا.

بەڕاستی منداڵ هەمیشە بە دوو ئەوەدا دەگەڕێ کە دایک وباب وەدەوروبەری خۆشیان بوێ یا وەختێک منداڵ لەفێرگە دەگەڕێتەوە و خۆڵە باوەشی دایک وباب داوێ ودەڵێ" دایە بیستم وەرگرتووە" دەبێ چ جوابێکی بدرێتەوە؟ دەڵێن "باشە بڕۆئەولای ......جارێ کارم هەیە!" یا " جارێ ڕۆژنامەم بەدەستەوە" "چای تێدەکەم" و.... یا باوەشی بۆ دەکەنەوە ئەم لاو ئەولای ماچ دەکەن ودەڵێن "ئافەرین ڕۆڵە! بەخێر بێیەوە. وەرە دانیشە بادەفتەرەکەت ببینم! دادەی پێشانم دە بزانم بیستەکەت جوانە!"

بەداخەوە لەفێرگە زوربەی مامۆستاکان تەنیا هەڵەی منداڵ دەبینن وکاریان بە پێشکەوتی ئەوەوە نیە. تەنیا ئەگەر هەڵەی کرد تەوانج و تەشەرێکی گرچووسری پێدا دەدەن یا بە قەڵەمێکی سوور خەتێک بەژێر هەڵەکەدا دێنن بێ ئەوە کە ڕاستەکەی لەپەنا بنووسن ورێنوێنی بکەن.

زۆرجاریش لەبەرچاوی هاوکلاسەکانی وەدەری دەنێن و دوو سێ جاریشی " تەمبەڵ " و "تەوەزەل" پێدەڵێن.بەداخەوە هێندێک لەخۆ ناپرسن کە چمان فێرکردووە چەند جارمان دەستی خۆشەویستی بەسەری منداڵ دا هێناوە؟ چەند جار قسەمان لەگەڵ کردووەوچەندمان حەول داوە بۆئەوە کە منداڵ لەخۆمان نزیک بکەینەوە یا چەندجار بە بیستنی وەڵامی ڕاستی پرسیارێک ئافەرین مان پێگوتووە .

ڕەنگە زۆرکەس پێیان وابێ وشەی ئافەرین بەتەنێ هیچ دەردێک دەرمان ناکا و هیچ کەلکی لێ وەرناگیرێ . بەڵام واش نیە .چون زانای ڕەفتار ناس زۆریان ئەم مەسەلە تاقی کردوتەوە وبە زۆر باراندا لێی ورد بووەوە و ئەم ڕاستی یەیان سەلماندووە کە



دنەدان وهاندانی منداڵ یەکجار گرینگە ودەوریکی بەرچاوی لەبارهێنانی منداڵدا هەیە .

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە وشەی ئافەرین وەختێک بایەخی هەیە کە بۆهەموو شت دەکار نەکرێ.زەردەخەنەیە کی تەنێ لەگەڵ پێکەنین وئافەرین جیاوازی زۆرە بۆیە دەبێ ئاگاداربین کەنگی ولە کوێ کەلک لە ئافەرین وەربگرین و بۆ چ کارێک بڵێین ئافەرین.!

ئەگەر منداڵ لە رووی نەزانی کارێکی هەڵە وچەوت بکا ودایک وباب بەزەردەخەنە وەڵامی بداتەوە وادەزانێ هەر جارێکەوتازە دووپاتنابێتەوە بەڵام دەبینین کارێکی یەکجار هەڵەی کردووە وسڕینەوەی ئەم خاڵەرەشە لە مێشکی منداڵ زۆر ئەستەمە .

بەداخەوە زۆرجار دەبینین کە دایک وباوکەکان بەگاڵتە شەڕەجنێو لەگەڵ منداڵەکەیان دەکەن وبەڕاستی منداڵ لەو ساتەوە فێری جنێودان وقسەی ناشیرین و دزێو دەبێ. چون هەرکە یەکەمجار قسەیەکی سووکی لەزار هاتەدەر قاقا پێی پێدەکەنن . بەڵام ئەگەر ئەو جنێوە لەنێو خەڵکدا دووپاتبکاتەوە مەپرسەاڕونگ بێ هەرلەوێ دارکاری یەک نۆشی گیان بکا . یا لەنێو خەڵک دایک وباوک دەنگ نەکەن و لەماڵ تۆڵەی حەوت تۆڵەی لێ بستێننەوە .

دایک وباب ئیدی ئەوەی لەبیر چۆتەوە کەبۆخۆی فێری شەڕە جنێوی کردووە. منداڵ لەم نێوەدا سەری لێدەشێوێ . نازانێ چ بکا؟ نازانێ بەکام هەوا هەڵپەڕێ . جارێک بۆ کارێک هەزار ئافەرین وبارە- قەڵای وەرگرتووە وجارێکی دیکە هەر بۆئەو کارە هەزار جنێوو هەڕەشە . منداڵ لەم تەمەنەدا



درۆو دەلەسە فێر نەبووە کە وەک ڕێوی فێڵ بکا وبە هەموو بایەکشەن بکا .

جاری واشە دایک بۆکارێک کە منداڵەکەی دەیکا ئافەرینی پێدەڵێ بەڵام باوک لێی تووڕە دەبێ .دایک خۆشی لەم تاکارە دێ بەڵام باوک پێی تووڕەدەبێ

دیسان منداڵ سەری لێ شێوێ ونازانێ بە قسەی کامیان بکا ، چونکە دەترسێ دڵی یەکێک لەوانی لێ ببێ . بۆیە دەبێ دایک وباب بۆ بار هاتنی باش وبەجێی منداڵ هەر دووک شێوەیەک ڕەچاو بکەن چونکە منداڵ حەز بەوجیاواز- ی یە ناکا . هەردوولای خۆش دەوێ وپێی خۆشە هەردوو لاش ، ئەویان خۆش بوێ .

هەموو دیتومانە جاری وایە منداڵ کارێک دەکا زۆر پڕ مەترسی یە یاکاری گەورانە و جێی سەرسوڕمانە .تەنیاوتەنێ هەر بۆ ئەوەیە کەئافەرینێک وەربگرێ .

واش هەیەمنداڵ دەیەوێ لە جێگەیەکی زۆر بەرز باز بدا یا شتێکی قورس هەڵ بگرێ کە بەڕاستی لە ورەی ئەودا نیە بەڵام دەیەوێ ئافەرینێکی پێ بکا .

لێرەدا ئەرکی دایک وباب ئەوەیە کە بەرلەوە رووداوێکی دڵتەزێن رووبدا ئەم ئافەرینەی بۆ کارێکی سانایی و بێ خەتەر پێ بڵێین .

بەکورتی وەختێک منداڵ لە دایک دەبێ هیچ خووورەوشتێکی تایبەتی پێ نیە . هەر کە لە دایک دەبێ چاکەوخراپە نازانێ منداڵ تەنێ بەم مەرجە مێشکی ساغ بێ،پسپۆر وزانا یاگێل و گێژ نیە . بەڵکوو ئەوە کۆمەڵ وشێوەی بارهێنانی کۆمەڵە کە ئەو منداڵە زانا یا حۆل باردێنێ .



رۆژێک بوو ، رۆژێک نەبوو . قەدیم حاکمێک بوو پێی خۆش بتوانێ لە سەرەخۆ و بە سەبر و دڵسۆز بێ بەڵام نەیدەتوانی ئەگەر کارێک بە پێچەوانەی مەیلی ئەوکرابا تووڕە دەبوو ، فەرمانی توندوتیژی دەدا . دوایەش پەشیمان دەبۆوە . ئەگەر نەشی توانیبا تووڕەیی خۆی بە کەسێک برێژێ ، دڵی دەگیرا وخەم دەرد دەورەی دەدا ولەوانە بوو دیق هەڵێنێ .

هەروەختێک بەشتێک خۆشحاڵ دەبوو خۆی لێدەگۆڕا و غلوور دەبوو فەرمانی سەیرسەیری دەدا ، زوڵمی دەکرد ، خەڵکی ئازاردەدا بەڵام دوایە خاودەبۆوە ولەکاری خۆی پەشیمان دەبۆوە ودەیگوت :

- ئاوا هەموان لە خۆ دەتۆرێنم

رۆژێک دانیشت . کڵاوی خۆی کردە قازی وبە خۆی گوت :

- ئەوەکارێکی خراپە . ئەمن زوو هەڵدەچم ونا توانم هێدی وهێمن بم رەنگ بێ نەخۆش بم . واباشە حەکیمان بانگ بکەم بەڵکوو ئەوان چارەم بکەن . حەکیمی گەورەی شاری بانگ کرد وپێی گوت :

- حاڵ ومەسەلەی من ئەوەیە چ دەرمانێک بخۆم . حەکیم گوتی :

- قوربان ئەتۆ هیچ عەیب و نەخۆشی یەکی وات تێدا نیە بەدەوا و دەرمان چاری بکرێ . نەخۆشی جنابت بەدەرمان چاری نایە . ئەتۆ هەر لە منداڵی راوا گەورە بووی وفرچکت بە تووڕە وتۆسنی گرتووە . ئەتۆ بۆ ئەوەی چاک بیەوە دەبێ کتێبان بخوێنی یەوە . لەگفتی گەورەپیاوان پەندوەربگری دەبێ بە خۆت بڵێی تازە تووڕە نابم یا ئەمن تووڕە نیم

ئەوەت هەمیشە لەبیربێ وقەت لە بیری مەکە . عادەتی پێدەگری و وەختی خۆشی وناخۆشی خۆت لێ ناگۆڕی

حاکم گوتی : راستە بۆخۆشم ئەوەم دەزانی .

ئەوجار ناردی لەدوای ماموستای گەورەی ئەوزەمانی شار نەقڵی خۆی بۆگێڕاوە . ماموستا گوتی :

- واباشە جارجارەبچی بە قەبرستان . بیری مەرگ بکەوە .ئەودەم لەعاقیبەتی کارەکان خافڵ نابی و بۆت مەعلووم دەبێ کە خۆشی وناخۆشی دایمەنین . جائەوجار ئۆخژنت دەکەوێتەدڵی . حاکم گوتی :

- بڕوابە ، ئەمن کوا دەتوانم



هەتا کەیفم سازبوو یا تووڕەبووم هەڵێم بۆ قەبرستان ولەوێ عیبرەت وەربگرم . ئەمن دەستوورێکی هاسانتر - م دەوێ کە هەمیشەلەگەڵم بێ

ماموستا گوتی : ئەگەر وایە چەند کەسی زانا لەدەوری خۆت وەکۆ بکەو لەهەموو کاراندا پرسیان پێ بکە بێ پرسی وان فەرمان مەدە . ئەگەر ناڕەحەت وتووڕە بووی ، ئەوان



دڵخۆشیت دەدەنەوە . حاکم گوتی :

- بڕوابە . جائەگەر قەرار بێ ئەمن دەستوورم پێ بدەن ئەدی حاکمەیتم دەکوێ دایە . ئەمن بۆخۆم چاکەوخراپە دەناسم بەڵام وەختێک تووڕەبووم یاکەیفم سازبوو هەمووشتێکم لەبیر دەچێتەوە . ئەمن لەقسەیەکی دەگەڕم لەسەر نەقیمی ئەنگوستیلەکەمی بنووسم تاهەمیشە چاوم لێی بێ . بارانم وێ کەوێ تووڕەنەبم . ئەگەرشتێکم دی بە دڵم نەبوو لەداخان هەڵنەچم . ئەگەر رۆژێک تاریفیان کردم سەرە رۆنەبم بەکورتی شتێکم دەوێ لە هەموو حاڵێکدا ئەهوەنم بکاتەوە .


ماموستا گوتی : باشەدیتنەوەی

قسەیەکی کورت کە بتوانێ هێندە پڕبایەخ بێ زۆر سەختە. قسەی جوان و بەنرخ زۆرن بەڵام هەریەکە بوشتێک گوتراون. دیسانیش ئەگەر زۆربەپەلە-ی دەبێ هەموو زانایان کۆبکەیەوە و هەرکەس هەرچی دەیزانێ بیڵێ. جا



هەرچی پەسندت کرد لە نەقیمەی ئەنگوستیلەکەت بینووسە.

حاکم گوتی: زۆر جوانە. ئەو کارەی دەکەم، دەستوری دا نامەیان نووسین هەرچی قسەزان وعالم بوو بانگ یشتنیان کردن کۆبوونەوەیەکی



گەورەیێک هات زانایان چەند رۆژان هەر راوێژیان بوو وهەریەکەی لە بارەی سەبر ولەسەر خۆیی شتێکیان دەگێڕاوە. شیعریان دەخوێندەوە وحەدیسیان دەگێڕاوە. بەڵام حاکم هیچیانی پەسند نەدەکردو لە هەر



کامیان ئیرادێکی دەگرت. دیگوت:

ئەوە هەونیە وئەوەیان دوورو، درێژە وئەویدی منداڵانەیە وهۆوە بە دڵەوە نانووسێ و.......

رۆژی ئاخری، پیرەپیاوێکی گۆچان بەدەست کەلە ئاوایی راهاتبوو، وە خەبەرێکی تازەی بۆ حاکم هێنابوو، لەمەسەلەکە حاڵی بوو




مەجلیس ئیزن بدەن دەتوانی قسەکەت بکەی. مەجلیس یەک دەنگ گوتیان قوربان چۆن شتیوا دەبێ، ئێمە شەورۆژ خەریکین. هەموو کتێبمان سەرو بن کردووە هێشتا قسەیەکی وامان نەدیتۆتەوە بەکاری جەنابت بێ. چۆن پیرەپیاوێکی نەخوێندەوار-دەتوانێ نوتقی بێ؟

گوتی: ئەگەر ئیزنم بدەن ئەمن شتێکی دەڵێم کە لە وانە لە هەمووان باشتربێ. گوێ بدەنێ

زەرەرێ ناکەن خۆ برالەئیز نم بدە ز ئەمنیش قسەی خۆم بکەم . خۆزەرەر وەکەس ناکەوێ . قسەکەم دەکەم ئەگەر پێتا ن باش بوو بەقسەم بکە ن دەنا بەرێی خۆمدا دەگەڕێمەوە .

حاکم گوتی :قەیدی ناکا لێی گەڕێن با قسەکەی بکا . زانایان ئیجازەیا ندا کە پیرە پیاوی بێ سەواد قسەی خۆی بکا .

مامەپیرە بەخۆی وگۆچانیەوە .



وەلای سەرووکەوت وبە دەنگێکی بەرز گوتی :

تا ئەو جێگایەی ئەمن خەبەرم هەبێ حاکم دەیەوێ قسەیەکی چووک و، پڕ مانا لەسەر نەقیمی ئەنگووستیلە- کەی بنووسێ .دەبێ ئینسان لە ناهومێد بوون وسەرەڕۆ بوو ن بگێڕێتەوە پێم وایە سێ کەلیمەی جوان هەیە ئەوە بابەتی نەقیمی ئەنگوستیلەی حاکمە . حاکم گوتی:

ئەوەچیە؟ مامەپیرە گوتی: بنووسە واش هەر نامێنێ !!

بەبیستنی ئەم قسەیە هەڵلاوبگر لە مەجلیس کەوت . یەک دەیگوت ئەوە بەکار نایە ،ئەویدی دەیگوت ئەوە کەللەی کۆنە . یەک لەوسەر هەڵیدەدایە و یەک لەو سەری، قەرە باڵغێک بوو مەپرسە .

حاکم گوتی : ئەمن بەش بەحاڵی خۆم زۆرم پێ جوانەلەهەموان ، کورتتر وپڕماناترە ودڵی من بەوە نەبێ ئۆقرە ناگرێ، وەختێک ئەمن وەبیرم بێتەوە کە هیچ شتێک وەکوو خۆی نامێنێ وخۆش وناخۆش هەتا سەر نین وهەموویان هەر دەگوزەرێن دڵم ئارام دەبێتەوە و وەختی ئەوەم. دەبێ کە بیر بکەمەوە وزیاتر لە ئەندازە ناهومێد وسەرە ڕۆنەبم.

رەشید فەیزنژاد



تکایە بەر لە هەموو شت خۆت بناسێنە .

من رەشیدی فەیزنژاد دانیشتووی سەقز ساڵی ١٣٣١ لە گوندی ئاڕەبۆغڵوو لەدەوروبەری سەقز ، لە بنەماڵەیەکی فەیزوڵڵابەگی کە زۆربەیان هونەرمەندن ، لە دایک بووم .

لەمنداڵی یەوە کە چاوم کردەوە خۆم لە نێو کانوونێکی هونەری ناسی و باوکم بە چەندین ساز شارەزا بوو و جارجاریش گوتنی دەگوت . بەش بەحاڵی خۆم زۆرم کەلک لێ وەرگرت .

– ئەنگیزەی هۆگریت بە مۆسیقا چ بوو ؟

بەداخەوە چاوم زەعیف بوو یانی نێزیک بین بوو . ئەوە هۆیەکی گەورە بوو بۆ ئەوە کە نەوتێکی زۆر بەگڕی بەتینی بیروهەستمدا بکرێ. چون خۆم لە رەفیقەکانم بە کەمتر دەزانی لەم رووەوە پەنام دەبردە بەر شتێک کە تەنیاییم بتارێنێ . .

دیسان بەمنداڵی کە هێشتا تەمەنم نەگەیبووە جێگەیەک کە قۆرتی وەها گرانم بەسەر بێ و پێویستیم بە ئەوینی دایک بوو ، دایکم ئەمری خودای بەجێ هێنا . نەبوونی دایک و کەوتنە بەر دەستی زڕدایکی خەڕاپ وێڕای کەم سوێ بوونی چاوم دەستیان وێکداو ئاگری دەروونیان بلێسەدارتر کردم .

لەم لاشەوە زەمانێک کە پێویستیم بەباوک بوو یارمەتیم بدا و خەمی گرانم لەسەر

هاسان بکا خوای تەعالا ئەویشی لێ ستاندم . گەرچی لەماوەی ژیانیدا لە هیچ حەولێک سەبارەت بەمن دریغی نەکرد .

ئەو مەبەستەش هێندەی دیکە منی تەنیا و بێکەس هێشتەوە .

زەمانێک کە وەختی ئەوە بوو لە شاری خۆم و لەنێو خزم وکەسی خۆم بمێنمەوە ، نەبوونی کارو نەبوونی پووڵ ناچاری کردم خزم ودۆست تەرک بکەم و روو بکەمە ورمێ ولە شانۆ کار بکەم .

بەڵام ئەوەی من لێی دەگەڕام لە شانۆ دەست نەدەکەوت . ئەم هەرێمە پاکەی لە زەینمدا بوو ئەوێ نەبوو .

ناچار رووم کردە رادیۆتلەویزیۆن و لەوێ دەستم بە کار کرد .

بێکەسی و بێ مشوورخۆری بەڵایەکی گەورە ـ تری بەسەر هێنام . بۆ یەکەم جار زەماوەندم کرد بەڵام بێ ئەزموونی و خاوی کارەساتێکی بەسەر هێنام کە زەبرێکی گرچووبڕ بوو لە ژیانمدا .

کەس نەبوو نێونجیمان بکا و ئەم شەڕ و کێشانەی لە چوارچێوەی ماڵمدا بوو لەگەڵ خێزانم چارەسەر بکا ، خێزانم تەڵاق دا و ئەوەش دیسان دەردی سەر دەردانم بوو

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کەند وکۆسپانە کۆڵم نەدا ودرێژەم بەمۆسیقادا . چون دەمزانی لەم رێگەوە دەتوانم خزمەت بەخەڵک بکەم .

ئێستا ماڵم لە سەقزە . کارمەندی ئامووزش و پەروەرشم . دیسان زەماوەندم کردۆتەوە و ئەو کەموکووڕی و بەتاڵییەی باسم کردن تا رادەیەکی زۆر کەم بۆتەوە .

بەڵام لەباری مادییەوە ،ئێستا جێگای خۆم نەگرتۆتەوە . لە مەزیقەدام ، ئەگەرچی ناتوانێ کۆسپی رێگای هونەرم بێ.

کلاسی دەرسی مۆسیقام هەیە و شاگردیشم هەن . زۆرم پێ خۆشە تا نەمردووم و ماوم و لە توانامدایە، چەند کەسی دیکە بە کۆمەڵ بسپێرم تا دوای من ئەوان بە شوێن هونەری ئەم وڵاتەدا بگەڕێن و نەیەڵن بکەوێ وبخەوێ و لەنێو بچێ .

لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی لەپاش من بە یادگار بەجێ دەمێنێ ئەو شاگردانەن وبەس .

ئەوجار دەمەوێ ئەوەی من دەیزانم لە ئیختیار خەڵکی بنێم .



ـ ئیشارەت بەکاری هونەری کرد . دەکرێ لەو بارەوە پتر بدوێی ؟

بەرجی سازلێدان، جارجار بۆ دڵی خۆم و دۆست و هاواڵان دەخوێنم . دۆستان نەزەری لوتفیان هەیە و نەوارەکانم رادەگرن . خۆم ویلۆن لێدەدەم بەڵام ئاکاردۆن و زەرب و فلووت وسازەکانی دیکەش لێدەدەم و پێم خۆشە باری زانستی مۆسیقای خۆم کامڵ بکەم .

وەختێک دەتەوێ ئاهەنگێک دابنێی یا هەستێکی هونەریت هەیە لە چ بارێکی روحی دای و ئەم هەستە چۆن دەردەبڕی ؟

بەشەر فەرامۆشکارە . جاری وایەرابردووی خۆم لەبیر دەبەمەوە و دڵم خۆشە . جاری واشە بە وەبیرهێنانەوەی رابردوو پەرۆش دەبم و هەستم وەجۆش دێ .

من لە زۆر خۆشی ژیان بێ بەش بووم لە تەمەنی پڕ کارەسات و بەسەرهاتمدا ئەوەی


وەبیرهێنانەوەی بۆ من مایەی شادی یە تەنیا هونەرە .

وەختێک ساز بۆ دڵی خۆم لێدەدەم یا بۆ دڵی خۆم دەڵێم ، بێ شک تکەی ئەسرینم وێڕای سازەکەم شین گێڕی دەکا .

لە چ سەبکێکی هونەردا کار دەکەی ؟

پێم خۆش نیە خۆ مەحدوود بکەم . هونەر سەبکی خۆی دەبینێتەوە و جێی خۆی دەکاتەوە .

بۆ زیندووکردنەوەی نۆتی مۆسیقای بەیت چت کردووە ؟



ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموانە . هەر گەل و نەتەوەیەک رێ ورەسم ودابوشوێنی رابردووی خۆی بپارێزێ .

پێم خۆشە ئەوەی لە رابردوودا بوومانە زیندوو بێتەوە . زۆربەی کاری هونەری خۆم بۆ فۆلکلۆر تەرخان کردووە بەڵام ئەوە بەو مانا نیە کە ئاماوێ ئاگام لە زانست و پێشکەوتی مۆسیقا بێ بەڵکوو سەرەڕای کار کردن لە بەشی فۆلکلۆر ، لە بەشی کلاسیک و نوێشدا کار دەکەم .

— ویلۆن چۆن فێر بووی ؟

لە سەرەتاوە ویلۆن بەدەست مامۆستایەک بوو بەناوی کاک حامید تەوحیدی کە خەڵکی شاری سەقزە .

یەکەم جار دەستەودا وێنی باوکی خوالێ — خۆشبووم بووم تا بمنێرێتە خزمەت ئەو . باوکم داوای لە کاک حامید کرد و ئەویش هات بۆ ماڵێ ئێمە و وردەوردە فێری کردم . دوایی کلاسی دانا و کلاسەکەش لەماڵی ئێمەنێزیک بوو . قەتم لەبیر ناچێ هەوەڵ گۆرانی یەکی فێری کردم ئەسمەر بوو ..

دوایی بەهۆی کەم بوونی شاگرد کلاسەکەی بەست . چون خەڵک کەمتر سەرنجیان دەدا بە هونەر .

کەهاتمە ورمێ لەخزمەت کاک سمایلی شاهی و کاک قادر سەیاحی یادیان بەخێر بێ درێژەم بەنۆتدا و هێندێک مامۆستای گەورەی مۆسیقا لە تاران یارمەتی یان دام و ئاخرین پلەی مۆسیقام بەرێوەبەری تیپی مۆسیقای مەهاباد بوو ساڵی ١٣٥٣ .

ئەم دۆست و مامۆستایانەم یادیان بەخێر بێ و لە هەر جێگەیەک هەن سەرکەوتوو بن .

— بە بڕوای تۆ هونەر چیە ؟

هونەر زادەی روانینی بەشەر و ئیحساسی دەروونی ئەوە . چون تۆ هەر هونەرێکت بێ بەو هونەرەهەست و کوڵی دڵت دەردەبڕی .

وەختێک مەدحی پێغەمبەری مەزن (د.خ) دەکەم دەڵێی ئەوەیە کە خەیاڵی ئەوم لە دڵدایە و وەک دەروێشێکی پاک ئەوم هاتۆتە بەر نەزەر .

یا لەگەڵ دۆستێک دادەنیشم خەبەرێکی خۆشم دەداتێ حاڵەتی دەروونم بۆ بەیانی ئەم خۆشی یە جیاوازی هەیە لەگەڵ وەختێک کە پەرۆشم .

— هونەرمەندی راستی کێیە ؟

هونەرمەندی بەراستی کەسێکە ئاگای لە دەردو مەرگی خەڵک بێ . جا وەختێک دەتوانێ ئاگاداری دەردی خەڵک بێ کە چێشتبێتی .

هونەرمەندی بەراستی ئەوەیە هونەرەکەی لەخزمەت چین و توێژێکی تایبەتیدا نەبێ .. هەموو کەس بە قەت توانست و بڕشتی خۆی کەلکی لێ وەرگرێ .

چاڵە گورگ



خ - میرسید

چاکم لەبیرە لەساڵانی رابردوو لەو ناوچانەی کە زوو دەگەنە ئاو وەک : شار ویران ، شامات ، سندووس ، چۆمی مەجیدخان ، **چاڵە گورگیان** هەڵدەقەند .پیاوانی دێ بە تایبەت لاوەکان پێمەڕە وکوڵینگیان هەڵدەگرت و وەمەزرا دەکەوتن و شوێنێکیان بەدی دەکرد کە گورگ زۆر هاتوچۆی پێدا کردبا و دەستیان بە هەڵقەندن دەکرد .چاڵەکەیان خڕ دەردێنا کە قوترەکەی ٣/٥ میتر دەبوو .نێرکێکیان لە نێوەراستی چاڵەکە دەهێشتەوە و بەو شکڵە درێژەیان بە هەڵقەندن دەدا ، تا دەگەیشتە ئاو ، ئەوجار دەستیان نێ هەڵدەگرت و دەهاتن کەلاکێکیان لەسەر نێرکەکە دادەنا و بەقامیش تەنک دایان دەپۆشی ووردە پووش پەڵاشیان پێدا دەدا ، تا ئەگەر ویستی بۆ لای کەلاکەکە بچێ نەسڵەمێتەوە یا زۆرجار دەهاتن بزنێکی وشیاریان لەسەر نێرکی چاڵەکە دادەنا و هەر چوار لاقیان دەبەست .ئەوکارەیان بەشەو دەکرد. بزنەکەش کە هەستی بە تەنیایی دەکرد دەی بێراند ، گورگیش وەدووی دەنگی بزنەکە دەکەوت . لەپڕدا پێی لە سەر قامیشەکە دادەنا و دەکەوتە نێوچاڵەکە . چونکە لە ئاوەکە دەکەوت و تەر دەبوو نەیدەتوانی بە دیواری چاڵەکە هەڵبچێ .بە ناچاری شەکەت وشەلاڵ دەبوو و تا بەیانی دەماوە .

بەیانی زوو چەند کەس بۆ سەردانی چاڵەکە دەچوون کە دەیاندیت گورگ دەچاڵ کەوتووە ،بەغاردان دەچوونەوە ئاوایی و خەڵکی دێ ورد و درشت بەرەو چاڵە گورگ وەڕێ دەکەوتن.

لەپێشدا چەند پیاوی دەنێوەوەچوو راوێژی دەرهێنانی گورگیان دەکرد چون لە لاوەکان کارامەترو لێهاتووتر بوون، گوریس یا کەندریان دێنا و بە قڵفە دەیانهاویشتە ئەستۆولاقی پاشان هەڵیان دەکێشاوە .بۆ ئەوەی پەلاماری جەماعەت نەدا پەتیان داویشتە سێ لاقی، تا ئەگەر رامالێ بردە لایەکی ئەوی دیکە بیکێشێ و نەهێلێ . بەو شێوە گورگیان بۆ نێو ئاوایی رادەکێشا و لە مەیدانێک رایاندەگرت و هەچی هاتبا بەردێک ،تفێک یا جنێوێکی داویشتێ . کوتەک وراپسان داپسانیش لەوێ راوەستێ .

پاش ئەو هەموو جەزرەبە و کارەساتە سەگی ئاوایی- یان وەسەر دەگێرا ا لە ئاکامدا بە شێوەیەکی زۆر نالەبار دەیان تۆپاند و کەلاکەکەی بۆ ماوەی چەند رۆژ لە قەراغ دێ لەسەردوو داری دوو لک ، چوارپەل لە حەوا دەماوە و گاڵتە و گەپیان پێ دەدا ا

دوای چەند رۆژهەڵاوەسین دەیان هێنا خوار و لاقیان لە ئەژنۆ بەرەوخوار ، دەبڕی . بەبڕوای هێندێک ژن ، لاقە گورگ بۆ ژانە مەمک دەبێ . یا هێندێک لاو بەدزی جگەکانیان دەر دێنا . بەبڕوای کۆن جگە گورگ بەختهێنەرە ، یانی هەر لاوێک جگەگورگی پێ بایە بەختەوەر دەبوو. هەر چەند ئەو مەسەلانە بۆمن وزوربەی زۆری خەڵکجێی بڕوا نین بەڵام چونکە بەو شێوە رەفتاریان لەگەڵ گورگ دەکرد منیشبە پێویستم زانی ، باسی بکەم .

لەگەڵ شیعری شـ

ی نۆجەوان

سنووورەکەم
وردیلانە بچکۆڵەکەم
تۆ بێرەوە
بەڵێنی بێ ، گەر بێیەوە
بەزمی گوڵان بۆ یەک بگرین
پەنجەی تەزیو
لە ئاسمانی خەم وەردەدەین
بۆ زارۆی شیرینی خەیاڵ
پاوانەیەک لە ئەستێرەکان چێ دەکەین
فرمێسکی چاوی ئالەکۆک
بۆ دوابەفری بەری بەهار
دەکەین بە جام نۆشی دەکەین
بەڵام سنوور ... ماتە دڵم
خامۆش و بێ وازە دڵم
زەوی یەکە ئاو نایشواتەوە
عاسمانەکەی وەک چاوی ماسێکانی ئاو
ساف و سپی دەچێتەوە
لە بەختی رەش
پەڵە هەورێکی چڵکنیش
ناگری بە کوڵ بەسەریدا
ناگری ناگری بە سەریدا

ع. ڕێبوار

من لەنێو تۆزی شەمالا گوم بوو
لە پاڵ خەرمانی غەما پاڵ کەوتوو
شەماڵ وزریان ئاور تێ بەربوو
ناساز دەهاتن بای شەنم نەبوو
داما بووم بەدەست خەرمانی غەمدا
بە لووتکەی کێوی سەختی ماتەمدا
خەرمان سوور نەکرا هەرما کاودان
شەوتاکوو بەیان هەرئەتلام بەژان
هەوری پەژارە دەهات بە سەرما
جلکی غەمباری دەکرا بە بەرما
دەمگوت خەرمانم ئەمساڵ بەجێ ما
بای گەلاڕێزان دەکشێ بەسەرما
شەماڵ وەک شێتان زریان وەک هاران
نەماوە قەرار کوا بای خەرمانان،
سواڵیش بۆ خاوەن کشت وزەرعوزار
عەیبەئەی خودای خالەقی جەببار
ئەم کەبای بێ،خەرمانم کەم شەن
چاسڵ هەڵگرم نەمێنێ تەشەن

جەعفەر شێخەل ئیسلامی

دەستم بگرە !
لەرێگەی پڕ کەندولەندی
هەوڵی سەخت بۆئینسان بوون.
بەتەنیایی
هەر کەندا لێک هەڵدێرێکە ،
دەستم بگرە !
با بیکەینە پێخۆری پێ
گشت هەورازی رژدی سەررێ.
دەستمبگرە !
دەستت دەگرم
بەدوو دەستی وەفا وئەوین،
بۆئینسان بوون
بۆمانادان بەبوون وژین.

لەوفکرەدا بووم خەوم هاتە چاو
نەمزانی شەوە هەورە یا نە ساو
بە پێچەوانەی شەوگاری پێشوو
لە خەو راپەڕیم ئەمشەوگەلێ زوو
چون"سروە"ی بای شەن دای لەنێوچاوم
ئاوپرژێنی کرد دڵی ژاکاوم
شەوی تاریکی لێ کردمە رووونی
دەرچووم لەماتیووغەمو زەبوونی
ئەوسروەی کەمن لەدووی دەگەڕام
هات وبەهاتنی دڵ گرتی ئارام
لەتەپ وتۆزو خەفەت بووم نەجات
خەرمانم شەن کرد گەییم بەئاوات
یاخوا ئەم "سروە"هەرپایەدار بێ
پشت لەزاڵمو روو لەهەزار بێ

ک.د.ئازاد

گولە نەوروزە

هاورێم
دیسان پێدەکەنم
دیسان قاقای پێکەنینم
لە چیا دەنگ دەداتەوە
دیسان لەناو بەختەوەران
شیعرم جێی خۆی دەکاتەوە
بەلام
شیعری ئەمجارەی من
بۆ روالەتێکی جیاوازە
شیعرم لەسەر چەمی خەفەت
بۆ گشت کەسی پردەبازە
شیعرە جیهانێکی ترە
دەدرەوشێ وەک پیرۆزەیەک
لەسەر گۆڕی خەیالەکان
دەروێنێ گولە نەورۆزەیەک

اعیرانی لاو

ک.د.ئازاد

لێم ون بوو ئیتر خۆری ژیان ، بەختی گەشم
داماوە لە ژیرباری خەمان پشت و لەشم
تاج و کەمەری خوسرەوی شەیدام چوو لەدەست
خەرمانی غەم و هێزی کەم و ژانە بەشم
وتیان کە رەش رەنگی هەرە بەرزە وتم :
ئەی بۆچی سپی زالە لەسەر مووی رەشم

ئاسۆ

دلێ بۆ دینی گولێ شەیدا نەبێ ! هیچ
سەرێ سەودای ئەوینی تیا نەبێ ! هیچ
دەلێن پیر بۆ ئەوین ریسوایی یەکە
کە پیرێ بۆ ئەوین ریسوا نەبی ! هیچ

کاکەلاو شپەدەری

سروە سروەی نازەنینم
هێزی دل ئاواتی ژینم
کە هێمن سەری نایەوە
پێموابوو هەتیو مایەوە
بۆت گریام ،خەمم بوخواردی
بۆم کێشای هەناسە ساردی
بەلام سپاس بۆئەو خوایە
کەوا پێی داوی دەسمایە
روونە لەلای هەر ئینسانێ
پالەی چاک داسی دانانێ
سروە گیان تۆ بێ زمانی
جێگەی هێمنیش نازانی
بەلام من منی ئاوارە
ئەو بی کەس و دەردەدارە
هەر دەرفەتێکی بۆم بلوێ
لێرە ، لەوێ یا لە هەرکوێ
دەچمە سەر گۆڕی پیرۆزی
دەکەم بە کل خۆلێ و تۆزی
دەلێم "هێمن" موژدەم دەیە
"سروە" هەروا لەنێو مەیە
موژدەم دەیە شاعیری کورد
نە تۆ دەمری،نەسروە مرد

ڕێنوێنی

شنۆ : کاک زورار پەیغامی

تکات لێدەکەین شیعری شاعیرانی بەناوبانگی کورد بەناوی خۆت بۆئێمە مەنێرە

ئەم شیعرەی دواجار ناردووتە شیعری حاجی هاشم نانەوازادەیە و محەممەد مامڵێ بەگۆرانی گوتوویەتی ئەویدیش هەر قەتارێکی قەدیمی کوردی‌یە کە ئاوا دەست پێدەکا :

" توفیق بدەی پێم رب العالمین "

مەهاباد :خوشکە سوهەیلا بلووریان

شیعرەکەت سۆزی شاعیرانەی پێوە دیارە .بەڵام وا دیارە تازە دەستت بە شیعر گوتن کردووە و شیعرەکانت هێندێک لاوازن . بەموتالای پتر بە تایبەت کتێبی " نقدالشعر" دەتوانی لەوە پتر لە شیعردا سەرکەوی .

سەردەشت : کاک مەجنوون

دیاری یە جوانەکەت گەیشت . " بیلندانە " رەسمێکی کۆنی کوردەواری‌یە تکایە لە جیاتی شیعر بە نووسراوە بۆمان بنووسە و زۆر بەوردی هەرچی لەو بارەوە دەزانی بیهێنە سەر کاغەز با چاپی بکەین و خوێنەرانی بەڕێز لەم بارەوە پتر شارەزا بن .

سەردەشت : رەحمان مەلایی

برای بەڕێز ،بەڕاستی لە بەرامبەر ئەو هەستە پاکەی تۆ و خوێنەری خۆت ئاسایی قەڵەممان کوڵ و کۆڵە .هەر ئەوەندەی خاوەنی ئەو هەستە پاکەی بۆ ئێمە گەورەترین پاداشە . خوا راوەستاوت بکا .

دەتوانی بە خوێندنەوەی کتێب و نووسراوەی کوردی فێری خوێندن و نووسینی کوردی بی . هیواداریـن سروەش بتوانێ لەم بوارەدا یارمەتیتان بدا وبە کەلک بێ .

ورمێ : غەریب مەزهەر

سووژەی جوانترهەڵبژێرە خۆی پتر پێوە ماندوو بکە دەتوانی چیرۆکی زۆر لەوە باشتر بنووسی .

چاوەڕوانی بەرهەمی جوانترین .

سەردەشت :قادرمامحوسێنی

شیعرەکەت لاساکردنەوەی بەهاری "وەفایی"یە هەر لە سەر ئەو وەزن و قافیەشە . وەختێک شیعر دەڵێی بابەتێکی نوێ بەشێوەیەکی شاعیرانە لە شیعرەکەتدا باس بکە .

سەقز : ئیرەج .ج. هەژار

شیعری "شارەکەم"کەبۆت ناردووین عەیبی تێدا دەبیندرێ . وەک : بۆچوونی هەڵە لە مانای وشە .

ناوبانگی جوانی دیمەنت
دەنگی دابوو لە گشت
جیهان
تۆ ناسرابوو لە گشت
لایی
بەنێوی شاری شارەکان

"دەنگ دان" بە مانای دەرکردنە . دەڵێن فلانە کەسیان دەنگ دا یانی جوابیان کرد ،دەریان کرد تۆ رەنگ بێ مەبەستت دەنگ دانەوە بێ یانی تەنین بەڵام ئاوا کورتت کردوتەوە.یا

دەوەرە تاکەی بەخونچەی
من چاوەرێت بم
تاکەی بە ئینتیزار
قاسیدی سەررێت بم!

چاوەڕوانی هاوکاری پتری ئێوەی ئازیزین .

بۆکان : یوسف مستەفا

بەڵێ ماموستاهێمن زۆر شیعری بڵاونەکراوەی هەیە کە بەدەست خەڵکەوەن.ئەگەر رۆژێک بتوانین وەکۆیان بکەینەوە چاپیان دەکەین ـ بە بڕوای ئێمە تۆ

ئەدەبی

قەڵەمێکی جوانت بۆنووسین هەیە . لە نامەکەتوا وەدەردەکەوێ جوان دەنووسی بەڵام شیعرەکانت لاوازن . هێندێک جار مانایان نیە وەک ئەم شیعرە :

دەچم دەگەڕێم لەنێو
باخی ژیان
بزانم خۆشیم بۆدێتە
کەوان

لەم شیعرەی دیکەشدا ، تەعبیری شاعیرانی دیکەزۆر بە ئاشکرا دەبیندرێ .

ژیانم پڕە لە نامرادی
نەمدیوە جارێک دڵخۆشی
و شادی

ئەوە هەر ئەو شیعرەی مامۆستاهێمنی رەحمەتی یە :

ژیانم پڕ لەرەنجەو
نامرادی
بەهەڵکەوتیش نەهاتم
تووشی شادی

سنە : خوشکە مەهنازکاوسی

بەڵێ دەتوانی چیرۆک بنووسی . تێ بکۆشە کوردی نووسین فێربی ونووسراوە ـ کانت بەکوردی بنووسە ئەگەر نەتتوانی بە فارسی بینووسە . ئەگەر نێوەرۆکی چیرۆکەکە ، باش بێ وەری دەگێڕین و لەچاپی دەدەین

بۆکان : ئەبووبەکرخاڵندی

پێشنیارەکانت جوانن . خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا وەبەرچاویان دەگرین.نموونەی شیعرەکەت ناردووە ،زۆر لاوازە ئەگەر چیرۆک بنووسی باشترە .وەکی چەندجار رامان گەیاندووە ئەدەب تەنیا شیعر نیە بابەتێکی دیکەی ئەدەبی رەچاو بکە و لەو رێبازەدا کار بکە . سەرکەوتوو بی .

بۆکان : حەکیم فەیزی

براگیان گلەییت کردبوو کە شیعرەکانم بۆچاپ ناکەن هۆیەکەی ئەوەیە کەبەهۆی لاوازی شیاوی بڵاو کردنەوە نین . ئەدەبی کوردی هەرلە شیعردا نەبڕاوەتەوە دەتوانی بارەکانی دیکەی هونەر رەچاو بکەی و سەر کەوتوو بی .

شیعری ئەم جارەشت عەیبدارە لەباری وەزنەوە رێک نیە بەڵام بۆ ئەوەی بە راستی لێت مەعلووم بێ بڕوانە ئەم شیعرەی خۆت :


دەوەرە ئەی گوڵی هیوا
خۆت بنوێنە
رەونەقی بازاری دەرک
بشکێنە ! !

شیعری ئەم ئازیزانەشمان پێگەیشتووە . یا لە باری وەزن و قافیەوە کەم و کووڕییان هەیە ، یا لەباری نێوەروکەوە کزن . سپاسی هاوکاریان دەکەین و هیوادارین پێوەندی خۆیان لەگەڵ سروە گەرمتر بکەن و بە موتالای پتری شیعری شاعیران شیعری جوانترمان بۆ بنێرن .

عەبدولکەریم سرووش ـ رەحمان نەبی پووریان کەمال کەریمی ـ رەسووڵ قەڵاتەڕەش ـ عوسمان محەممەد دیاکۆ ـ عەزیزشێخی ـ سابیر ئیبراهیمی ـ ناسر ئەحمەدی عەزیز نوشیروانی ـ محەممەد ئیبراهیمخاسە ـ ئەسعەد ژیان ـ سەعیدعەبدوڵڵا مراد خان ـ فەتاح عەبدوڵڵا پوور ج.ر .تێنوو ـ قادر ئەحمەد بەگی ـ سیدخدرمیر سەیدی سەلاحەدین ـ محیەدین سالمی عومەر زیرەک ـ محەممەد یوسفی ـ لوقمان موتاعی عومەر کەریمی (غەریب) الف ، رزگار ـ کەریمعەبدی پوور ـ غەمبار مازگەیی سەید خالید حوسێنی مەحموود مەحموودی ـ سەید جەمال کەریمی ـ رەحیمخرپە ب .ا .شیروکی ـ م.ک . سەر شیوی ـ ئیبراهیم .ب ـ سەید ئەحمەددڵپڕ ـ ئەسعەد ژیان

سەرولاق

«رووتەڵە»



شەش ساڵ بوو ژنم هێنابوو بەڵام منداڵمان نەبوو وردەوردە دەهاتم پیربم ئەڵبەت ئەوەندەم ماڵ وسامان نەبووبە میرات بەجێ بمێنێ و خزم وکەس لە سەری تووشی هەڵلاء بگربن وئاکامەکەی تەقە لەقەبرم .ئیدی ناڵێم چۆن دەژیام وچەندم هەبوو تەنیا دەڵێم کارمەند بووم!

ئەوەی منی زۆر دڵگیر کردبوو نەبوونی منداڵ بوو وەختێک لەماڵی خزمو دوستان بانگ دەکراین ، پێم خۆش بوو منیش منداڵێکم بەباوەشەوە بێ، بەدارو دیواری ماڵ هەڵڕووسکێ. هەرچی بێ هەر منداڵ بێ جابا ئاورم لەسەر پشتی بکاتەوە!

پاش ملەوبەرەورووزۆران باسیان دەکردم .ئەوەش هێندەی دیکە نارەحەتی دەکردم .

نازانم لالانەوەی خێزانم بوو یا خۆزگە وبریای من پاش حەوت ساڵ چرای ماڵەکەم گرا .ماڵم تینی تێگەڕا .چاوم روون بووە .جحێڵ بوومەوە خواکچێکی دامێ .

هەر ئەوانەی تۆپ و تەشریان پێدا دەدامو لۆمەیان دەکردم پاش حدوتووی منداڵ وەک شلغەمێش دەورەیان دامو ویستیان ناوی بنێن. بریا هەموو رووداوەکەم لەبیر بایە تابزانن چم چێشتووە!

ناوی وایان دەدیتەوەهیچ قامووسێک نەیگرتبوودەستەیەک پیاوبەبیستنی زەندەقی دەچوو ، پۆلێک نەخۆشی و ئازاری وەبیر دێنامەوە دەستەیەکی دیکەبۆنی سیاسەتی لێدەهات .یانی هەرئەوشتە کە بەدرێژایی تەمەنم لێی تۆقیوم وبەتێتووی تفەنگیش ناوێرم تخوونی بکەوم ... بەڵام ئەوان بێکاروبێبار بوون وچێشتی ماڵی کارمەند زۆر وزەوەند کەس لە منی نەدەپرسی. جاری وابوونیوسەعات هاواری چۆڕە ئاوێکم دەکرد ئاخری ناچار دەبووم بۆخۆم هەستم .

ناونانی منداڵی بەستەزمان ببووە گرێ یەکی گەورە کەبە کەس نەدەکراوە من بەوەڕازی بووم زوو ناوی لێ بندرێ ولەم کێشەو هەرا " کۆنگرە " و" کۆنفرانس"ە رزگارم بێ بەڵام کەس ڕای کەسی نەدەسەلماندو هەرکەسە کاندیدای خۆی پێ لەوانی دیکە باشتر بوو .

پاش " کۆبوونەوە "و"شووڕا "ی چوار رۆژە" بڕیارنامە" دەرکراو بنی مۆرکرا و نێوکی بڕا ئەویش لە پوورەنازێ دەزانم .لەماوەی "رەسمی" بوونی جەلەسەدا متەقی لەبەرنەهات . لە ئاخریدا هەڵیدایە!

ئەمکچە ئەو ماڵەی رووناک کردۆتەوە . هیوا و هومێدی بە دایک وبابی داوە وتین وتاوی ئەم ماڵەیە جاکەوابوو ناوی بنێن " تروسکە " جلەسە کۆتایی پێهات ولێکرا گوتیان:

ـ بەدایک وباب گەورە بێ ناودێربێ. خودا برای بداتێ ئەم مەسەلە بەخێروخۆشی



دوایی هات بەڵام تروسکەی چارەڕەش ئەوەندە هەڵگێر وەرگێر کرابوو بڕای ببڕ مەمکی نەدەگرت . هەموو فێل وحیسابی قەدیمی لەسەر تاقی کراوە بەڵام مەمکی لێ بوو بەرمووزنە،هەرچی کردمان نەیگرت ونەیگرت .

" دێوکەم بوو لە دێوەڵانێ یەکی دیش هاتەسەر کەندەڵانێ" منی فەقیر لە نیوەی مانگەوە چاوم لە سەعات بوو ودەقیقەم دەبژارد ـ ن داخواکەنگێ هێلالی مانگی نوێ دەبینم ! ئەوجار " هەزینە"یەکی پێش بینی نەکراو و"بووجە"بۆدانەندراو هاتبووە ریزی خەرجەکانەوە دەبوو شیری وشکیش بکڕم .بەڵام مەگەر دەکرا منداڵی بەستەزمان لەبرسان بکووژم ناوی خوداو پێغەمبەرانم هێنا وبەرەو دەواخانە وەڕێ کەوتم . هەرکە گەیشتمە ئەوێ بەکابرام گوت :

ـ برالە قوتوویەکم شیری چاک بدەیە!

ئەویش بێ یەک و دوو قوتوویەکی شیر بۆ هێنام وێنەی منداڵێکی خەپەتۆڵەی لەسەربوو .

شیرم بۆتروسکە هێنا و گرتمانەوە . وەک برسی ساڵی گرانی هەر ئەوەندەبڵێی یەک ودوو هەڵی هاویشت ....

مانگێک ڕابرد . تروسکە دەهات وهەڵیدەدا . شیری وشک پەیماتی "گیرفان هەڵتەکاندنی" منی دابوو وتروسکەچاوی پشکووتبوو. ورده ورده وەبەچە بنیادەم دەچوو.

ئێوارەیەک خێزانم گوتی !

ـ هەستە برۆ شیری بۆبکڕە نەیماوە .

دیسان چوومە دەواخانە وداوای شیرمکرد. بەڵام ، نەبوو. ناعیلاج کەوتمە راوێژو تەکبیر . ئاکامەکەی بووبەمەکە جۆرە شیرێکی دیکەوەربگرم .

شیری تازەم هێناوە. بەڵام تروسکە وەک بەهەزاران فێر کرابێ "ئیعتیساب" ی کردوو دەمی لە شیر نەدا . ئەو شەوە

مردووی قەبرستان هەندران من نەهەندرام .هەرچی کردم نەمتوانی ئیعتیسابی غەزایی تروسکە بشکێنم وشیری دەرخوارد بدەم .

سەر لەنوێ شیرم گۆڕی یەکی دیکەم هێناوە . ئەوی پێ نەکەوت سەرت نەیەشێنم کارم بوو بە ئاڵ وگۆڕی شیری وشک . ناوی هەموویانم لەبەر بوو. خاسێتی هەموویانم دەزانی. نەخۆشی منداڵی دۆست وبرادەرانم بە بێی ئەوشیرە کە دەیانخوارد ، دەناسی.

هەرچۆنێک بوو نەمرنەژی تروسکەم تێر کرد، بەڵام رۆژێک ساغ وچواران نەخۆش. دوکتۆرو مونشی تروسکەیان دەناسی وهەرکە وەژوور، دەکەوتم دوکتۆر بێ ئەوە چاوی لێ بکا دەیگوت :

ـ شیرەکەی بۆ بگۆڕە .

جارێک پاش ئەوەکە تروسکە ٨ مانگە بوو برد مەلای دوکتۆرو پێم گوت :

ـ جەنابی دوکتۆرئەم کچە گیرفانی هەڵتەکاندووم بەڵام هەروائیشک وڕەقە هەرچەندی چاوم پێی دەکەوێ دەڵێی تڵتە گێزەرە ئاویان لێ گرتووە .

ـ شیرەکەی بگۆڕە .

ـ کوڕە شیری چی؟زگی تروسکە وەک " لوولەی ئازمایشگا "وایە هەر چەشنە شیرێکی لەسەر تاقیکراوەتەوە بەڵام بێ فایدەیە:

– عەرزم کردی شیرەکەی بگۆڕە!

– جەنابی دوکتۆر مەردی خودابە. دەرزی ودەرمان بەو هەرزانی یە. کوڕە هیچم بە جەرگەوە نەماوە چاری ئەم منداڵەم بۆبکە:

– ئەها دیتمەوە. خۆراکی بدەیە:

بە بیستنی ناوی خۆراک شاگەشکە بووم. بەلەزوبەز "تەجزیەوتەحلیل"م کردوو دیتم زۆر بە قازانجە. ئەوەی من وخێزانم تێر دەکا ئەویش بەو قایل بایە هیچم نەدەویست. دوکتۆر درێژەی بە قسەکانی دا وگوتی:

– بەڵێ دەبێ خۆراکی بدەیەی. سریلاک زۆرباشە.

دیسان ڕیس بۆوە خوری



بیستنی ناوی سریلاک هەموو مووی بەدەنم بوونە نەشتەر چون ئێستا لەشیرکڕپین نەبیووم و خۆراکیشی هاتە سەر. ئەم دەردەکە بەشیرەوە دیم بە خۆراکیشەوەدیم. یەک قەبزی دەکرد. یەک ڕەوانی دەکرد. یەک ئیشتیای نەدەبرد، یەک وەدەست نەدەکەوت ئاخروئاقیبەتی جاڕز بووم من رۆژ لە ئیدارە بووم و شەوانە "ئازار" و "ئەشکەنجە" دەستی پێدەکرد. بەڵام دایکی چارەڕەشی بەشەو بەرۆژ "شەڕی ڕەوانی" دەکرد. چەندی شەو و شەو نەخوونی کێشا! چەندی شەوزیندەداری کێشا. چەند جاری دەسرازەلێ شل وتوندکرد هەرخودا دەزانێ. بەدیتنی ئەودیمەنانەبوو کە دایکی کلۆڵم سەد هێندەی جاران لە بەر چاو شیرین وبەڕێز بوو. بە ڕاستی دایک چ دەکێشی؟

ئەوجار بەمەدەردوداخەوە چەندم دوعا کردبوو خودا! منداڵن بداتێ دوو ئەوەندە دەپاڕامەوە بیباتەوە. بەڵام دوعای ڕەشکاری لێ نەکرد و تروسکە هەرما.

مەسەلەی پێشنیان درۆنیە بەڕە هەر لەلای تەنکەوە دەدڕێ منداڵەکەشم دەیزانی من زۆرا تێرو پڕم ئیشتیا بۆ خۆراکی هەرزان بایی نەدەچوو. تەنیا یەکیانی پێدەکەوت، ئەویش پاش ماوەیەک لە دەواخانە قات بو و چووە پشتی شێران. ئەمجار مامەوە منی مافنگی و تروسکەی برسی!

نەمدەزانی چ بکەم؟ شەوێک تا بەری بەیان بیرم کردەوە بەڵام بێ ئاکام بوو تروسکە هەموو چەشنەهێرشێکی بەرپەرچ دەداوە وهەموو پیلانێکی لێ تێک دەدامەوە یانی خۆراکی خۆی نەبا نەیدەویست.

بەیانی یەکی سەحەری بە نیازی فرۆشتنی تەنیا کوتە زێڕی قامکم کە تاقانە یادگاری من وخێزانم بوو وەدەرکەوتم. بەڵام بۆم نەدەڕەخسا ئاڵقەی قامکم بفرۆشم... بەڕاستی لەخۆم رانەدەدی.

پاش نیوەرۆ برسی وماندوو بەرەومال بوومەوە. چاوم لە کەوشان کرد. جووتێک کەوشی زیادی لە پێشخانەبوو. وەژوور کەوتم دیتم پورە نازێ یە. بەخێرهاتنم کرد بەڵام لەبەرم

پاشماوەی تەنزی ...

هەلنەستا چون تروسکەی لێو بەبزەی ! لەسەر کۆش بوو، یانی چی؟... ئەومنداڵەبۆچی وابێدەنگ بووە؟ دیتم خۆراک. دەخوا ...کێ بۆی هێناوە؟ پوورەنازێ ! خۆپورەنازێ لەوانەنیە! ئەدی دەبێ چ باس بێ؟

– کورە ئەوە بۆواداماوی ماڵتە خۆگەمێت لێ نوقم نەبووە!

– پووری گیان نازانی چ دەچێژم؟

– هیچ نیەبابم هیچ نیە هومێدبەرمەدە. خوداگەورەیە منیش پێش پێی تۆهاتم. دیتم تروسکە دەگری، دایکی دەڵێ:

– ئەوە خۆراکی لێ براو،و سەرولاق وەگیر ناکەوێ.منێش وەبیرم هاتەوە زەمانی، مە چیان دەدا بە منداڵ.

– دەی... پوورە نازێ.... دەی بەقوربانت بم...بیلێ:

– کورم ئەگەر دەتەوێ منداڵەکەت زوو هەڵداو ئەوە بابۆڵەی باسکی بێ ئەلەوەی بدەیە:

– ئەوەچیە؟

– چۆن ئەوەسەرولاقی تۆیە. نالێن وەگیرناکەوێ یان ئاخر! ئیمانتان پێ نیە چون لە قوتوو دانیەو سەری نەبەستراوە؟

– نا ...نا ئەتۆپێم بلێ چۆنی سازدەکەی؟

– کورم نانی برژاو جوان بهارە. هێندێکی خاکەبەسەر وەربکەو چۆرێکی شیربەسەر هەلچۆڕێنە. دەبێتە سەرولاق هیچیشی ناوێ؟

– ماڵت ئاوەدان بێ دادەی !!!

بەم جۆرە پوورە نازێ جارێکی دیکەش لە فریام هات وکۆتایی بە شەڕ هێنا و لەنێوان گیرفانی من وزگی تروسکە " ئاتەش بەس "ی راگەیاند. وردە وردەهێمنی گەڕاوە ماڵ. جارێ وایە.بۆ داهاتووش خوداکەریمە!

پاشماوەی جوغرافیا ....

کە ١٣/٢ دەرەحەی سانتیگرادە زۆرترین دەرەحەی گەرما لە مانگی جۆزەردان دایە کە٤٣ + دەرەجە سانتیگرادە ،ساردترین جێگای شارگەلازە و گەرمترین جێگاشی نەلۆسە. ساڵێ پێنج مانگ زستانە و هەواکەی کوێستانی یە کە زستانی زۆر قورس و هاوینی فێنکە. رادەی بارین (میزان بارندگی) : مانگی رەشەمە بە٧٩/٠٦ میلی میتر بارانەوە پڕبارانترین مانگی ساڵە ومانگی خەرمانان بە ٢/٠٤ میلی میتر باران کەمبارانترین مانگی ساڵە مام ناوەندی رادەی بارین لە ساڵێ دا ٣٠٨/٩ میلی میترە و بە چەشنی موتلەق ٥٠٥/٥ میلی میترە.

زۆربەی شە (رتووبەت)ی سالانە لە مانگی سەرماوەز و



رێبەندان دایە کە رادەی شە (رتووبەتی) دەگاتە ٨٠% و کەمترینیان لە مانگی گەلاوێژ دایە کە ٤٧% ودەرەجەی شە لە ساڵ دا ٢/٥ لە سەدە.

پێویستە بگوترێ کە مام ناوەندی شەی سالانە مامناوەندی حەوت ساڵەیە و ئەوانی دیکە هەموویان مامناوەندی پێنج ساڵەی ئاوو هەوان.

درێژەی هەیە

پەندی پێشینیان



دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.

لەقەدەر بەرە پێ راکێشە.

ئەوەی لە شەڕ نەبێ شیری تیژە.

سوار تا نەپەڕێ نابێتە سوار.

ترسەنۆک دوو جار دەمرێ ئازا جارێک.

کێو وەکێو ناکەوێ ئادەمی وە ئادەمی دەکەوێ.

هەموو هەورێک بارانی پێوە نیە.

کەچەڵ ئەگەر دەرمانکەر با دەرمانی سەری خۆی دەکرد.

کوڕ تیرئەنگێو بێ با چاوی بابی دەرێنێ.

نان ئەونانە ئەوڕۆ لە خوانە.

تا ماڵ بیەوێ لەمزگەوتێ حەرامە.

پشیلە دەمی نەدەگەیشتە گۆشتی دەیگوت سوێرە.

کشە کشە، پۆپە رەشە میوان رۆژێک ودوان خۆشە

سەگ سەگی نابڕێ.

هێلکەش ناکا و راوکەش دەخواتەوە.

ئەگەر هێلکەش ناکا راوکەش ناخواتەوە.

ماڵ لە چاڵدا سێحەب لە باڵدا.

کوێر هەتا دەمرێ بەهیوای چاوە.

گاوان هەتا دانیشێ گاڕانپتر دوور دەکەوێتەوە.

خودا کێوان دەبینێ بەفریان داوێتێ.

دەست ئەگەر شکا خواری دەگرێتەوە.

بۆ دەسرەیەک قەیسەری یەک مەسووتێنە.

نە باخەوان کوڕی لەبیر دەچێ نە مار کلک.

دار هۆرەی لەخۆی نەبێ ناقەڵشێ.

هەرکەس بکا بێگانەپەرستی عاقیبەت دێنێ شکستی بەرەی خەڵکی ئاخری دەبێ هەستی لەسەری.

بەقەت بەڕەی خۆت پێ راکێشە.

تێکوشین بەتەمای جیرانی ویشکە.

زاری بە شیری سووتاوە، فوو لە دۆی دەکا.

هەرچی لەئاشی بووئاشەوان نیە.

نان بخۆ بەلام نان دێن مەدڕە.

شتیکی فێربوی بە شیری تەرکی ناکەی بە پیری

دەریا بەجێ دەمی سەگ پیس نابێ.



تاجرێکی لەچەر گازی کابرایکی کردوگوتی:

- وەرەبرا ئەو سەندووقە شووشەم بۆبەرەحوجرە بەڵام لەباتی پووڵ سێ نسحەتی باشت دەکەم. کابرا سەندووقی لەسەرپشتی داناورا وستا.

تاجرگوتی: یەکەم ئەوەکە هەرکەس گوتی برسی لەتێر ئازاترە بڕوا مەکە.

دووەم: هەرکەس گوتی پیادەلەسوارچوستترەباوەڕ، مەکە.

سێهەم: هەرکەس گوتی ئەو سەندووقە بێ پووڵ هەڵدەگری باوەڕمەکە.

کابراش سەندووقەکەی بەعەرزدا داوگوتی:

هەرکەس گوتی یەکی ساغی تێدا ماوە باوەڕمەکە.

چاوێشه دیاری

.رۆژێکحەسەن نادری ڕەحمەتی قسەخۆشی مەهابادی گوتی:

جارێک لەگەڵ دۆستان قەرارمان دانا بەسەرماڵی دۆستێک دادەین. ئەویش زۆر دەستکورت ونەداربوو.

شەوێک هەستایین چووین بەخێرهاتنێکی حیسابی کردین وسەروچای لەپێشدانایین و وەدەرکەوت.

پاشماوەیەک گەڕاوە وبۆ هەموان نان وکەبابی کڕیبوو ئێمە شبەرجی ئەوە زۆرمان زگ پێی سووتا، سەریشمان سووڕمابوو. لەبەرەخۆمانەوە گوتمان:قەیدی ناکا شەوێکی دیکە دێین وبەدەستی پڕ میوانی دەبین.

پاشنان وچاهەستایین وەدەر کەوتین.ماڵ ئاوایمان خواست بەڵام کەوشەکەنمان دیارنەبوو. ڕوومان لەودۆستە کردو گوتمان کواکەوشرا!؟

گوتی:بەسەری تۆخواردتان

پاشهەوڵ وپارانەوەیەکی زۆر پێی گوتین چی لەکەوشەکان کردووە .چووبووکەوشەکانی لای حەمەعەلی کەبابچی، دانابوو، لەباتی هەرجووتە کەوشێک نانێک ودوو کەبابی وەرگرتبوو .ئێمە بەپێخواسی چووین وهەرکەسە پوولی نان وکەبابی خۆمان داو کەوشەکانمان وەرگرتەوە.

نەخوشدەچێتە لای دوکتۆر ودەڵێ.

ـ قوربان زگم دێشێ

ـ بۆ؟

ـ نانی سووتاوم خواردووە دوکتۆر دەرمانی چاوئێشەی بۆدەنووسێ

ـ قوربان عەرزمکردی زگم دێشێ ئەوە دەرمانیچاوئێشەیە

ـ ئەگەر چاوئێشەت نەبا نانی سووتاوت نەدەخوارد



ڕەئیس:ئیوەبۆ دەرنگ هاتوونەوە.

حەسەن: قوربان لەخەو مابووم .لەخەونمدا بەقەتار سەفەرم دەکرد

ڕەئیس:باشەئەتۆبۆدەرنگ هاتوویەوە

حوسێن: قوربان منیش چووبووم حەسەن بەڕێ بکەم ئاخر هاوکارەودەچێتەسەفەر.



ـ دەمەوێ خێزانم تەڵاق بدەم؟

ـ بۆ؟ چ بووە؟

ـ کوڕە چووزانم ،مانگ و نیوێکە قسەم لەگەڵ ناکا.

کوڕە ماڵ وێران، نەکەی تەڵاقی بدەی ،ژنی واهەروەگیر ناکەوێ




ڕۆژێکمامۆستای فێرگە دەرسی ئینساندۆستی فێری قوتابی دەکرد. ڕووی تێکردن وگوتی:

ـ کوڕینە! ئەگەر من نەخوشبکەوم ئێوە چ دەکەن؟


ـ هیچ !نایەینەوە مەدەرسە

جەدوەل



تێبینی : لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە ڕەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (٧) دانەنراوە . واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، گوڵ، زۆڕ، شێر و . .) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، گول، زور ، شیر و . .) دەنووسرێ

١ ٢ ٣ ۴ ۵ ۶ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢ ١٣ ١۴ ١۵



١ ٢ ٣ ۴ ۵ ۶ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢ ١٣ ١۴ ١۵

١ـ نووسەری بەناوبانگی کوردکە کتێبی "دوو مەسەلەکە" و "کوردو کوردستان"ی نووسیوە ـ دوو دڵـــی و دڕدۆنگی ٢ـ ئامرازی تەعەجوب ـــ بنۆ س و هەگەر ـ پەڕیوە وبێ ماڵ و حاڵ ـ ژیر و زیرک ٣ـ مانگێکی رۆمی ـ تاوتێ ـ واش هەر زگە ۴ـ خۆشـــی و ئاوات ـ کەلاش بۆخۆی بکا تای نابێ ناوی پیتێکی ئەلف وبێ ۵ـ دنەداوە موویە وتامی کەکرە ـ فەرش وبـەڕە و لاکێش و جەواڵ و . . . پێدەکرێ ـ کەوشـــی یەکسم ۶ـ زار و دەف ـ ئەمەش لەقەند دەگیرێ ـ زمانی خەڵکی ئەفغانستان ـ ٧ـ یارمەتی ـ کاس وگێژ ـ خۆر ٨ـ لـە ئاودا نوقم بووە ـ ئەز ـ کەوە بەڵام ناخوێنێ ٩ـ خاوەنی کتێبی " ئیلیاد " و " ئۆدیسە " ـ بانی وەتاغ لەژوورەوە ١٠ـ شە ـ لێ وەشاوەیی ـ لەقەبـــی شاعیرێکی بەناوبانگی کورد کە ناوی ئەحمەدە و لە شیعرگوتندا ڕێــڕەوی فەقێ تەیرانە ١١ـ بەشێک لە گۆرانی ـ زۆرخۆر وادەبێ ـ گزینگ و تیرێژ ١٢ـ بەندی مۆرەی پشت ـ شارێکی نێوان کرماشان و هەورامان ـ حەرفی ئیزافە ١٣ـ شاعیری "تریفەی هەڵبەست" ـ "دەشتی پڕ پیتی نەغەدە" ١۴ـ کەل وپەل ـ نەوعە سزایەک ـ شتێکـــی لیچق بێ ١۵ـ شارێکی کوردستانە و بە "سووتاو" و "وێران" ناوبانگی دەرکردووە ـــ قانگە لاشک و هەژگەڵ .

١ـ شاعیری هێژاوو مەزنی کورد کە لە لەهجەی شیمالی شیعری گوتووە ،لەشوێنەوارەکانی ئەم شاعیرە " نەوبەهار " ، " عەقیدا کوردی" ، " یـۆســـف و زولەیخایە" و . . . ـ رتووبەت ٢ـ مەڵبەندێکی پان و بەرین و خۆش ئاوو هەوای کوردستانی جەنووب ـ دژی خاو ٣ـ بەمانای تەرازوویە و بورجێکی فەلەکی یە ـ قەفەس وقەوەز ـــ میوەیەکە ۴ـ ژمارەیەکی بەراوەژوو ـ ڕەشکە ـ تکا و پاڕانەوە ۵ـ شمشاڵ وبلوێر ـــ وڵاتێکی ئەمریکایی یە ، زمانی ئیسپانیایی یە وپێتە ختەکەی "سن دمنینـــگ"ە ۶ـ وەرزیشگایەکی قەدیمی یە ـ بیرەوەری ـ ئی ئازایان بەرزە ٧ـ نیوە پەلە ـ مـــرخ و ئیستعداد ٨ـ لە وێرانە دەخوێنێ ـ بەرامە ـ زینەتی پرۆ ـ ٩ـ دوو جــار بیتێـک ـــ مەقالە ـ باوەڕو ئیعتیماد ١٠ـ هەڵکەوتە و زانا ـ چۆمی گەورە ـ خۆش وبەجێ ١١ ـــ گۆچ ـ دایک منداڵ وا گاس دەکا ـ ١٢ـ دیلان و هەڵپەرکێ ـ ئاخاوتنی دوو کــەس ١٣ ـ ئیلیکی کورد نیشتەجێی تورکیا ـ ناوەندی ئوستانی کوردستان ١۴ـ ناوی پێغەمبەرێکە (د.خ) ـ شنەبای فێنک و بلاوێنی بەهار ـ توند نیە ١۵ـ بەیتێکی فۆلکلۆری کوردی یە و شینی جووتە خوشکانە بۆ جووتە برایان . . .

لەنێو ئەو کەسانەیدا کە پڕکراوەی ئەم ژمارەی سروەمان بۆ بنێرن، یەک کەس بەپێی پشک بەبەرەندە دەناسرێ . بەمەرجێک ئەم خاڵانەی خواروو لەبەر چاو بگرێ :

١ـ جەدوەلەکە بە خەتێکی خۆش بنووسری وابێ پیتەکان بێنەخوێندنەوە .

٢ـ ئەسڵی جەدوەلەکەمان بۆ بنێرێ لە کاغەزی دیکەدا بەشداری نادرێ .


٣ـ لانی زۆر پازدە ڕۆژ پاش دەرچوونی گۆوار پڕکراوەی جەدوەلەکەی ناردبێ .

۴ـ پڕکراوەی جەدوەلەکە هەڵەی تێدا نەبێ .

جایزەی پڕکردنەوەی جەدوەل ساڵێک ئابوونمانی گۆواری سروەیە

شمشاڵ

ح. ڕەشیدی زەرزا



شمشاڵێک بووم بەڕێز و ناز
لەگەڵ شوان و بێری هاوڕاز
شوانە پەنجەی لێ دەبزاوتم
بیری بێری پێ دەنگاوتم
بەلام سووڕا ،گەردون گەڕی
شوانەی منیش شەرتی پەڕی
رووی خۆشی وگەشیم لێ تارا
لێم نەدیو بوو بووک و تارا
نوقمم لەنێو گەرداڵێ تۆز
تان وپۆم لێ بووە ئالۆز
کەوتووم لە سووچی هەرزاڵێ
کەس هەوایەکم پێ نالێ
هاوار لە داری دنیایە
هاوارێکم لەبەر نایە

ئەتۆ بەشقی خودای شوانە
تێرا مێنە لەم زۆزانە
چیمەن و مێرگ و گولزاری
کەند و لەند و بەرپەساری
قەلپەزەی ئاو لەئاوەهەڵدێر
کانی و ئاوی بەخێرو بێر
زەوی سەرانسەر خەملاوە
دونیا خۆی لە گوڵێ داوە
هەور گشت گەواڵ گەواڵن
بە تەشقی ئاسماندا زاڵن
زەوی جلکی نوێی پۆشیوە
گوڵ عەتری رووی دابەشیوە
وا تێک چڕژاوە گیا و گوڵ
لێک ناکرێتەوە شێوو دۆڵ
هەڵپەرکێ و زەنا زەنایە
گۆوەندە ، بەزمە ، هەڵلایە

دنیا بە شنە دەشنێتەوە
تۆش منت وەبیر بێتەوە
هەڵم گرە تێمتووڕێنە
دیلانم پێ هەڵسووڕێنە
بۆ سەیرانی دیمەنی جوان
هەستی خەوتووم بێنێتە ژوان
کەپر وهۆبە و چیغ و چادر
ئاڵی گۆنا ، رەنگی ئاگر
وەجۆش و خرۆشم بێنن
رازی دڵم بدرکێنن
کاکە شوانە لەمنت کەوێ
هەر سووکە ئاورێکم دەوێ
تاکەی لێم داخرێ دەروو
ببەسترێن زار و گەروو
ئاخر من وبێ ئاودەنگی ؟
وەرزی بەهار ودڵتەنگی ؟
بەسە دەردم زۆر چێشتووە
فرمێسکی ئاڵم رشتووە
رابردووی تۆ و شەنگەبێری
چەندین ترشی و تاڵی وسوێری
تۆماری نێو دڵی منە
بەو ئێشە جەرگم کون کونە
تاکەی بێدەنگی رەچاو کەم
تێمتووڕێنە دڵ پاراو کەم
ئەوەی دەنگی لەبەر نایە
دیلی دەستی رەشەبایە
بمبەوە ئەو چڕ و لێرە
قامکم بەسەردا بگێرە
بەوەی نیە بەژەنگارم
وەک پێشوو دڵ بریندارم
هەر شمشاڵەکەی جارانم
خەمڕەوێنی دلدارانم

ئەم شیعرە ناڵەی کۆنە شمشاڵێکە کە زستان لە سووچی هەرزاڵ ماوەتەوە وئێستا وەختی بژوێنی وڵاتداوا لە شوانەکەی دەکا لەبەر پشتێندی رابکاتەوە و گەڕی دیلان و گۆوەندی پێ بگێڕێ .


فرفه قره قا